

# ڕێسای ئاسان

## بۆ خوێندنەوەی قورئان

بوشرا ئەحمەد
ڕەیان عبدالرحمن

بسم الله الرحمن الرحيم

# ڕێسای ئاسان

# ڕێسای ئاسان

## بۆ خوێندنەوەی قورئان

بۆ پۆلی:

**یەکەمی ئامادەیی ئامەد**

نوسینی

**بوشرا ئەحمەد و ڕەییان عبدالرحمن**

# ڕێسای ئاسان

نوسینـــــــــــی: بوشرا ئەحمـــەد
ڕەییان عبدالرحمن

بـــــۆ پـــــۆلی: یەکەمی ئامـــەد

نەخشەســـــازی: ئـیـــســـلامڕەو

ساڵـــــــــــی: 1438ک-2017ز

لە بڵاوکراوەکانی

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنْتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجَالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّارِ.

# پێشەکی

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ الصَّلاةُ وَ السَّلامُ عَلَى رَسُولِه الاَمِيْنِ، مُحَمَّد وَعلَى آلِهِ وَ صَحبِه أَجْمَعِين.

ئەو دوو خوشکە بەڕێزەمان خاتوو بوشرا ئەحمەد کە الحمد لله هەموو قورئانی لەبەرەو مامۆستای تەجویدەو خاتوو ڕەییان عبدالرحمان، کە هەم خوێندکارەو هەم مامۆستاو نوسەر، (هەم دایکی سێ شێرزادەشە) ماوەیەکە هەر دووکیان لە وولاتی سوید دەژین، ئەم بەرهەمەیان لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا نووسی، کە بۆیان ناردم بۆ ئۆسلۆ تا پێیدا بچمەوە، بە ڕاستی چاوم پێی روون بۆوە، هیممەتێکی باشیان دایە بەر منیش، کە لە هەفتەیەکدا پێیدا بچمەوە تا وەکو کۆرپەی خۆیان زووتر چاویان بە ساغ و سەلامەتی و لەدایکبوونی خۆش ببێت!

نوسینەکەیان الحمد لله لە ئاستێکدایە کە هەموومان دڵی پێ خۆش کەین، زۆر جێی خۆی بوو کە زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی بڕیاری خوێندنی ئەم کتێبەی لە قۆناغەکانی ئامادەیی خۆیدا دا، چونکە تا ئێستا -ئەوەندەی من بزانم- کتێبی وا گشتگیرو ووردەکارتر لەسەر تەجوید بە کوردی نەنوسراوە.. بۆیە پێم وایە هەموو مامۆستاو فێرخوازێکی قورئان و خوێندنەوەی پێویستیان پێیەتی..

دەست خۆشیەکی گەرم لەو دوو خوشکە بەڕێزەمان دەکەین و چاوەڕوانی بەرهەمی تریشیانین، داواکارین خوای پەروەردگار هەموو ڕەنجەکانیان بخاتە تەرازووی چاکەکانیانەوەو پاداشتی بەخێریان بداتەوە و ئێمەش و ئێوەش لەو پاداشتە مەحرووم نەکات.. ئامین.

کرێکار / ئۆسلۆ
١٤٢٧/٣/٣ك-٢٠٠٦/٤/٢ز

# زانستی تەجوید

## پێشەکی یەك لەسەرزانستی تەجوید

پرسیار: تەجوید چی یە؟

وەڵام: لە ڕووی زمانەوانیەوە: ڕاست و دروست خوێنەوەی قورئان.

لە ڕووی زاراوەییەوە: پێدانی حەق و سیفەتی پیتەكان (حەق پێدانیان بەوەیە كە لە دەرچەی خۆیانەوە دەرچن، سیفەت پێددانیشیان وەك: بە چرپە ووتن و ئاشكرایی (همس و جهر) و هەروەها پێدانی (موستەحەقاتی پیتەكە ئەویش ئەو سیفاتانەیە كە بەهۆی بەیەك گەیشتنی دوو پیتەوە لەناو ووشەكان دا دروست دەبن وەك (ئاشكراكردن، درێژكردنەوە (مەدد) ناسك كردنەوە (الترقیق)و ڕێساكانی تری تەجوید.

پرسیار: حوكی شەرعی تەجوید چی یە؟

وەڵام: فێربوونی زانستی تەجوید فەرزی كیفایەیە و كار پێكردنی لەسەر هەموو موسوڵمانێكی نێرومێ فەرزە كاری پێ بكات، كەوابوو فێربوونی ڕێساكانی تەجوید لەسەر هەموو مسوڵمانێك واجب نیە كە وەك مامۆستاكان بیزانێ، بەڵام كاركردن بەو ڕێسایانە و بە تەجوید خوێندنەوەی قورئان لەسەر هەموو مسوڵمانێك فەرزە، چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا) سورەتی المزمل/٤ واتە: قورئان بەجوانی و لەسەر خۆ بخوێننەوە.

پرسیار: بابەتی زانستی تەجوید چی یە؟

وەڵام: ووشەكانی قورئانی پیرۆزە.

پرسیار: بەرهەمی فێربوونی زانستی تەجوید چی یە؟

وەڵام: بەرهەمەكەی پاراستنی زمانە لە هەڵەكردن لە ووشەكانی قورئانی پیرۆزدا.

پرسیار: كێ ئەم زانستی تەجویدەی داناوە؟

وەڵام: پێشەوایانی تیلاوەت دایانناوە.

پرسیار: ئەم زانستە لە كوێ وە هاتووە؟

وەڵام: لە قورئانی پیرۆزەوە هاتووە، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: (وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا) المزمل/٤ واتە: قورئان بەجوانی و لەسەر خۆ بخوێننەوە، خوێندنەوەی قورئانیش هەر بە پێی سوننەتی پێغەمبەر بووە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، پاشان لە چۆنیەتی خوێندنەوەی یاوەران و تابعین و دواتریش، وە هەروەها لە پێشەوایانی تیلاوەت بەم شێوەیە پێمان گەیشتوە.[1]

پرسیار: مەبەست لەم زانستە چی یە؟

وەڵام: بەدەست هێنانی خۆشی هەردوو دونیا.

پرسیار: پلە و پایەی ئەم زانستە چی یە؟

وەڵام: بڵندترین و بەڕێزترینی هەموو زانستەکانە، چونکە پەیوەندی بە بڵندترین و بەڕێزترین کتێبەوە هەیە کە قورئانی پیرۆزە.

ئیمامی جەزەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە (مەتنی جەزەری) دا فەرموویەتی:

و والأَخْذُ بالتَّجْوِيدِ حَتْمٌ لازِمُ ... مَنْ لَّمْ يُصَحِّحِ القُرانَ آثِمُ
لأَنَّهُ بِهِ الإِلَهُ أَنزَلا ... وهكَذَا مِنْهُ إِلَيْنَا وَصَلا
وهُـوَ أيضاً حِلْيَةُ التِّلاوةِ ... وَزِينَةُ الأَداءِ والقِراءَةِ
وَهُوَ إِعْطاءُ الحُروفِ حَقَّها ... مِنْ كُلِّ صِفَةٍ ومُسْتَحَقَّهَا
وَرَدُّ كُلِّ وَاحِدٍ لأَصْلِهِ ... واللَّفْظُ فِي نَظِيرِهِ كَمِثْلِهِ
مُكَمَّلاً مِنْ غَيْرِ ما تَكَلُّفِ ... باللُّطْفِ فِي النُّطْقِ بِلا تَعَسُّفِ
ولَيْسَ بينَهُ وبينَ تَرْكِهِ ... إلاَّ رِياضَةُ امرِئٍ بفَكِّهِ

[1] بڕوانە کتێبی (هداية القاريء/ المرصفى لاپەڕە/٣٩).

## ئادابی خوێندنەوەی قورئان

خوێنەری قورئانی پیرۆز چەند ئادابێکی هەیە،کە پێویستە لە کاتی خوێندنەوەی قورئان دا پەیڕەوی بکات، هەر وەك چۆن پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی ڕاگەیاندوین کە ئەمە فەرمایشتی خوای گەورەیە، وەك چۆن فەرموویەتی: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).[1] واتە: چاکترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێربووەو کەسانی تریش فێر دەکات.

پێویستە هەموو شتێکی قورئان خوێن تەواو پاك بێت (الطهارة) جل و بەرگی خاوێن بێ، بۆن خۆش بێ، سیواکی کردبێ، بە ملکەچیەوە بیخوێنێت، واتە خشوعی هەبێت، دوور بێ لە خۆ بە زلزانی. گەورەی پەروەردگار بهێنێتە پێش چاوی خۆی، بیر لە مانای ئایەتەکان بکاتەوە، تا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئایەتەکان و ئەو ئەحکامانەی کە تێیدایەتی، لەکاتی گەیشتن بەو ئایەتانەی کە باسی بەهەشت و نیعمەتەکانی خوای گەورە دەکات سەری بڵند بکاتەوە و دڵ خۆش ببێت و ئومێدی ئەوەی هەبێت کە ئەمیش لەو کەسانە بێت کە بەر ئەم ناز و نیعمەتەی خوای گەورە دەکەون، و لە کاتی گەیشتن بە ئایەتەکانی سزاو ئازار و باسی دۆزەخ، ترس و بیمی سزای خوای گەورەی بە دڵدا بێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)الانفال/٢ واتە: بێگومان ئیمانداران تەنها ئەوانەن کە هەر کاتێ ناوی خوا برا دڵیان دادەچڵەکێت و ڕادەپەڕن هەرکاتێك ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە ئیمانیان زیاد دەکات و دامەزراوتر دەبێت، و هەموو پشتێکیان هەر بە پەروەردگاریان دەبەستن.

هەروەها پێویستە لەسەر قورئان خوێن نموونەی ئەدەب و ڕەوشتی جوان و ڕێز بێت، قورئان بە دەنگێکی خۆش و شێوازی ڕاست و دروست بخوێنێتەوە، بەپێی توانا هەوڵ بدات پارێزگاری لە مافی پیتەکان بکات ئەو ئەحکامانەی کە دەیزانێت ڕەچاویان کات، وەك دەرچەکان و مەددەکان و مینگە و ئەوای تر.

---

[1] رواه/البخاري (باب فظائل القران (ب/٩،لا١٠٠).

داواکار بێ لە خوای گەورە ئەو قورئان خوێندنەی لێ قبوڵ بکات، و ڕەزامەندی خوای گەورەو بەهەشتەکەی بەدەست بهێنێت. لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەویش لە ئەبو موساوە خوا لێیان ڕازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموووی: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ الْأُتْرُجَّةِ رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا طَيِّبٌ وَمَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ التَّمْرَةِ).[1] واتە: ئەو ئیمانداراەی کە قورئان دەخوێنێتەوە و کاری پێ دەکات وەك نارنجە، تامی خۆشە و بۆنیشی خۆشە، ئەو ئیمانداراەی کە قورئان ناخوێنێت بەڵام کاری پێ دەکات وەك خورما وایە تامی خۆشە بەڵام بۆنی نیە.

---

[1] رواه البخاري (باب فضائل القرآن (ب/٩ لا/١٠٠).

# هەڵەکانی خوێندنەوە

## پێناسەو جۆرو حوکمەکانیان

پرسیار: هەڵەی تیلاوەت چی یە؟

وەڵام: هەڵە کردنە لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزو لادانە لە ڕاست خوێندنەوەی.

پرسیار: ئایا جۆری هەیە؟

وەڵام: بەڵێ، دوو جۆری هەیە: هەڵەی دیارو ئاشکرا، هەڵەی شاراوە.

پرسیار: هەڵەی دیارو ئاشکرا چی یە؟

وەڵام: هەڵەی دیارو ئاشکرا بریتییە: لەو هەڵەیەیەی کە بەسەر ووشەدا هێنراوەو تێکی داوە، ئیتر مانای ووشە بگۆڕێ یان نا، ئەم جۆرە هەڵەیە زانایانی تیلاوەت و کەسانی تریش زوو درکی پێ دەکەن، وەك گۆڕینی پیتێك بە پیتێکی تر یان گۆڕینی سەرو بۆری پیتەکان وەك: گۆڕینی پیتی (الطاء) بە (دال) ئەویش بە هۆی وازهێنان لە سیفەتی جووت کردن و بڵندبوونەوە (الاطباق والاستعلاء) یان بکرێتە تاء، لەگەڵ پێدانی سیفەتی چرپە، یان وەك گۆڕینی بۆر بە سەر (زەممە بۆ فەتحە) وەك لە ووشەی (الحمدُ) ئەم جۆرە هەڵەیە، ئەگەر قورئان خوێن ئەنجامی بدات، پێی تاوان بار دەبێت.

پرسیار: هەڵەی شاراوە چی یە؟

وەڵام: هەڵەی شاراوە ئەو هەڵەیە کە بەسەر ووشەدا دەهێنرێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێساکانی تەجوید، بێ ئەوەی مانای ووشەکە بگۆڕێت، ئەمەش بە وازهێنان لە مینگە و کورت کردنەوەی مەددو درێژکردنی ئەو پیتانەی مەدد کە کورتن، هەروەها لە باقی ڕێساکانی تری تەجویددا، هەڵەی شاراوە لەلای زانایانی قورئان خوێندن، مەکروهە، چونکە دەبێتە هۆی تێکدانی ڕووخسارو جوانی و بەهای خوێندنەوەکە.

هەندێك لە زانایان فەرموویانە: ئەم جۆرە هەڵەیە حەرامە، چونکە دەبێتە هۆی وون بوونی حەق و مستەحەقاتی پیتەکان و نەمانی ئەو جۆرە خوێندنەوەی

کە خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانی پێ کردوین: (وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا) المزمل/٤ واتە: قورئان بەجوانی و لەسەر خۆ بخوێنەوە.

عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێی ڕازی بێت، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: یەعنی خوێندنەوەی پیتەکان بە تەجویدەوەو زانینی ڕێساکانی دەستپێکردن و ڕاوەستان.

کەوابوو پێویستە قورئان خوێن بۆ ئەوەی پاداشتی خوای گەورە بەدەست بهێنیت لە هەردوو جۆرە هەڵەکە ئاگادار بێت: هەڵەی دیارو ئاشکراو هەڵەی نهێنی و شاراوە.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

وَاللَّحنُ قِسمانِ جَليٌّ وخَفِي ... كُلٌّ حرامٌ مَعْ خِلافٍ في الخَفِي
أمَّا الجَلِيْ فَخَطَأٌ في المَبْنَى ... خَلَّ بهِ أو لا يَخِلُّ المعْنَى
أمَّا الخَفِي فَخطأٌ في العُرفِ ... من غيرِ إخلالٍ كَتَرْكِ الوَصْفِ
لا يَعرِفُ الخفِيْ سِوى المُجَوِّدِ ... ويَعْرِفُ الجَلِيَّ كُلُ واحِدِ
صِيانةُ اللَفْظِ عَنِ الجَلِيِّ ... يدْعُونَه بالواجِبِ الشرعِيِّ
وصَوْنُهُ عن الخَفِيْ المُشاعِ ... يَدْعُوْنَهُ بالواجبِ الصِّناعِيْ
وَقِيلَ إنَّ الواجبَ الشرْعِيَّا ... ما فيهِ إجمَاعُهُم سَوِيَّا
والواجبُ الثاني أَيِ الصناعِيْ ... علَى ثلاثةٍ مِنَ الأَنواعِ
تَعليمُ مَنْ بطَبْعِهِ يُجيدُ ... قِراءةً أوْ شأنُهُ التقليدُ
أوْ كانَ مِنْ حُكمِ الوُقوفِ يُدْرَى ... أوْ مِنْ مَسائلِ اختلافِ القُرَّا

# پایەکانی زانستی تەجوید

پرسیار: چەند پایەی زانستی تەجوید هەیە؟

وەڵام: چوار پایەی زانستی تەجوید هەیە ئەوانیش:

١- زانینی دەرچەی پیتەکان.

٢- زانینی سیفاتی پیتەکان.

٣- ڕاهێنانی زمان و زۆر دووبارەکردنەوە.

٤- وەرگرتن لە دەمی مامۆستایانەوە.

## پلەکانی خوێندنەوەی قورئان

پرسیار: ئایا تیلاوەتی قورئان چەند شێوازی هەیە؟

وەڵام: قورئان خوێندنەوە سێ شێوەیە: (الترتیل، الحدر، التدویر).

ئێستاش بە وردی باسی هەر یەکێك لەم جۆرانە دەکەین:

**یەکەم: شێوەی لەسەرخۆ (تەرتیل):** بریتییە لە خوێندنەوەی قورئان بە دڵنیاییەوە و بە لەسەر خۆی لەگەڵ بیرکردنەوە لە واتای ئایەتەکان، وەدەرهێنانی هەموو پیتێك لە دەرچەی خۆیەوە، لە پێدانی حەق و مستەحەقەکەی، بە بێ پەلە کردن کە ببێتە هۆی تێکدانی یاساکانی تەجوید، وە تەرتیل باشترین خوێندنەوەیە، لەبەر ئەوەی قورئانیش هەر بەو شێوەیە دابەزیوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:(وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا) الفرقان/٣٢ واتە: ئەم قورئانەمان هێدی و یەك بە دوای یەکدا دابەزاندووە..

**دووەم: شێوازی خێرا (حەدر):** خێرا خوێندنەوەی قورئانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێساکانی تەجوید لە ئاشکراکردن و تێکهەڵکێش کردن و کورت کردنەوە و مەددد و وەستان و پێکەوەلکان و ڕێساکانی تری تەجوید.

**سێیەم: شێوازی تەدویر (مام ناوەندی):** بریتییە لە خوێندنەوەی قورئان بە پلەیەکی مام ناوەندیانەی نێوان تەرتیل و حەدر.

بەڵام تەحقیق،هەندێك لە زانایان فەرموویانە ئەمیش شێوازی چوارەمی خوێندنەوەیە کە بریتییە لە پێدانی حەق و مستەحەقی پیتەکان، لە تەواو

درێژکردنەوەی مەددەکان، وە دەرخستنی پیتەکان و سەرو بۆریان (حرکات) و مینگەو جیاکردنەوەی پیتەکان لە یەکتری و لەسەر خۆ خوێندنەوە، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بە تایبەتی لە کاتی فێرکردنی تەجویددا کاری پێ دەکرێت.

عائیشە خوا لێ ی ڕازی بێت فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (الْمَاهِرُ بِالْقُرْآنِ مَعَ السَّفَرَةِ الْكِرَامِ الْبَرَرَةِ وَالَّذِي يَقْرَؤُهُ يَتَتَعْتَعُ فِيهِ وَهُوَ عَلَيْهِ شَاقٌّ لَهُ أَجْرَانِ اثْنَانِ).[1]واتە: ئەو کەسەی کە ڕاست و دروست، شارەزایانە قورئان دەخوێنێت لەگەڵ فریشتە بەڕێزەکاندایە، ئەوکەسەی بە حونجە دەیخوێنێت و بەسەر ووشەو ڕستەکانیدا دێتەوە ئەوی زۆر دووبارەی دەکاتەوە و دەمی تێیدا تەتەڵە دەکات) دوو پاداشتی هەیە.

فێرخواز لای مامۆستایەکی تایبەتدمەند فێری ئەمانە دەبێت، ئینجا فێر دەبێت لەکاتی خوێندنەوەو فێر کردنیدا چۆن کاری پێ دەکات، ئەمەش لە فێربوون و وەرگرتن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزدا شێوە حەرەکەت وەك نەریتی قورئانەوانی لێ هاتووە..

[1] متفق علیه.

# کورتەیەك لەسەر دە قورئان خوێنەکە

## (القراء العشره)

پێش ئەوەی باسی دە زانا قورئان خوێنەکان بکەین، پێویستە بزانین خوێندنەوەو ڕیوایەت و ڕێگای خوێندنەوە چین؟

خوێندنەوە (القِراءَة): مەبەست لە چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزە.

دووەم: گێڕانەوە (الرِواية): بریتییە لە گێڕانەوەی چۆنیەتی خوێندنەوەی قورئان لە قاریئێکەوە بۆ خواروتری.

سێیەم: ڕێگای خوێندنەوە (الطريقة):بریتییە لە گێڕانەوەی چۆنیەتی خوێندنی قورئان لە ڕاوییەکانەوە. واتە: قارئ خۆی قورئانی بەو شێوەیە خوێندۆتەوەو ڕاوی لە قاریئەوە چۆنیەتی خوێندنەوەکەی گێڕاوەتەوە.

پرسیار: چەند چۆنیەتی خوێندنەوەی دروستی قورئان هەیە (قراءة متواتره)؟

وەڵام: دە شێوەی دروستی خوێندنەوەی قورئان هەیە ئەوانیش خوێندنەوەکانی:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١- نافع المدنى | ٢- ابن كثير | ٣- ابوعمروالبصرى | ٤- ابن عامر | ٥- عاصم |
| ٦- حمزة | ٧- الكسائي | ٨- يعقوب بن اسحاق | ٩- خلف بن هشام | ١٠- أبوجعفر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- قالون | ٢- خلف | ٣- قنبل الدورى | ٤- إدريس بن عبد الكريم الحدا |
| ٥- شعبة | ٦- السوسى | ٧- ابن جماز سليمان بن جماز | ٨-إسحاق بن إبراهيم الوراق |
| ٩- ورش | ١٠- هيشام | ١١- حفص الدوري | ١٢- رويس محمد بن المتوكل |
| ١٣- خلاد | ١٤- ابن ذكوان | ١٥- عيسى بن وردان المدني | ١٦- ابن جماز سليمان بن جماز |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧- حفص | ١٨- احمد البزى | ١٩- روح بن عبد المؤمن البصري | ٢٠- ابو حارث عن الكسائى |

پرسیار: چەند ڕوایەتی بەناوبانگ هەیە (الرواية المشهورة)؟

وەڵام: بیست ڕوایەتی بەناوبانگ هەیە ئەوانیش:

**لەم خشتەیەدا ڕاوی قاریئەکان دیاری دەکەین:**

| ژ | قاریئەکان (خوێنەرانی قورئان) | ڕاویەکان(گێڕەرەوە لە قاریئەوە) |
|---|---|---|
| ١ | نافع المدنی | قالوون، وەرش |
| ٢ | ابن الكثير | احمد البزى و قنبل |
| ٣ | ابو عمرو البصري | الدوري و السوسي |
| ٤ | ابن عامر | هشام و ابن ذكوان |
| ٥ | عاصم | شعبة و حفص |
| ٦ | حمزة | خلف و خلاد |
| ٧ | الكسائي | ابو حارث، حفص الدوري |
| ٨ | أبو جعفر | ابن وردان و ابن جماز |
| ٩ | يعقوب بن إسحاق | رويس اللؤلؤي و روح البصري |
| ١٠ | خلف بن هشام | إسحاق بن إبراهيم الوراق و إدريس بن الحدا. |

پرسیار: چۆن دەزانین شێوازی تیلاوەتەکانی قورئان ڕاست و دروستن؟

١- ڕێنووسی نوسینەوەی ئایەتەکان لەگەڵ شێوازێك لە شێوازەکانی ڕێزمانی عەرەبی (النحو)دا ڕێبکەوێت.

٢- لەگەڵ شێوەی نوسینی خەتی موصحفی عوسمانی ڕێبکەوێت.

٣- گێڕانەوەکە سەنەدی ڕاستی هەبێت.

شێخ (عثمان بن سليمانن مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

اعْلَمْ أَخِي بأَنَّ للقرءانِ ثلاثَةً تأتي مِنَ الأرْكانِ
تَوافُقَ النَّحوِ وخَطَّ المصحَفِ وصِحَّةَ الإسنادِ فيما تَعرِفِ

# الاستعاذة

## حوکمەکەی، شێوەی ووتنەکەی، حاڵەتەکانی

پرسیار: حوکمی الاستعاذة چی یە؟

وەڵام: لە کاتی دەست پێکردنی تیلاوەتدا ووتنی واجیبە، لە سەرەتاوە بێ یا لە ناوەڕاستی سورەت بێ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ) النحل/٩٨واتە: (کاتێك کە قورئانت خوێندوە پەنا بە خوای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو بگرە) هەموو زانایان ڕایان لەسەر ئەوەیە کە ئیستیعازە کردن لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا فەرزە.

پرسیار: شێوەی هەڵبژێرداوی ووتنی الاستعاذة چۆنە؟

وەڵام: ووتنی (أَعُوذُ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)ە، ئەمە شێوەی فەرمان پێ کراوە کە لە سورەتی نەحلدا هاتوە: (فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ).

پرسیار: ووتنی الاستعاذة چەند حاڵەتی هەیە؟

وەڵام: شەش حاڵەتی هەیە: دوو حاڵەتیان بە ئاشکرا دەوترێ، چوار حاڵەتیان بە نهێنی دەوترێ.

ئاشکرا: لە کاتێکدا بە ئاشکرا دەوترێ کە خوێنەر بە دەنگی بڵندی بخوێنێتەوەو کەسانێك هەبن گوێی لێ بگرن، هەروەها لە کاتی فێربوون و خوێندن دا، هەرکەس دەسپێکەر بێت بە ئاشکرا دەیڵێت.

پەنهانی: لە کاتی نوێژدا پەنهان دەوترێت، ئیتر بە دەنگی بڵندی نوێژەکە بخوێنی یان بە نهێنی و پەنهانی، هەروەها لەوکاتانەی قورئان خوێن بە نهێنی دەیخوێنێتەوە، هەروەها ئەگەر ئەو خوێنەرە لە ناو کۆمەڵێکدا بخوێنێتەوە کە ئەو دەسپێکەر نەبێت، ئەگەر ئەو کەسەش خۆی تەنها بوو هەر بە پەنهانی دەیڵێت).

## چۆنیەتی ووتنی الاستعاذة لەگەڵ البسملة

### چۆنیەتی ووتنی الاستعاذة لەگەڵ البسملة

پرسیار: ئەگەر خوێنەر ویستی دەست بە تیلاوەت بکات چۆن الاستعاذة لەگەڵ البسملة دا دەخوێنێت؟

وەڵام: کاتی خوێندنەوەی هەموو سورەتەکان (جگە لە سەرەتای سورەتی تەوبە) چوار شێوازی دەست پێ کردنی هەیە، ئەوانیش:

١- پچڕاندنی هەموویان: واتە پچڕاندنی ئیستیعاذە لە بسمیلا وە پچڕاندنی بسمیلا لە سەرەتای سورەتەکە، وەك:

(أَعُوذُ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ) وەستان (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) وەستان قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)

٢- پچڕاندنی یەکەم لە دووەم و بەستنەوەی دووەم بە سێیەمەوە: واتە پچڕانی ئیستیعاذة لە بسمیلا و پاشان گرێدانی بسمیلا بە سەرەتای سورەتەکەوە، وەك:

(أَعُوذُ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ) وەستان (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ).

٣-بەستنەوەی یەکەم بە دووەمەوە وە پچڕانی دووەم لە سێیەم: واتە بەستنەوەی ئیستیعاذە بە بسمیلاوە و پاشان بوەستی ئینجا ئایەتی یەکەمی سورەتەکە بخوێنیتەوە، وەك: (أَعُوذُ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) وەستان (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ).

٤- بەستنەوەی هەموو: واتە گرێدانی ئیستیعاذە بە بسمیلاوەو گرێدانی بسمیلا بە سەرەتای سورەتەکەوە، وەك: (أَعُوذُ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ).

شێخ(عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دەفەرموێ:

يَجُـوزُ إِنْ شَرَعْتَ فِي القِرَاءةِ    أَرْبَعُ أَوْجُـهٍ لِلاِسـتِعَاذَةِ
قَطْعُ الجَمِيعِ ثُمَّ وَصْلُ الثَّانِي    وَوَصْلُ أَوَّلٍ وَوَصْلُ اثنانِ

**تێبینی: بۆزانین:**

١- ئیستعاذە لە کاتی گرێدانی دوو سورەت دا ناوترێ، تەنها بسمیلا لەنێوان دوو سورەت دا هەیە ئەگەر گرێمان دان.

٢- کاتێك کە ئیستیعاذە بە بسمیلاوە گرێ دەدەین دەبێت حەرەکەی کۆتای ووشەی الرجیم بخوێنینەوە کە کەسرەیە (ژێرە) لە لە کاتی وەستان لەسەری دا بە سکون بیخوێنینەوە (زەنە) واتە بڵێین: (أَعُوذُ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) لە وەستان دا: (أَعُوذُ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ) وەستان (بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) وەستان (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)

## البسملة

### شێوەی ووتنی، حوکمەکەی، حاڵەتەکانی

پرسیار: شێوەی ووتی بسمیلا چۆنە؟

وەڵام: شێوەکەی بریتییە لە: (بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ).

پرسیار: شوێنی ووتنی بسمیلا کوێ یە؟

وەڵام: لەم سێ شوێنەدایە:

١- سەرەتای سورەتەکان، جگە لە سورەتی التوبة.

٢- لە نێوان دوو سورەت دا.

٣- لە ناوەڕاستی سورەت دا.

پرسیارحوکمی بسمیلا چی یە؟

وەڵام: بسمیلا لە کاتی دەستپێکردنی سەرەتای هەموو سورەتێکدا واجبە، تەنها لە سورەتی تەوبەدا نەبێت، هەروەها لە ناوەڕاستی سورەتەکان دا و لە ناوەڕاستی سورەتی تەوبەش دا جائیزە.

پرسیار: ووتنی بسمیلا لەکاتی گرێدانی دوو سورەت دا چەند شێوازە؟

وەڵام: ووتنی بسمیلا چوار شێوازی هەیە، سێ دانەیان جائیزە و چوارەمیان جائیز نیە.

١- پچڕانی هەموو: واتە پچڕانی کۆتای سورەتی یەکەم لە بسمیلا و پچڕانی بسمیلا لە سەرەتای سورەتی دووەم، وەك:

(وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدْ) وەستان (بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) وەستان (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسْ)..

٢- پچڕانی کۆتای سورەتی یەکەم لە بسمیلا و گرێدانی بسمیلا بە سەرەتای سورەتی دووەم، وەك (وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدْ) وەستان (بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسْ)

٣- گرێدانی هەموو: واتە گرێدانی کۆتای سورەتی یەکەم بە بسمیلاوەو گرێدانی بسمیلا بە سەرەتای سورەتی دووەم، وەك (وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسْ).

ئەم سێ شێوازە جائیزە، ئەمەش شێوازی چوارەمە کە جائیز نیە:

٤- گرێدانی کۆتای سورەتی یەکەم بە بسمیلاوەو پچڕاندنی بسمیلا لە سەرەتای سورەتی دووەم، وەك: (وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) وەستان (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسْ)

هۆی نادروستی ئەم شێوەیە: ئەوەی کە بسمیلا بۆ سەرەتای سورەت هاتووە نەك بۆ کۆتایی.

شێخ (عثمان بن سلیمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (السلسبیل الشافي) دەفەرموێ:

وَجائِزٌ مِنْ هَذِهِ بَيْنَ السُّوَرْ ثَلاثَةٌ وَواحِـدٌ لَمْ يُعْتَبَرْ

فاقطَعْ عَلَيْها وَصِـلْ ثانيها وصِلْهُما ولا تَصِلْ أُولاهُما

ئیمامی شاطبی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە مەتنی شاطبی دا ئاماژەی بەمە کردووە فەرموویەتی:

(ومهما تصلها مع أواخر سورة فلا تقفن الدهر فيها فتثقلا)

واتە: هەرچەندێك بسمیلات گرێ دا بە کۆتای سورەتەکانەوە.. نەکەی ڕابوەستی لەسەری چونکە ئەگەر وات کرد تاوانت کەوتۆتە سەر.

پرسیار: چەند شێوازی خوێندنەوە لە کاتی گرێدانی سورەتی ئەنفال و تەوبەدا هەیە؟

وەڵام: ئەگەر ئەم دوو سورەتمان گرێ دا سێ شێوازی خوێندنەوەمان هەیە، ئەوانیش:

١- ڕاوەستان لەسەر کۆتای سورەتی ئەنفال، هەناسەیەك هەڵمژین، پاشان دەست بە خوێندنەوەی سەرەتای سورەتی تەوبە بکەین، بەم شێوەیە: (وَالَّذِينَ آمَنُواْ مِن بَعْدُ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ مَعَكُمْ فَأُوْلَئِكَ مِنكُمْ وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) ڕاوەستان و هەناسەدان (بَرَاءةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ)

٢- ڕاوەستانێکی کورت لەسەر کۆتای سورەتی ئەنفال بەبێ هەناسەدان، واتە: سەکتەیەك پاشان دەستپێکردن بە سەرەتای سورەتی تەوبە، بەم شێوەیە: (وَالَّذِينَ آمَنُواْ مِن بَعْدُ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ مَعَكُمْ فَأُوْلَئِكَ مِنكُمْ وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) ڕاوەستان بێ هەناسەددان یان هەڵمژین (بَرَاءةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ).

٣- خوێندنەوەی ئایەتی کۆتای سورەتی ئەنفال بەدەم یەکەم ئایەتی سورەتی تەوبە بەبێ ڕاوەستان هەر وەك ئەوەی یەك ئایەت بن، بەم شێوەیە:: (وَالَّذِينَ آمَنُواْ مِن بَعْدُ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ مَعَكُمْ فَأُوْلَئِكَ مِنكُمْ وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ بَرَاءةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ). ئیمامی شاطبی ڕحمەتی خوای لێ بێت لە مەتنی شاطبی دا ئاماژەی بەمە کردووە فەرموویەتی:

(وَبَيْنَ أنفالٍ وتَوبةٍ أَتَى ثلاثةٌ فَاقطَعْ وَصِلْ أو اسْكُتَا)

واتە: لەنێوان ئەنفال و تەوبەدا سێ شێواز هاتووە.. پچڕاندن گرێدان ڕاوەستانی کورتی بێ هەناسە).

# دەرچەی پیتەکان

## (مخارج الحروف)

پرسیار: دەرچە (مەخرەج) چی یە؟

وەڵام: دەرچە لە زمانەوانیدا: شوێنی دەرچوونی شتە لە شتی تر، لە زاراوەدا: شوێنی دەرچونی هەر یەك لە پیتەکان و جیاکردنەوەیانە لە پیتەکانی تر.

ئەگەر ویستت دەرچەی هەر پیتێك بزانی ئەوا بە جووت پیتی (بە شەددەوە، بە دەبڵ) بیخوێنەوە یان هەمزەیەکی بخەرە پێشەوە و بیخوێنەوە یان بە زەنەداری بیخوێنەوە وەك: (بّ، جّ، خْ، مْ، یان: أبْ، أجْ، أخْ. أمْ) لە هەر کوێدا دەنگی پیتەکە نەما ئەوێ دەرچەی پیتەکەیە.

پرسیار: چەند جۆرە دەرچە هەیە؟

وەڵام: دوو جۆر دەرچە هەیە ئەوانیش: گشتی و تایبەتین.

پرسیار: چەند دەرچەی گشتی هەیە؟

وەڵام: پێنج دەرچەی گشتی هەیە ئەوانیش:

یەکەم: بۆشای ناو دەم و گەروو (الجوف): یەك دەرچەی تێدایە.

دووەم: گەروو (الحلق): سێ دەرچەی تێدایە.

سێ یەم: زمان (اللسان): دە دەرچەی تێدایە.

چوارەم: دوو لێوەکان (الشفتان): دوو دەرچەی تێدایە.

پێنجەم: بۆشای دواوەی لووت(الخیشوم): یەك دەرچەی تێدایە.

کە بە هەموو ئەم دەرچانە دەکاتە ١٧ دەرچە وە پێشیان دەوترێ دەرچە تایبەتی یەکان.

پرسیار: چەند دەرچەی تایبەتی هەیە؟

وەڵام: حەڤدە دەرچەی تایبەتی هەیە ئەوانیش:

١- **بۆشای ناو دەم و گەروو(الجوف):** لە زمانەوانیدا بریتییە لە بۆشای ژوورەوە.

له زاراوەدا: بریتییه لەو بۆشاییەی ناو دەم و گەروو، یەك دەرچەی تێدایە و سێ پیتی لێ دەردەچێت ئەوانیش: هەر سێ پیتەكانی مەددن: (ا، و، ی).كە بریتین لە:

١- ئەلفێكی زەنەدار كە پیتەكەی پێشی سەری هەبێت وەك: قَاْل.

٢- واوێكی زەنەدار كە پیتەكەی پێشی بۆری لەسەر بێت وەك: يَقُوْل.

٣- یائێكی زەنەدار كە پیتەكەی پێشی ژێری (كەثرە)هەبێت بێت وەك: قِيْل.

**تێبینی:** ئەم دەرچەیە پێ ی دەوترێ (مَخْرَجٌ مُقَدَّرٌ) واتە دیاری كراو نیە چونكە نە شوێنێكی تایبەتی هەیە لێوەی دەربچێ و نە شوێنی كۆتایشی هەیە، هەر بۆی تەقدیر كراوە.

٢- **گەروو (الحلق):** سێ دەرچەی تێدایە و شەش پیتی لێ دەردەچێت ئەوانیش:

أ- كۆتای گەروو نزیكی سینگ (اقصى الحلق): دوو پیتی لێ دەردەچێت: (و، ه).

ب- ناوەڕاستی گەروو (وسط الحلق): دوو پیتی لێ دەردەچێت: (ع، ح).

ج- سەرەوەی گەروو نزیكی زمان (ادنى الحلق): دوو پیتی لێ دەردەچێت: (غ، خ).

٣- **زمان:** دە دەرچەی تێدایە و هەژدە پیتی لێ دەردەچێت ئەوانیش:

١- كۆتای زمان نزیكی گەروو لەگەڵ مەلاشوو: تەنها پیتی (ق)ی لێ دەردەچێت.

٢- كۆتای زمان نزیكی گەروو كەمێك خوار دەرچەی قاف لەگەڵ مەلاشوودا: پیتی (ك)ی لێ دەردەچێت.

٣- ناوەڕاستی زمان لەگەڵ مەلاشوو: سێ پیتەكانی (ج، ش، ی) لێ دەردەچێت.

لێرەدا دەبێت ئەو یائە مەددی نەبێت چونكە ئەگەر مەددی بوو لە بۆشای گەروو و ناو دەمەوە دەر دەچێت.

٤- یەكێك لە قەراغەكانی زمان لەگەڵ دانە خرێ یەكانی سەرەوە: پیتی (ض)ی لێ دەردەچێت.ئەگەر بەقەراغی لای چەپی زمان و خرێ یەكانی سەرەوە دەربكرێت ئاسان ترە.

٥- ناوەڕاستی قەراغەكانی زمان (پاش دەرچەی پیتی ضاد) لەگەڵ گۆشتی پووكی ددانەكانی پێشەوەی شەویلگەی سەرەوە: پیتی (ل) ی لێ دەردەچێت.

٦- نووکی زمان لەگەڵ گۆشتی پوکی ددانەکانی پێشەوەی شەویلگەی سەرەوە (کەمێك خوار دەرچەی پیتی لام) پیتی (ن) ی ئاشکرای لێ دەردەچێت.

٧- نوکی زمان و سەرەوەی زمان لەگەڵ گۆشتی پوکی ددانەکانی پێشەوەی شەویلگەی سەرەوە پیتی (ر) ی لێ دەردەچێت.

٨- سەری زمان لەگەڵ ڕەگی دوو ددانی پێشەوەی شەویلگەی سەرەوە سێ پیتی (د، ت، ط) ی لێ دەردەچێت.

٩- سەری زمان لەگەڵ نێوانی ددانەکانی پێشەوەی شەویلگەی سەرەوە و خوارەوە پیتەکانی (ص، ز، س) لێ دەردەچێت، بەڵام لە کاتی دەرچوونی ئەم پیتانە زمان تۆزێ لە شەویلگەی خوارەوە نزیکترە لەگەڵ دروست بوونی بەینێکی بچوك لە نێوان ددانەکانی سەرەوە و خوارەوە.

١٠- سەری زمان لەگەڵ سەری دوو ددانەکەی پێشەوەی شەویلگەی سەرەوە پیتەکانی (ظ، ذ،ث)ی لێ دەردەچێت.

٤- **دوو لێوەکان:** دوو دەرچەی تێدایە و چوار پیتی لێ دێتە دەرەوە:

١- ناوەوەی لێوی خوارەوە لەگەڵ سەری دوو ددانەکەی سەرەوە پیتی (ف) ی لێ دەردەچێت.

٢-هەردوو لێوەکان بەیەکەوە پیتەکانی (و، ب، م)ی لێ دەردەچێت، بەڵام پیتی (ب، م) بە یەکەوە نوساندنی دوو لێوەکان دەردەچێت، و (و) بە کردنەوەی دوو لێوەکان دەردەچێت. ئەمە واوی مەدد نیە چونکە واوی مەدد لە بۆشای ناو دەم و گەرووەوە دەردەچێت.

٥- **بۆشای دواوەی لووت:** ئەو بۆشاییەی کۆتای لووتە کە دەم و لووت بەیەك دەگەیەنێت و (مینگە)ی لێ دەردەچێت لە پیتی نوون و میم دا.

ئیمامی جەزەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی جەزەری دا فەرموویەتی:

مَخَارِجُ الحُرُوفِ سَبْعَةَ عَشَرْ عَلَى الَّذِي يَخْتَارُهُ مَـنِ اخْتَبَرْ

للجَوْفِ أَلِفٌ وأُخْتَاهَا وَهِي حُـرُوفُ مَـدٍّ لِلْهَوَاءِ تَنْتَهِي

ثُمَّ لأَقْصَى الحَلْقِ هَمْزٌ هَاءُ وَمِن وسَـطِهِ فَعَيْنٌ حَـاءُ

أَدْنَـاهُ غَيْنٌ خَـاؤُهَا والْقَـافُ أَقْصَى اللِّسَـانِ فَوْقَ ثُـمَّ الْكَـافُ

أَسْفَلُ وَالْوَسْطُ فَجِيمُ الشِّينُ يَا وَالضَّادُ مِـنْ حَافَتِهِ إِذْ وَلِيَا

لاضْرَاسَ مِنْ أَيْسَـرَ أَوْ يُمْنَاهَا وَالـلاَّمُ أَدْنَـاهَا لِمُنْتَهَاهَا

وَالنُّونُ مِنْ طَرْفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا وَالـرَّا يُدَانِيهِ لِظَهْرٍ أَدْخَلُوا

وَالطَّاءُ وَالـدَّالُ وَتَا مِنْهُ وَمِنْ عُلْيَا الثَّنَايَا والصَّفِيْرُ مُسْتَكِنْ

مِنْهُ وَمِنْ فَوْقِ الثَّنَايَا السُّفْلَى وَالظَّـاءُ وَالـذَّالُ وَثَـا لِلْعُلْيَا

مِنْ طَرَفَيْهِمَا وَمِنْ بَطْنِ الشَّفَهْ فَالْفَا مَعَ اطْـرافِ الثَّنَايَا الْمُشْرِفَهْ

لِلشَّفَتَيْنِ الْـوَاوُ بَـاءٌ مِيْمُ وَغُنَّةٌ مَخْرَجُهَا الخَيْشُومُ

# نازناوی وەسفیانەی پیتەکان

## (ألقاب الحروف)

پرسیار: ئایا پیتەکان نازناویان هەیە؟ ئەگەر هەیە چین؟

وەڵام: بەڵێ پیتەکان دە نازناوی وەسفانەیان هەیە، ئەوانیش:

**یەکەم:** پیتی هەوایی (الاحرف الهوائیة):کە ئەوانیش (ا، و، ی مەددن) و ناونراوە هەوایی، چونکە دەرچەی ئەم پیتانە بە هەوا کۆتای دێت.

**دووەم:** پیتی گەروو (الاحرف الحلقیة): ئەوانیش شەش پیتن (و، ه،ع،ح،غ،خ) لەبەر ئەوەی لە گەرووەوە دەردەچن ئەم نازناوەیان لێ نراوە.

**سێیەم:** پیتی زمانە بچکۆلە (الحرفان اللهویتان): ئەوانیش (ق،ك) بەهۆی نزیك بوونی دەرچەی ئەم دوو پیتە لە دوو لەوزەتێنەکانەوە ئەم نازناوەی لێ نراوە.

**چوارەم:** پیتی ناوەڕاستی زمان (الاحرف الشَجْریة): ئەوانیش (ج، یـــای غەیرە مەدد، ش) لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاستی زمانەوە دەردەچن ئەم نازناوەیان لێ نراوە.

**پێنجەم:** پیتی سەر زمان (الاحرف الذلقیة): ئەوانیش (ل، ر، ن) لەبەر ئەوەی لەسەری زمانەوە دەردەچن ئەم نازناوەیان لێ نراوە.

**شەشەم:** پیتی مەڵاشوو (الاحرف النطعیة): ئەوانیش (ط، د، ت) لەبەر ئەوەی لە پێستی چاڵی مەڵاشووە دەردەچن ئەم نازناوەی لێ نراوە.

**حەوتەم:** پیتی نووکە زمان (الاحرف الاسلیة): ئەوانیش (ص، س، ز) لەبەر ئەوەی لە نوکی زمانەوە دەردەچن ئەم نازناوەی لێ نراوە.

**هەشتەم:** پیتی سەر ددان (الاحرف اللثویة): ئەوانیش (ظ، ذ، ث) لەبەر ئەوەی لە نێوان ریزە ددانەکانەوە دەردەچن ئەم نازناوەیان لێ نراوە.

**نۆیەم:** پیتی لێوان (الاحرف الشفهیة): ئەوانیش (ف، واوی غەیرە مەدد، ب، م) لەبەر ئەوەی لە لێوەکانەوە دەردەچن ئەم نازناوەیان لێ نراوە.

دەیەم: پیتی بۆشایی گەروو: کە ئەمەش پیتەکانی مەددن (ا، و، ی) پێشی دەوترێ پیتەکانی بۆشای ناو دەم و گەروو ئەمەش لەبەر ئەوەی لەوێوە دەردەچن.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دەفەرموێ:

أَلقابُهُنَّ عَشْرَةٌ جَلِيَّةْ فَأَحْرُفُ الجَوْفِ اسمُها جَوفِيَّةْ
وأَحْرُفُ الحَلْقِ اسمُها حَلْقِيَّةْ والقافُ والكافُ هُمَا لَهْوِيَّةْ
والجيمُ والشِّينُ ويا شَجْرِيَّةْ والَّلامُ والنونُ ورا ذَلْقِيَّةْ
والطَّاءُ والدَّالُ وتا نِطْعِيَّةْ وأَحرُفُ الصَّفيرِ قُلْ أَسْلِيَّةْ
والظَّاءُ والذَّالُ وثا لِثَوِيَّةْ وأَحْرُفُ الشِّفاهِ قُلْ شَفَوِيَّةْ
أمَّا الهَوائِيَّةُ يا صَديقي فَهْيَ حُرُوفُ الجَوفِ بِالتَّحْقِيق

# سیفەتی پیتەکان

## (صفات الحروف)

پرسیار: سیفەت چی یە؟

وەڵام: سیفەت لە زمانەوانیدا: واتە: ئەوی دەبێتە وەسفی شتێك، وەك: سپێتی، یان گەورەیی، یان جوانی، لە زاراوەشدا بریتییە لە چۆنیەتی وەسفی پیت لە كاتی دەرچوونیدا لە دەرچەكەی خۆی، بۆ نموونە پیتەكان بە چرپە و ئاشكرایی و توندی و مام ناوەندی، نەرمی..(الهمس، الجهر، الشدة، الرخاوة ...) وەسف دەكرێن.

پرسیار: سیفەت دەكرێ بە چەند بەشەوە؟

وەڵام: سیفەت دەكرێ بە دوو بەشەوە ئەوانیش:

١- **سیفەتە هەمیشەییەكان (الصفات اللازمة):** ئەو سیفەتانەن كە بە هەمیشەی لەگەڵ پیتەكەدان و هەرگیز لێی جیا نابنەوە وەك: پێوە نوسان، بڵاوی، بڵندبوونەوە (الإطباق، الرخاوة، الاستعلاء).

٢- **سیفەتە كاتیەكان (الصفات العارضة):** ئەو سیفەتانەن كە لە هەندێ حاڵەتدا بەسەر پیتدا دێن و لە هەندێ حاڵەتی تریش دا لێ ی جیا دەبنەوە وەك: گۆڕین، مەدد، تێكهەڵكێش كردن (اقلاب، مد، اخفاء، ادغام).

پرسیار: سیفەتە هەمیشەیەكان دەكرێن بە چەند بەشەوە؟

وەڵام: سیفەتە هەمیشەیەكان دەكرێن بە دوو بەشەوە:

یەكەم: ئەو سیفەتانەی جۆری تری پێچەوانەیان هەیە ئەوانیش پێنج سیفەتن و پێنج پێچەوانەیان هەیە:

١-چرپە (الهمس): پێچەوانەكەی: ئاشكرایە (الجهر).

٢- توند (الشدة) و مام ناوەند (التوسط): پێچەوانەكەیان: نەرمی (الرخاوة).

٣- بڵندیی (الاستعلاء): پێچەوانەكەی: نزمیە (الاستفال).

٤- پێوە نوسان (الاطباق): پێچەوانەکەی: لێك کردنەوەیە (الانفتاح).

٥- پرتە (الإذلاق): پێچەوانەکەی: ڕێبڕین (الإصمات).

دووەم: ئەو سیفەتانەی پێچەوانەیان نیە ئەوانیش حەوت دانەن:

١-فیکەیی (الصفیر) ٢- لەرینەوە (القلقلة) ٣- ئاسانی (اللین) ٤-لادان (الإنحراف) ٥-دووپاتیی (التکرار) ٦-بڵاوبوونەوە (التفشی) ٧- درێژبوونەوە (الاستطالە).

لێرەشدا بە درێژی باسی هەر یەکێك لەو سیفەتانە دەکەین:

**یەکەم:** چرپە (الهمس): بە ئەسپایی ووتن: بەردەوام بوونی ڕۆشتنی هەواو هەناسەیە لە کاتی ووتنی ئەم دە پیتەدا (ف، ح، پ، ه، ش، خ، ص، س، ك، ت) کە ئەمەش بەهۆی لاوازی پشت بەستن بە دەرچەکانیانە، ئەم پیتانە هەمووی لەم ڕستیەدا کۆبۆتەوە (فَحَثَّهُ شَخْصٌ سَكَتْ) واتە کەسێك هانی داو ئەویش بێ دەنگ بوو، چرپە لە سیفەتە لاوازەکانە.

- ئاشکرا (الجهر): بەندکردنی هەوای هەناسەیە لە ڕۆشتنی لەکاتی ووتنی ئەم نۆزدە پیتەدا: ( ء، ا ، ب، ج، د، ذ، ر، ز، ض، ط، ظ، ع، غ، ق، ل، م، ن، و، ي)کە ئەمەش بە هۆی بەهێزی پشت بەستن بە دەرچەکانیانە، هەموو پیتە عەرەبیەکانن جگە لە پیتەکانی چرپە، ئاشکرای لە سیفەتە بەهێزەکانە.

**دووەم:** توندیی (الشدة): بەندکردنی بەردەوام بوونی دەنگە لەکاتی ووتنی ئەم هەشت پیتەدا: (ء، ج، د، ق، ط، ب، ك، ت)کە ئەمەش بەهۆی بەهێزی پشت بەستن بە دەرچەکانیانە، هەموو ئەم پیتانە لەم ڕستەیەدا کۆکراونەتەوە (أَجِدْ قَطٍ بَكَتْ) هەموو پیتە عەرەبیەکانن جگە لە پیتەکانی مام ناوەندی و نەرمیی، توندیی لە سیفەتە بەهێزەکانە.

- مام ناوەندی (التوسط): بەردەوام بوونی دەنگە بە شێوەیەکی مام ناوەندی لە کاتی ووتنی ئەم پێنج پیتەدا (ل، ن، ع، م، ر) ئەمەش بەجۆرێك نە وەك سیفەتی توندی بێت کە دەنگەکە بەند بکرێ وە نەوەك سیفەتی نەرمیش بێت کە دەنگەکە بەردەوام بێت، هەموو ئەم پیتانە لەم ووشەیەدا کۆکراوەتەوە (لِنْ عُمَرْ) واتە: نەرم بە عومەر.

- نەرمی فشۆڵیی (الرخاوة): بەردەوام بوونی دەنگە لەکاتی ووتنی ئەم پانزە پیتەدا: (أ، ث، ح،خ، ذ، ز، س، ش، ص، ض، ظ، غ، ف، هـ، و،ی)کە ئەمەش بەهۆی لاوازی پشت بەستن بە دەرچەکەیانە. هەموو پیتەکانی عەرەبین جگە لە پیتەکانی توندی و مام ناوەندیی، فشۆڵی لە سیفەتە لاوازەکانە.

**سێیەم:** بڵندیی (الاستعلاء): بڵندبوونەوەی کۆتایی زمانە کە نزیکە لە گەرووەوە بەرەو مەلاشوو لە کاتی ووتنی ئەم حەوت پیتەدا دروست دەبێت: (خ، ص، ض، غ، ط، ق، ظ) کە ئەم پیتانەش لەم ڕستەیەدا کۆبوونەتەوە (خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ)، بڵندیی لە سیفەتە بەهێزەکانە.

- نزمیی (الاستفال): نزمکردنەوەی زمانەو دوورخستنەوەیەتی لە مەلاشوو لە کاتی ووتنی ئەم بیست و دوو پیتەدا (ء، ا، ب، ت، ث، ج، ح، د، ذ، ر، ز، س، ش، ع، ف، ك، ل، م، ن، هـ، و، ي)کە هەموو پیتە عەرەبیەکانن جگە لە پیتەکانی بڵندیی، نزمی لە سیفەتە لاوازەکانە.

**چوارەم:** پێوە نوسان (الإطباق): پێوەنوسانی کۆتای زمان کە نزیکە لە گەرووەوە بە مەلاشووەوە لە کاتی ووتنی ئەم چوار پیتەدا (ص، ض، ط، ظ) هەموو پیتەکانی عەرەبین جگە لە پیتەکانی کرانەوە، پێوە نوسان لە سیفەتە بەهێزەکانە.

- کرانەوە (الانفتاح): کردنەوەی بۆشاییەکی کەم لە نێوان زمان و مەلاشوودا لە کاتی ووتنی ئەم بیست و پێنج پیتەدا (ء، ا، ب، ت، ث، ج، ح، د، ذ، ر، ز، س، ش، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، هـ، و، ي) کراوەنە لە سیفەتە لاوازەکانە.

**پێنجەم:** خێرای (الإذلاق): بەخێرای و ئاسانی دەرچوونی پیتەکانیەتی لە سەری زمانەوە یان لە دوو لێوەکانەوە لە کاتی ووتنی ئەم شەش پیتەدا (ف، ر، م، ن، ل، ب) کە ئەم پیتانەش لەم ڕستەیەدا کۆبۆتەوە (فَرَّ مِنْ لُبٍ).. خێرای سیفەتێکە لە نێوان لاوازی و بەهێزی دا.

- ڕێگری (الإصمات): ڕێگرتنە لە دروستبوونی بنچینەی ووشەیەکی چوار یا پێنج پیتی لەم پیتانە (ء، ا، ت، ث، ج، ح، خ، د، ذ، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ق، ك، ه، و، ي) ئەگەر بنچینەی ووشەیەکی چوار یان پێنج پیتی بە تەنها لە پیتەکانی ڕێگری دروست بوو ئەوا ئەو ووشەیە بێگانەیە لە زمانی عەرەبی دا نییە (عەجەمی یە) وەك: عَسْجَد، قسطاس، اسحاق.

ئەو سیفەتانەی پێچەوانەیان نیە ئەوانیش حەوت دانەن:

**یەکەم:** فیکە (الصفير): دەرچوونی دەنگێکی زیادەی وەك فیکە لێدان و زیکەزیکە لە نێوان لێوەکانەوە لەکاتی ووتنی ئەم سێ پیتەدا (ص، س، ز)کە ئەم دەنگەش لە دەنگی باڵندە دەچێت، پیتی (ص) بەهێزترینیانە لەبەر ئەوەی سیفەتی بڵندیی و پێوەنوسانی تێدایە، پاشان پیتی (ز) لەبەر ئەوەی سیفەتی ئاشکرای تێدایە، پاشان (س) لەبەر ئەوەی سیفەتی نزمی و نەرمی تێدایە.

**دووەم:** لەرینەوە (القلقلة): لەرینەوەی ئەم شەش پیتەیە (ق، ط، ب، ج، د) لە کاتی ووتنیان دا بەو مەرجەی زەنەدار بوو بن، هەووشیان لەم ڕستەیەدا کۆ بوونەتەوە (قُطْبُ جَدْ)، جاری وا هەیە لە ناوەڕاستی ووشەدان وەك (يَبْتَغِ) یا لە کۆتای دان وەك: (خَلَقْ). ئەم قەلقەلەیەش سێ پلەی هەیە ئەوانیش:

١- گەورە: ئەگەر پیتەکە زەنەدار و جووت پیت (دەبڵ) بێت و لەسەری ڕابوەستین (الساكن الموشەددەد الموقوف عليه)

وەك: الحَقّْ، وَتَبَّ.

٢- مام ناوەند: ئەگەر پیتەکە زەنەدار بێ بەڵام جووت پیت نەبێت و وەستاین لەسەری وەك: مُحِيطٌ، كَسَبْ.

٣- بچوك: ئەگەر پیتەکە زەنەدار بێت بەڵام لەسەری نەوەستین وەك: يَجْمَعُ، تَدْعُونَ، لَقَدْ كَانَ.

**سێیەم:** ئاسانی (اللين): بە ئاسانی دەرچوونی هەردوو پیتی (و، ی) ی زەنەدارە ئەگەر پیتی پێشیان سەری هەبێت وەك: خَوْف، بَيْت، ئاسانی لە سیفەتە لاوازەکانە.

**چوارەم:** لادان (الإنحراف): لادانی هەردوو پیتی (ل، ر)ە لە پاش دەرچونیان لە دەرچەی خۆیانەوە تا دەگەن بە دەرچەی پیتێکی تر، پیتی (ل) لا دەدات بەرەو نوکی زمان وپیتی (ر) لادەدات بەرەو پشتی زمان، ئەم سیفەتە لەگەڵ ئەم دوو پیتەدا بەردەوامەو هەمیشەییە.

**پێنجەم:** دووپاتیی (التكرار): لەرینەوەی سەری زمانە لە کاتی ووتنی پیتی (ر) دا کە دەبێتە هۆی دووبارە بوونەوەی، خوێندنەوەی پیتی راء بەم سیفەتە، کارێکی باش نیەو پێی دەوترێت (تەکریر) واتە زۆرو لەسەر یەك وتنی (ڕڕڕڕڕ) کە لێرەدا باسی دەکەین بۆ دوورکەوتنەوەیە لێی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بە یەك جاری نەمێنت چونکە ئەگەر بەتەواوی نەما ئەوا پیتی (ر) وەك پیتی (ط)ی لێ دێت.

**شەشەم:** بڵاوبوونەوە (التفشي): بڵاوبوونەوەی هەوایە لەناو دەمدا لە کاتی ووتنی پیتی (ش) دا.

**حەوتەم:** درێژبوونەوە (الاستطالة): درێژبوونەوەی دەرچەی پیتی (ض) لە سەرەتای قەراغی زمانەوە هەتا کۆتای زمان بەڵگەش بۆ ئەمە:

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

والاِستِطالةُ إِنْ أَردتَّ حدَّها  هِيَ امتِدادُ الضادِ في مَخْرَجِها

ئیمامی جەزەریش ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی جەزەری دا فەرموویەتی:

بَابُ الصفِّاتِ

صِفَاتُهَا جَهْرٌ وَرِخْوٌ مُسْتَفِلْ    مُنْفَتِـــحٌ مُصْمَتَـةٌ وَالضِّـدَّ قُـلْ
مَهْمُوسُهَا فَحَثَّهُ شَخْصٌ سَكَتْ    شَدِيْدُهَا لَفْـظُ أَجِـدْ قَـطٍ بَكَتْ
وَبَيْنَ رِخْوٍ وَالشَّدِيدِ لِنْ عُمَرْ    وَسَبْعُ عُلْوٍ خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ حَصَرْ
وَ صَادُ ضَادٌ طَاءُ ظَاءٌ مُطْبَقَهْ    وَ فِرَّ مِنْ لُبِّ الحُـرُوفِ المُذْلَقَهْ
صَفِيرُهَا صَادٌ وَزَايٌ سِيـــنُ    قَلْقَلَـةٌ قُطْبُ جَدٍّ وَاللِّـينُ
وَاوٌ وَيَاءٌ سَكَنَا وَانْفَتَحَـــا    قَبْلَهُمَا وَالانْحِــرَافُ صُحِّحَا
فِي اللاَّمِ وَالرَّا وَبِتَكْرِيرٍ جُعِلْ    وَلِلتَّفَشِّـــي الشِّيْنُ ضَادًا اسْتُطِلْ

# ڕێساکانی نوونی زەنەدار وتەنوین

## (أَحْكَامْ النوون السَاكِنَه وَالتَنْوين)

هەندێك پێناسەی پێویست:

پرسیار: مینگە(غُنَّ) چی یە؟

وەڵام: مینگە: ئەو دەنگەیە كە لە بۆشای دواوەی لووتەوە دەردەچێت لە كاتی ووتنی هەردوو پیتی (ن، م) دا، جا ئەگەر ئەم دوو پیتە جووت پیت (دەبڵ) یا تێکهەڵكێش كراو یا شاراوە یا زەنەدار یان جوڵاو بن (مُشَدَّدَ، مُدْغَمْ، مخفاة، سَاكِنْ، مُتَحَرِكْ)، بە ئەندازەی دوو حەرەكەت درێژ دەكرێتەوە، زمان هیچ ڕۆڵێكی لە دروست بوونی مینگە دا نیە.

پرسیار: ئایا دوو حەرەكەت چی یە؟

وەڵام: دوو حەرەكەت بریتییە لە درێژ كردنەوەی پیتێك بە ئەندازەی ئەلفێك وەك سەرێك (فەتحە) یەك زائید فەتحەیەكی تر (ـَ+ـَ = ا)(دوو سەر یەكسانە بە ئەلفێك) یان بە قەدەر پەنجە كۆكردنەوەو درێژكردنەوەی.

پرسیار: ئایا مینگە پلەی هەیە؟

وەڵام: بەڵێ، چوار پلەی هەیە ئەوانیش:

١-**تەواوترین:** ئەگەر پیتی (ن، م) جووت پیت بوون (نّ، مّ) وەك: النَّاس، ثمَّ یان تێکهەڵكێش كراو بن وەك: (منْ نِعمة = منِّعمة، جزآءً وِفاقا = جزاءَ وِّفاقا، أمركمْ مِرفقا = أمركمِّرفقا).

٢- **تەواو (كَامِلَة):** ئەگەر پیتی (ن، م)شاراوە بوون وەك: مَنْ ذا الذي، ترميهمْ بِحجارة.

٣-**كەم (ناقِصَة):** ئەگەر پیتی (ن، م) زەنەدارو ئاشكرا بن وەك: مِنْ خَير، وهمْ فِيها.

**٤-کەمترین:** ئەگەر پیتی (ن، م) جوڵاو بوون بە (سەر یا بۆر یا ژێر) وەك: يَومَ، الْمُتَقِين، أَذِنَ، فَنِعْمَ.

پرسیار: نوونی زەنەدارو تەنوین چی یە؟

وەڵام: نوونی زەنەدار (نْ): ئەو نوونەیە کە هیچ سەروبۆرێکی لەسەر نیە و لە بنچینەی ووشەکەیە (زیادە نیە) و لە کاتی ووتن و گەیاندن ونوسین و وەستاندا وەك خۆی دەمێنێت، و ئەم نوونە زەنەدارە لە فرمان و لە ناوو لە پیت دا هەیە، چ بکەوێتە ناوەڕاستی ووشەوە یان کۆتایی وەك: الأنْهار، أنْعَمتَ، عَنْ

تەنوین: بریتییە لە نوونێکی زەنەداری زیادە کە لە کاتی ووتن و گرێ دان دەمێنێت بەڵام لە نوسین و ڕاوەستان دا نامێنێت، تەنوین لە فرمان و پیت دا نایەت و ناشکەوێتە ناوەڕاستی ووشەوە، بەڵکودەکەوێتە کۆتایی و ناوەوەی ناو، وەك: دووسەر ـً، دووژێر ـٍ، دووبۆر ـٌ) دا دەنوسێرێت وەك: حساباً = حسابَنْ، جناتٍ = جناتِنْ، كتابٌ = كتابُنْ.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی پێناسەی نوونی زەنەدار و تەنوین لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

اعلَم بِأنَّ النـُّونَ وَالتَّنوينا — قَدْ عرَّفوهُما بأَنَّ النُّونا
ساكِنَةٌ أَصْليَّةٌ تَثْبُتُ في — لَفْظٍ وَوَصْلٌ ثُمَّ خطٍ مَوْقِفِ
وَهْيَ تَكُونُ في اسمٍ أَو فِعْلٍ وَفِي — حَرْفٍ وَفِي وَسْطٍ تُرَي وَطَـرَف
ولَكِنِ التَّنْوِينُ نونٌ ساكِنَةْ — زائدةٌ في آخـرِ اسمٍ كائِنَة
تَثْبُتُ فِي اللَّفظِ وَفِي الوَصْلِ وَلاَ — تَثْبُتُ في الخطِّ وَفي الوَقْفِ كِلا

## بەیەك گەیشتنی نوونی زەنەدارو تەنوین لەگەڵ پیتەكانی تر

ئەگەر نوونی زەنەدار یان تەنوین  بگەن بە پیتەكانی زمانی عەرەبی، چوار حاڵەت ڕوو دەدات ئەوانیش: دەرخستن (الإِظْهَارْ، الإِدْغَامْ، الإِقْلابْ، الإِخْفَاءْ) وا لێرەدا بە درێژی باسیان دەكەین:

**یەكەم: دەرخستن (الإِظْهَارْ):**

بریتییە لە دەرخستنی نوونی زەنەدار یا تەنوین لە دەرچەی خۆیانەوە بەبێ مینگەی زیادە لەكاتی گەیشتنیان بەم شەش پیتە (ء، هـ، ع، غ، ح، خ)  هەموو ئەم پیتانەش لەسەرەتای ووشەكانی ئەم دێرەدا كۆكراوەتەوە: أَخِي، هَاكَ، عِلْماً، حَازَهُ، غَيرُ، خَاسِر.

تێبینی:

١- نوونی زەنەدار لە یەك ووشەدا و لە نێوان دوو ووشەدا، بەم شەش پیتە دەگات ، بەڵام تەنوین تەنها لە نێوان دوو ووشەدا بەم شەش پیتە دەگات.

٢-هۆی ئاشكراكردنی نوونی زەنەدار و تەنوین لەكاتی گەیشتنیان بەم شەش پیتە دەگرێتەوە بۆ دووری دەرچەی نوونی زەنەدار و تەنوین لە دەرچەی ئەم شەش پیتە. هەتا دەرچەی پیتەكە لە دەرچەی نونەكەوە دوورتر بێت ئەوا نونەكە زیاتر ئاشكرا دەكرێت.

٣-ئەم حاڵەتە پێی دەوترێت دەرخستنی گەروویی چونكە ئەم شەش پیتە لە گەرووەوە دەردەچن.

نموونەی دەرخستن (الإِظْهَارْ)

| ژ | پیتەکان | لە یەك ووشەدا | لە دوو ووشەدا | لەگەڵ تەنوین |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | ء الهمزة | يَنْئَوْنَ | مَنْ ءَامَنَ | كُلٌّ ءَامَنَ |
| ٢ | هـ الهاء | الأَنْهَار | مِنْ هَادٍ | جُرُفٍ هَارٍ |
| ٣ | ع العين | أَنْعَمْتَ | مِنْ عِلْمٍ | حَكِيمٌ عَلِيمٌ |
| ٤ | ح الحاء | يَنْحِتُونٌ | تَنْزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ | حَكِيمٍ حَمِيدٍ |
| ٥ | غ الغين | فَسَيُنْغِضُونَ | مِّنْ غِلّ | قولاً غَيْرُ |
| ٦ | خ الخاء | والْمُنْخَنِقَةُ | مِنْ خَيْرٍ | عَلِيمٌ خَبِيرٌ |

**دووەم: تێکهەڵکێش کردن (الإِدْغَام):**

بریتییە لە تێکهەڵکێشانی نوونی زەنەدار یا تەنوین لەم شەش پیتە (ی، ر، م، ل، و، ن) ئەگەر بە دوایدا هاتن، ئەو کاتەش دەبنە یەك پیتی جووت پیتی ئەم شەش پیتە، ئەم پیتانە لە ووشەی (يَرْمُلُونَ) دا کۆکراوەتەوە.

تێبینی:

١-ئەم حاڵەتە لە یەك ووشەدا ڕوونادات.

٢-تەنها چوار ووشە لە قورئان دا هەیە کە نوونی زەنەداری تێدا بەم پیتانە گەیشتووە،نوونەکانی ئەو چوار ووشەیە لەگەڵ پیتی دوای خۆیان تێهەڵکێش نابن چونکە دەبێتە هۆی گۆڕینی مانای ووشەکە، ئەو ووشانەش: (الدُّنيا، صِنْوان، قِنْوان، بُنْيان) دەرخستنی نوونەکە لێرەدا بە تەواوی ئاشکرا دەکەین.

٣- تەنها لەم سێ شوێنەدا (يَس وَالْقُران، نْ وَالقَلَم، مَنْ رَاق) هەرچەندە حاڵەتی تێهەڵکێش (ادغام) ن بەڵام لە گێڕانەوەی حەفص لە ئیمامی شاطبی یەوە دەردەخرێن و حوکمی (الاظهار) وەردەگرن..

٤- هۆی تێکهەڵکێش کردنی نوونی زەنەدار یا تەنوین لەم پیتانە دەگرێتەوە بۆ ئەوەی کە دەرچەی نوونە زەنەدارەکە و نوونە جوڵاوەکە یەکن، دەرچەی نوونە زەنەدارەکە و باقی پیتەکانی تریش لێکەوە نزیکن.

پرسیار: چەند جۆرە تێکهەڵکێشمان هەیە؟

وەڵام: دوو جۆرن ئەوانیش:

١- **تێکهەڵکێش بە مینگەوە (الإدغام بِغُنة):** لە کاتی تێکهەڵکێشکردنی نوونی زەنەدار یا تەنویندا دەبێت لەگەڵ ئەم چوار پیتەی یرملونەکە (ی، ن، م، و) ئەم حاڵەتە پێشی دەوترێ (تێکهەڵکێشکردنی ناتەواو) چونکە نوونە زەنەدارەکەو تەنوینەکە نامێنن و لە جێی ئەوان مینگەکە دروست دەبێت..

نموونەی تێکهەڵکێش کردن بە مینگەوە:

| ژ | پیتەکان | لەگەڵ نوون دا | لەگەڵ تەنوین |
|---|---|---|---|
| ١ | ي الياء | مَنْ يَقُول | بَرْقٌ يَّجْعَلُونَ |
| ٢ | ن النوون | مِنْ نِّعْمَة | يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ |
| ٣ | م الميم | مِّنْ مَّال | لُؤلُؤاً مَّنْثوراً |
| ٤ | و الواو | مِنْ وَال | وَلِكُلٍّ وِجْهَةً |

٢-**تێکهەڵکێش کردن بێ مینگە (الإِدغام بغیر غنة):** لە کاتی تێکهەڵکێشکردنی تەواوی نوونی زەنەدار یا تەنوین دەبێت لەگەڵ ئەم دوو پیتە: (ل،ر). ئەم حاڵەتە پێشی دەوترێ (تێکهەڵکێشکردنی تەواو) چونکە نوونی زەنەدارو نوونی تەنوینەکە بە تەواوی نە خۆیان دەمێنن نە سیفەتیان و نە هیچیش دێتە شوێنیان.

نموونەی تێکهەڵکێش کردن بێ مینگە

| ژ | پیتەکان | لەگەڵ نوون دا | نمونە لەگەڵ تەنوین |
|---|---|---|---|
| ١ | ل الام | مِنْ لَّدُنْهُ = مِلَّدُنْهُ | هُمَزَةٍ لُّمَزَة = هُمَزَةِ لُّمَزَة |
| ٢ | ر الراء | مِنْ رَّبِّهِم = مِرَّبِهِم | غَفُورٌ رَّحِيم = غَفُورُ رَّحيم |

**سێیەم:گۆڕین (الإِقْلابْ):** بریتییە لە گۆڕین یا هەڵگێڕانەوەی نوونی زەنەدار یا تەنوین بۆ پیتی(م) ئەمەش لەکاتی گەیشتنیانیاندایە بە پیتی (ب) لەگەڵ ڕەچاو کردنی مینگەو شاردنەوەی میمەکە، لەم حاڵەتەدا نوونی زەنەدار لەگەڵ پیتی (ب) هەم لە یەك ووشەدا دەبێت و هەم لە دوو ووشەدا، بەڵام لەگەڵ تەنوین دا هەر لە دوو ووشەدا دەبێت.

تێبینی:

١- هۆی گۆڕینی نونی زەنەدار و تەنوین بۆ پیتی میم بۆ ئەوەیە کە پیتی میمەکە بەشداری پیتی (ب)بکات لە دەرچەوە وە بەشداری پیتی نون و تەنوینەکە بکات لە مینگەدا.

٢- شاردنەوەی پیتی میم بە کەمکردنەوەی پشت بەستن بە دەرچەی پیتی میمەکە دەبێت کە دوو لێوەکانە.

نموونە بۆ حاڵەتی گۆڕین:

| پیتەک ە | لەیەک ووشەدا | لە دوو ووشەدا | لە گەڵ تەنوین |
|---|---|---|---|
| ب | أَنْبِئْهُمْ = أَمْبِئْهُمْ | أَنْ بُورِكَ= أَمْ بُورِكَ | مُنْفُطِرٌ بِهِ = مُنفَطِرم بِهِ |

**چوارەم: شاردنەوە (الإِخْفَاء):** بریتییە لە شاردنەوەی نوونی زەنەدار یا تەنوین بەجۆرێك لە نێوان حاڵەتی ئاشكراكردن و تێكهەڵكێش كردن دا بێت، ئەمەش لەكاتی گەیشتنیانە بەم پازدە پیتە (ص، ذ، ث، ك، ج، ش، ق، س، د، ط، ز، ف، ت، ض، ظ) هاوڕێ لەگەڵ مینگەدا دەبێت، بێ جووت پیت (تشدید) كردنی پیتەكان، هەموو ئەم پیتانە لەسەرەتای ووشەكانی ئەم ڕیزە هۆنراوەیەدا كۆكراوەتەوە:

صِفْ ذَا ثَنَا كَمْ جَادَ شَخْصٌ قَدْ سَمَا دُمْ طَيِّبًا زِدْ فِي تُقًى ضَعْ ظَالِمَا

تێبینی:

١- ئەم حاڵەتە لە یەك و ووشە و لە دوو ووشەشدا ڕوودەدات.

٢-لەبەر ئەوەی دەرچەی ئەم پیتانە نەوەك پیتەكانی ئاشكراكردنن (كە دەرچەیان لە نوون و تەنوینەكەوە دوورە) نەوەك پیتەكانی تێكهەڵكێش كردنیشن (كە دەرچەیان لە نوون و تەنوینەكەوە نزیكە) بۆیە حاڵەتێكی مام ناوەندی وەردەگیرێت و دەشاررێتەوە.

٣-ئەگەر نوونی زەنەدار یا تەنوین بەم پیتانە (ص، ق، ط، ض، ظ) گەیشتن - كە سیفەتی بڵندییان هەیە- ئەوا مینگەی نوونەزەنەدارو تەنوینەكە بە قەڵەوی دەردەچێت، بەڵام لەگەڵ باقی پیتەكانی تردا (ذ، ث، ك، ج، ش، س، د، ز، ف، ت)كە سیفەتی لاوازیان هەیە مینگەكە بە لاوازی دەردەچێت.

پرسیار: ئایا حاڵەتی شاردنەوەی نوون و تەنوین پلەی هەیە؟

وەڵام: بەڵێ، سێ پلەی هەیە، ئەوانیش:

١- **زۆرترین:** ئەگەر نوونی زەنەدار یا تەنوین بە سێ پیتی (ط، د، ت) گەیشتن، ئەوا شاردنەوەی نوونەکە بە تەواوی دەبێت و تەنها مینگەکەی دەمێنێتەوە، ئەوەش بەهۆی نزیکی دەرچەکانیانەوە.

٢-**مام ناوەند:** ئەگەر نوونی زەنەدار یا تەنوینەکە بە باقی دە پیتەکانی تر (ص، ذ، ث، ج، ش، س، ز، ف، ض، ظ) گەیشتن، ئەوا شاردنەوەی نوونەکە مام ناوەندی دەبێت.

٣-**کەمترین:** ئەگەر نوونی زەنەدار یا تەنوین بە دوو پیتی(ك، ق) گەیشتن، ئەوا شاردنەوەی نوون و تەنوینەکە کەمتر دەبێت، ئەویش بەهۆی دووری دەرچەی نوون و تەنوینەکەیە لە دەرچەی ئەم دوو پیتەوە.

نموونەی حاڵەتی شاردنەوە:

| ژ | پیتەکان | نمونە لە یەك ووشەدا | نمونە لە دوو ووشەدا | نموونە لەگەڵ تەنوین |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ص | وَالأَنْصَار | أَنْ صَدُّوكُمْ | رِيحاً صَرْصَراً |
| ٢ | ذ | وَأَنْذِرْهُم | مِنْ ذَهَبْ | ظِلٍّ ذِي ثَلَاثِ شُعَبٍ |
| ٣ | ث | وَالأُنْثَى | مِنْ ثَمَرَةٍ رِزْقاً | قَوْلاً ثَقِيلا |
| ٤ | ك | مِنْكُم | مَنْ كَانَ | كِتَابٌ كَرِيم |
| ٥ | ج | وَأَنْجَيْنَا | إنْ جَاءَكُمْ | خَلْقٍ جَدِيد |
| ٦ | ش | فَأَنْشَرْنَا | إنْ شَاءَ الله | إِنَّهُ و غَفُورٌ شَكُور |
| ٧ | ق | انْقَلَبُوا | مِنْ قَرَار | إِنَّهُ و سَمِيعٌ قَرِيب |
| ٨ | س | الإِنْسَان | مِنْ سُلالَة | وُرَجُلاً سَلَما |
| ٩ | د | أَنْدَادا | مِنْ دآبَّةِ | وَكَأَساً دِهَاقَا |
| ١٠ | ط | بِقِنْطَار | مِنْ طِين | صَعَيداً طَيِّبَا |
| ١١ | ز | تَنْزِيلُ | مِّنْ زَوَال | صَعِيداً زَلَقًا |
| | ف | فَأنْفَلَقَ | مِّنْ فَضْلِ الله | خَالِداً فِيهَا |
| ١٢ | ت | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | ض | وَكُنْتُمْ | وَمَنْ تَابَ | قانتاتٍ تَائبات |
| ١٤ | ظ | مَّنضُود | وَمَن ضَلَّ | وَكُلاًّ ضَرَبْنَا |
| ١٥ | | يَنظُرُون | مِّن ظَهِير | ظِلاً ظَلِيلا |

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ڕێساكانی نوونی ساكینە و تەنوین لە مەتنی (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

لِلنونِ إنْ تَسْكُنْ وَلِلتَّنْوِينِ ... أَرْبَعُ أَحْكَامٍ فَخُذْ تَبْيِينِي
فَالأَوَّلُ الإظْهَارُ قَبْلَ أَحْرُفِ ... لِلْحَلْقِ سِتٍّ رُتِّبَتْ فَلْتَعْرِفِ
هَمْزٌ فَهَاءٌ ثُمَّ عَيْنٌ حَاءُ ... مُهْمَلَتَانِ ثُمَّ غَيْنٌ خَاءُ
والثَّانِ إدْغَامٌ بِستَّةٍ أَتَتْ ... فِي يَرْمَلُونَ عِنْدَهُمْ قَدْ ثَبَتَتْ
لَكِنَّهَا قِسْمَانِ قِسْمٌ يُدْغَمَا ... فِيهِ بِغُنَّةٍ بِيَنْمُو عُلِمَا
إلاَّ إذَا كَانَ بِكِلْمَةٍ فَلاَ ... تُدْغَمْ كَدُنْيَا ثُمَّ صِنْوَانٍ تَلاَ
وَالثَّانِ إدْغَامٌ بِغَيْرِ غُنَّهْ ... فِي اللاَّمِ وَالرَّا ثُمَّ كَرِّرَنَّهْ
وَالثَّالِثُ الإقْلاَبُ عِنْدَ الْبَاءِ ... مِيمًا بِغُنَّةٍ مَعَ الإخْفَاءِ
وَالرَّابِعُ الإخْفَاءُ عِنْدَ الْفَاضِلِ ... مِنَ الحُرُوفِ وَاجِبٌ لِلْفَاضِلِ
فِي خَمْسَةٍ مِنْ بَعْدِ عَشْرٍ رَمْزُهَا ... فِي كِلْمِ هَذَا البَيْتِ قَد ضَمَّنْتُهَا دُم
صِفْ ذَا ثَنَا كَمْ جَادَ شَخْصٌ قَدْسَمَا ... طَيِّباً زِدْ فِي تُتقًى ضَعْ ظَالِمَا

# ڕێساکانی میمی زەنەدار

## (أَحْكام المِيم السَاكِنة)

پرسیار: میمی زەنەدار چی یە؟

وەڵام: ئەو میمە کە هیچ سەروبۆرێکی نیە (مْ) وەك: لەسەر وەستانیدا: وُجُهَكُمْ، لە بەسەر ڕۆشتنیدا: يَمْلِكُون.

پرسیار: ئایا پیتی میمی زەنەدار الف (ا) ی لە دواوە دێت ؟

وەڵام: نەخێر بە هیچ جۆرێك میمی زەنەدار (مْ) ئەلفی لە دواوە نایەت وەك ئەوی بڵێین: مْا،چونکە ئەلف هەمیشە دەبێت پیتەکەی پێشی سەر (فەتحەی) هەبێت. ئەگەر میمی زەنەدار بە هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبی . جگە لە ئەلف . بگات، سێ حاڵەتی دەبێت، ئەوانیش (الإخفاء، الإدغام، الإظهار) ن، وا لێرەشدا بە درێژی باسیان دەکەین:

**یەکەم: بە ژێرلێوەوە کردن (إِخْفَاء الشَفَوي)**: بریتییە لە شاردنەوەی میمە زەنەدارەکە، ئەمەش لەو کاتەیدایە کە بە پیتی (ب) گەیشتووە، ئەوکاتەش بە مینگەیەکی تەواوەوەیە، وەك: يَومَ هُمْ بَارِزُون، تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَة، كُنْتُمْ بِهِ

تێبینی:

١- هۆی شاردنەوەی میمی زەنەدار لە کاتی گەیشتنی بە پیتی (ب) دا ئەوەیە کە ئەم دوو پیتە هەردووکیان لە یەك دەرچەوە دەردەچن.

٢- ئەم حاڵەتە بۆیە پێی دەوترێ بە ژێر لێوەوە کردن واتە شاردنەوەی لێویی، چونکە دەرچەی پیتی (م، ب) دوو لێوەکانن.

٣- دوو شێوە شاردنەوەی میمی زەنەدارمان هەیە ئەوانیش: یان دوو لێوەکان بە یەکەوە بنوسێنین لەگەڵ دەرچوونی مینگەیەکی تەواودا. یان بۆشایەکی بچوك لە نێوان دوو لێوەکان دا بە ئەندازەی پێنوسێکی ئاسایی بکرێتەوە، لەگەڵ دەرچوونی مینگەیەکی تەواودا.

**دووەم: تێکهەڵکێش کردنی بچوکی وەکیەکیی (إِدْغَامْ المِثْلَيْنْ صَغِير)**: بریتییە لە تێکهەڵکێش کردنی میمی زەنەدار (مْ) لە کاتی گەیشتنی بە میمێکی جوڵاو (مُ، مِ، مَ) دا، لەگەڵ دروست بوونی تەواوترین مینگە وەك: رَبِّهِمْ مِّنْ، لَهُمْ مَّا يَشَآءُون، أَنَّهُمْ مَّبْعُوثُون.

تێبینی:

هۆی تێکهەڵکێشکردنی میمی زەنەدار لەکاتی گەیشتنی بە میمێکی جوڵاودا، ئەوەیە کە ئەم دوو پیتە دەرچەو سیفەتیان یەکە، پێشی دەوترێ تێکهەڵکێشکردنی وەکیەکی بچوك.

**سێیەم: دەرخستنی لێویی (الإِظْهَار الشَفَوِي)**: بریتییە لە ئاشکراکردنی میمی زەنەدار لەکاتی گەیشتنی بە هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبی جگە لە پیتی (ب، م) وەك: أَلَمْ تَرَ، أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِمَاً، عَلَيْهِمْ وَلا، وَهُمْ فِيهَا.

تێبینی:

١- هۆی ئاشکراکردنی میمی زەنەدار لەکاتی گەیشنی بەم پیتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ دووری دەرچەی میم لە دەرچەی ئەم پیتانەوە، جگە لە پیتی (و، ف).

٢- پێویستە لەکاتی گەیشتنی میمی زەنەدار بە پیتی (ف، و) ڕەچاوی زیاتر ئاشکراکردنی میمەکە بکرێت بەهۆی یەك بوونی دەرچەی میمی زەنەدار لەگەڵ (و) دا کە هەردووکیان (لە دوو لێوەکانەوە) دەردەچن، نزیکی دەرچەی میم و پیتی ف.

٣- ئەم حاڵەتە بۆیە پێی دەوترێ ئاشکراکردنی لێوی چونکە دەرچەی پیتی (م) دوو لێوەکانن

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ڕێساکانی میمی زەنەدار لە مەتنی (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

وَالمِيمُ إِنْ تَسْكُنْ تَجِي قَبْلَ الْهِجَا لاَ أَلِفٍ لَيِّنَةٍ لِذِي الْحِجَا
أَحْكَامُهَا ثَلاَثَةٌ لِمَنْ ضَبَطْ إِخْفَاءٌ ادْغَامٌ وَإِظْهَارٌ فَقَطْ
فَالأَوَّلُ الإِخْفَاءُ عِنْدَ الْبَاءِ وَسَمِّهِ الشَّفْوِيَّ لِلْقُرَّاءِ

وَالثَّانِ إِدْغَامٌ بِمِثْلِهَا أَتَى وَسَمِّ إِدْغَامًا صَغِيرًا يَا فَتَى
وَالثَّالِثُ الإِظْهَارُ فِي الْبَقِيَّهْ مِنْ أَحْرُفٍ وَسَمِّهَا شَفْوِيَّهْ
وَاحْذَرْ لَدَى وَاوٌ وَفَا أَنْ تَخْتَفِي لِقُرْبِهَا وَلاتِّحَادِ فَاعْرِفِ

# ڕێساكانی میم و نوونی جووت پیت

## (حُكْمُ الميم والنوون المشددتَين)

پرسیار: مەبەست لە پیتی جووت پیت (موشەددەد) چی یە؟

وەڵام: بریتیە لە یەككگرتنی دووپیتی وەك یەك،كە پیتی یەكەمیان زەنەدارەو پیتی دووەمیان جوڵاوە وەك: بْ + بُ = بُّ نموونە لە قورئان دا: عمْ + مَ = عمَّ.

پرسیار: حوكمی نوون و میمی جووت پیت چی یە؟

وەڵام: ئەگەر نوون و میم جووت پیت (موشەددەد) بوون، ئەوا پێویستە لە كاتی ووتنیان دا مینگەی بۆ دروست بكەین بە ئەندازەی دوو حەرەكەت چ لەسەر ئەم دوو پیتە بوەستین چ بڕۆین، وەك: إنَّ الذین، فَأَمَّا، إِنَّهُم، ثُمَّ.

ئەگەر لەسەر پیتی إنَّ بوەستین ئەوا فەتحەكە دەبێت بە زەنە بەڵام شەددەكە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە إنّ و بە ئەندازەی دوو حەرەكە مینگەی بۆ دەكەین.

پرسیار: نوون و میمی جووت پیت بەچی ناو دەبرێن؟

وەڵام: ئەم دوو پیتە پێیان دەوترێ پیتی مینگە، هەر یەك لە نوون و میمی جووت پیت لە فرمان و ناوو و پیت دا هەن.

نموونەی پیتی نوون و میمی جووت پیت (موشەددەد)

| پیتەكان | نموونەی لە ناودا | نموونەی لە فرمان دا | نموونەی لە پیت دا |
|---|---|---|---|
| نّ | مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاس | يَمُنُّونَ ،لَقَدْ مَنَّ الله | إِنَّ، أَنَّ، لَكِنَّ |
| مّ | مُحَمَّدٌ رَسُولُ الله | هَمَّتْ بِهِ، وَهَمَّ بِهَا | فَأَمَّا، ثُمَّ |

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ڕێساکانی نوون و میمی جووت پیت لە مەتنی (تحفة الاطفال)دا دەفەرموێ:وَغُنَّ مِيمًا ثُمَّ نوونا شُدِّدَا وَسَمِّ كُلاً حَرْفَ غُنَّةٍ بَدَا

## ڕێسای پیتە لێك چووەكان، لێك نزیكەكان، سازاوەكان، لێك دوورەكان (أحكام المُتَمَاثِلَيْنْ، المُتَقاربِينْ، المُتَجانِسَين، المُتَباعِدَين)

### ڕێسای پیتە لێك چووەكان (المُتَمَاثِلَيْنْ)

لێكچووەكان (المُتَمَاثِلَيْنْ): بریتییە لە دوو پیتی وەك یەك (كە دەرچە و سیفەتیان یەكە) وەك (ب، ب، ت، ت) ئەمەش ئەكرێت بە سێ بەشەوە:

یەكەم: لێكچووی بچوك (المُتَمَاثِلَيْنْ الصَغير): بریتییە لە دوو پیتی وەك یەك كە یەكەمیان زەنەدارە و دووەمیان جوڵاوە، وە حوكمەكەی: تێكهەڵكێش كردنی هەردوو پیتەكەیە، وەك: وَلَكُمْ مَّا كَسَبْتُم = وَلَكُمَّا كَسَبْتُم، اضرِبْ بِّعَصَاكَ = اضَرِبِّعَصَاكَ

تێبینی:

١-ئەگەر پیتی یەكەمیان كە زەنەدارەكەیە پیتی مەدد بوو ئەوا دەبێت ئاشكرا بكرێت وەك:

قَالُوْا وَهم: ئەمە ناگۆڕین بۆ قَالُوَّهم، فِيْ يَوم: نایگۆڕین بە فِيَّوم،، بەڵكو هەر وەك خۆیان دەیانهێڵینەوە بۆ ئەوەی مافی مەددەكە بدەین.

٢- ئەگەر پیتی یەكەم كە پیتە زەنەدارەكەیە هاء (ه) بوو بەڵام سەكتەی لەسەر بوو (وەستانی كورتی بێ هەناسە) وەك: مَا أَغْنَىٰ عَنِّي مَالِيَهْ س هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيهْ ، لێرەدا دوو شێوە هەیە، دەتوانین ئاشكرای بكەین لەگەڵ وەستانی بێ

هەناسە، وەك: (مَا أَغْنَىٰ عَنِّي مَالِيَهْ ۜ هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيَهْ)، یان تێكهەڵكێشی بكەین بەبێ وەستان: مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهّلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيهْ..

دووەم: لێكچووی گەورە (المُتَماثِلين كَبِير): بریتییە لە دوو پیتی وەك یەك كە هەردووكیان جوڵاو بن، وە حوكمەكەی بریتییە لە: ئاشكرا كردنی ئەم دوو پیتە، وەك: فيهِ هُدى، جَاءَ أَمْرونا.

سێیەم: لێكچووی گشتی (المُتَمَاثِلَيْن مَطْلَق): بریتییە لە دووپیتی وەك یەك كە یەكەمیان جوڵاوە و دووەمیان زەنەدارە، حوكمەكەی: ئاشكرا كردنیان پێویستە، وەك: مَا نَنْسَخْ، مَمْنُونٍ.

## ڕێسای پیتە لێك نزیكەكان (المُتَقارِبَين)

لێك نزیكەكان (المُتَقارِبَين): بریتییە لە دوو پیت كە لە دەرچە و سیفەت دا یان تەنها لە دەرچەدا یان تەنها لە سیفەتدا لەیەكەوە نزیك بن وەك: (ت، ث، د، س، ذ، ج) ئەمەش دەكرێت بە سێ بەشەوە ئەوانیش:

یەكەم: لێك نزیكی بچوك (المُتقارِبَين الصَغِير): بریتییە لە دوو پیتی لەیەك نزیك، كە یەكەمیان زەنەدار بێ و دووەمیان جوڵاو بێت،حوكمی ئەمە: ئاشكراكردنە، وەك: قَدْ سَمِعَ اللّه.

تێبینی: لە چەند حاڵەتێك دا لێك نزیكەكان تێكهەڵكێش دەكرێن ئەوانیش:

١- تێكهەڵكێش كردنی لامی تەعریف (ناساندن) لەگەڵ پیتە شەمسی یەكان وەك: الْطَارِق = اطَّارِق، الْرَحِيم = ارَّحِيم، پیتە شەمسیەكان بریتین لە: (ت، ث، د، ذ، ز، ش، ر، س، ص، ل، ن، ظ، ط، ض) لێرەدا تەنها پیتی (ل) هەرچەندە لە پیتە شەمسیەكانە بەلاَم بە حاڵەتی لێك نزیك دانانرێت چونكە حوكمی حاڵەتی لێك چوو (المُتَمَاثِلَيْن) وەردەگرێ.

٢- تێکهەڵکێش کردنی پیتی نوونی زەنەدار یا تەنوین لەم پیتانە (ل، ر، و، ی، م) وەك: مِنْ لَدُن = مِلَّدُن، مِن رَبِّهِم = مِرَّ بِّهَم، مِنْ وَلِي = مِوَّلِي، مَنْ يَشَاء، مِنْ مَا مَلَكَت.

بەڵام لەم سێ شوێنەدا (يَس وَالْقُران، نْ وَالقَلَم، مَنْ رَاق) ئاشكرا دەكرێن.

٣- تێکهەڵکێش کردنی پیتی (ق) لە پیتی (ك) لەم ووشەیەدا: أَلَمْ نَخْلُقْكُمْ= أَلَم نَخْلُكُّم یان أَلَمْ نَخْلُقْكُم، بەڵام بەبێ لەرینەوەی(قەلقەلە) پیتی قافەکە.

٤- تێکهەڵکێش کردنی لامی زەنەدار (لْ) لە پیتی (ر) جا ئەگەر لە پیت یا فرمان دا بێت وەك: بَلْ رَبُّكُم، وَقُلْ رَبِّي، تەنها لەم نموونەیەدا (بَلْ<sup>س</sup> رَان) بەهۆی وەستانی بێ هەناسەوە (سەكتە) ئاشكرای دەكەین.

دووەم: لێك نزیكی گەورە (المُتَقارِبَين الكَبير): بریتییە لە دوو پیتی لێك نزیك كە هەردووكیان جوڵاو بن، حوكمەكەی ئاشكراكردنە وەك: فَوْقِكُم.

سێیەم: لێك نزیكی گشتی (المُتَقارِبَين مَطْلَقْ): بریتییە لە دوو پیتی لێك نزیك، كە یەكەمیان جوڵاوو دووەمیان زەنەدار بێت، حوكمەكەی ئاشكراكردنە، وەك: وَلَا يَسْتَثْنُونَ.

## ڕێسای پیتە سازاوەكان (المُتَجانِسَين)

سازاوەكان (المُتَجانِسَين): بریتییە لە دوو پیت كە دەرچەیان یەك بێ و سیفەتیان جیاواز بێت وەك: (د، ت، ت، د، ت، ط، ذ، ظ) ئەم حاڵەتەش دەكرێت بە سێ بەشەوە:

یەکەم: زۆرسازاو (المُتَجانِسَين صَغِير): بریتییە لە دوو پیتی پێکەوە سازاو کە یەکەمیان زەنەدارە و دووەمیان جوڵاوە، حوکمەکەی: پێویستە هەردوو پیتەکە تێکهەڵکێش بکرێن، وەك:

* د لە ت دا: وَقَدْ تَّبَيَنَ = وَقَتَّبَيَنَ.

* ت لە د دا: فَلَمَّا أَثْقَلَتْ دَّعَوا اللهِ = فَلَمَّا أَثْقَلَدَّعَوا الله.

* ت لە ط دا: إِذْ هَمَّتْ طَّائِفَتَانِ = إِذْ هَمَّطَّائِفَتَانِ.

* ط لە ت دا: أَحَطْتُ = أحَطْتُ، بەشێوەیەکی ناتەوا ئیدغامی دەکەین بەوەی وەك خۆی دەیخوێنینەوە بەبێ (قەلقەلە)ی پیتی ط.

* ذ لە ظ دا: إِذْ ظَّلَمْتُمْ = إِظَّلَمْتُمْ.

* ث لە ذ دا: يَلْهَثْ ذَّلِكَ = يَلْهَذَّلِكَ.

* ب لە م دا: ارْكَبْ مَّعَنَا = ارْكَمَّعَنَا.. لە ڕیوایەتی حەفص دا تەنها ئەم نموونەیەمان هەیە بۆ تێکهەڵکێش کردنی پیتی ب لە م دا.

تێبینی:

تەنها لەم سێ حاڵەتەدا هەرچەندە دوو پیتەکان پێکەوە سازاون بەڵام ئاشکرایان دەکەین:

- ئەگەر پیتە زەنەدارەکەی یەکەم لە پیتەکانی گەروو بێت وەك: فَاْصفَحْ عَنهُم.

- ئەگەر پیتە زەنەدارەکەی یەکەم لە پیتەکانی ناوەڕاستی زمان بێت وەك: خَشْيَة.

- ئەگەر پیتە زەنەدارەکەی یەکەم لە پیتە لێوەیەکان بێت وەك: أَمْوَال، يَلْعَبْ وَإِنَا.

٢-کەمسازاو (المُتَقارِبَين الكَبِيْر): بریتییە لە دوو پیتی پەیوەندی دار کە هەردووکیان جوڵاو بن، حوکمەکەی: ئاشکراکردنە، وەك: ولْتَأْتِ طَآئِفة.

٣-سازاوی گشتی (المُتَقارِبَين المُطْلَقْ): بریتییە لە دووپیتی پەیوەندی دار کە یەکەمیان جوڵاو و دووەمیان زەنەدار بێت، حوکمەکەی: پێویستە ئاشکرا بکرێت، ئەمەش کۆڕای لەسەرە، وەك: أفَـتَـطْمَعُون.

## ڕێسای پیتە لێك دوورەکان (المُتَبَاعِدَينْ)

لێك دوورەکان (المُتَبَاعِدَين): بریتییە لە دوو پیت کە دەرچەیان لە هی یەکترەوە دووربێت و سیفەتیشیان جیاواز بێت، وەك: (ك، ه، ح، ق، ت، ع)

حوکمەکەی: ئاشکرا کردنی هەردوو پیتەکەیە، ئەم حاڵەتەش دەکرێ بە سێ بەشەوە:

یەکەم: بچوك (المُتَبَاعِدَيْن الصغِير): بریتییە لە دوو پیتی لەیەك دوور، کە یەکەمیان زەنەدار بێ و دووەمیان جوڵاو بێت، حوکمەکەی: بریتییە لە ئاشکراکردن، وەك: تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ.

٢-گەورە (المُتَبَاعِدَيْن الكَبِير): بریتییە لە دوو پیتی لێك دوور، کە هەردووکیان جوڵاو بن، حوکمەکەی: ئاشکرا کردنە، وەك: فاكِهُون.

٣-گشتی (المُتَبَاعِدَيْن المُطْلَق): بریتییە لە دوو پیتی لێك دوور،کە یەکەمیان جوڵاو ودووەمیان زەنەدار بێت، حوکمەکەی: ئاشکراکردنە، وەك: هُوَ الحَقّ.

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ڕێساکانی (المُتَمَاثِلَيْن، المُتَقارِبينْ، المُتَجانِسَين، المُتَباعِدَين) لە (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

إنْ فِي الصِّفَاتِ وَالْمَخَارِجِ اتَّفَقْ حَرْفَانِ فَالْمِثْلاَنِ فِيهِمَا أَحَقْ
وَإِنْ يَكُونَا مَخْرَجًا تَقَارَبَا وَفِي الصِّفَاتِ اخْتَلَفَا يُلَقَّبَا
مُتَقَارِبَيْنِ أَوْ يَكُونَا اتَّفَقَا فِي مَخْرَجٍ دُونَ الصِّفَاتِ حُقِّقَا
بِالْمُتَجَانِسَيْنِ ثُمَّ إِنْ سَكَنْ أَوَّلُ كُلٍّ فَالصَّغِيرَ سَمِّيَنْ
أَوْ حُرِّكَ الحَرْفَانِ فِي كُلٍّ فَقُلْ كُلٌّ كَبِيرٌ وافْهَمَنْهُ بِالْمُثُل

# ڕێسای قەڵەویی و لاوازیی پیتەکان

## (بابْ التَفْخِيمْ وَالتَرْقِيقْ)

پرسیار: قەڵەوی پیت (التَفْخِيمْ) چی یە؟

وەڵام: بریتییە لە ووتنی پیت بە قەڵەوی بەجۆرێك ناو دەم پڕ دەبێت لە دەنگدانەوەی پیتەکە.

پرسیار: لاوازی پیت (التَرقِيقْ) چی یە؟

وەڵام: بریتییە لە لاوازیەك دەچێتە سەر دەنگی پیتەکە لە کاتی ووتنی دا، دەم پڕ نابێت لە دەنگ دانەوەی پیتەکە.

پرسیار: پیتەکان لە ڕووی قەڵەوی و لاوازیەوە چەند بەشن؟

وەڵام: پیتەکان لە ڕووی قەڵەوی و لاوازیەوە سێ بەشن، ئەوانیش:

**یەکەم: هەمیشە قەڵەوەکان:** ئەو پیتانەن کە هەر خۆیان قەڵەون، ئەوانیش ئەو پیتانەی کە پێیان دەوترێت: پیتەکانی بڵندیی (الاستعلاء) کە بریتین لە: (خ، ص، ض، غ، ط، ق، ظ)

**دووەم: پیتە دووشێوازەکان:** ئەو پیتانەن کە هەندێ جار لاواز دەکرێن و هەندێ جاریش قەڵەو دەکرێن ئەوانیش: پیتی (ل) لە ووشەی لەفزی جەلالە (اللّٰه) دا،یان پیتی (ر) پیتی (ا) ی مەدد.

**سێیەم: هەمیشە لاوازەکان:** ئەو پیتانەن کە هەمیشە لاوازن، هەموو پیتە عەرەبییەکانن، جگە لە قەڵەوەوە دوو شێوازەکان.

## پلەکانی قەڵەوی پیتە بڵندییەکان (خ، ص، ض، غ، ط، ق، ظ)
## مَراتِبْ التَفْخِيمْ في حروفْ الإِسْتِعْلاء

پرسیار: ئایا پیتەکانی بڵندی (ئیستیعلاء) پلەی قەڵەوییان هەیە؟

وەڵام: بەڵێ، سێ پلەیان هەیە ئەوانیش:

**یەکەم: بڵندترین پلەی قەڵەویی:** ئەگەر پیتە بڵندیەکە سەری هەبوو، یان زەنەدار بوو، پیتی پێشیشی سەری هەبوو بوو وەك: صَبَرَ، قَتَلَ، أَخْلَدَه، يَضْرِب.

**دووەم: پلەی دووەمی قەڵەویی:** ئەگەر پیتە بڵندەکە بۆری هەبوو، یان زەنەدار بوو، پیتی پێشیشی بۆری هەبوو، وەك: وَطُبِعَ، الْأُخْدُود.

**سێیەم: نزمترین پلەی قەڵەویی:** ئەگەر پیتە بڵندەکە، ژێری هەبوو، یان زەنەدار بوو، پیتی پێشیشی ژێری هەبوو، وەك: نَّخِرَة، أَنِ غْدوا، لِلْمُتَّقِين.

تێبینی: بەهێزترینی پیتەکانی بڵندیی چوار پیتەکەی پێوەنوسانن ئەوانیش: (ص، ض، ط، ظ) ئەم چوار پیتە ئەگەر ژێرداریش بن هیچ لە قەڵەویان کەم نابێتەوە.

شێخ (موتەوەللی) دەربارەی ئەمە دەفەرموێ:

ثُمَّ الْمُفَخَّمَاتُ عَنْهُمْ آتِيَه — عَلَى مَراتِبٍ ثَلاثٍ وَهِيَهْ

مَفْتُوحُها ، مَضْمُومُها ،مَكْسُورُها — وَتَابِعٌ مَا قَبْلَهُ سَاكِنُها

فَمَا أَتى مِنْ قَبْلِهِ مِنْ حَرَكَه — فَافْرِضْهُ مُشْكَلاً بِتِلكَ الْحَرَكه

# حوكمی پیتی لام لە ووشەی لەفزی جەلالە (الله)
# حُكْمْ اللام مِنْ لَفْظْ الْجَلالَة

پرسیار: لەچ كاتێكدا پیتی (ل) لە لەفزی جەلالە (الله) دا قەڵەو یا لاواز دەكرێ ؟

وەڵام: لە دوو حاڵەت دا قەڵەو دەكرێ و لەیەك حاڵەت دا لاواز دەكرێ ئەوانیش:

یەكەم: ئەگەر پیتی پێش ووشەی الله سەری هەبوو وەك: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ.

دووەم: ئەگەر پیتی پێش ووشەی الله بۆری هەبوو وەك: نَصْرُ الله.

سێیەم: ئەگەر پیتی پێش ووشەی الله ژێری هەبوو ئەوا لاواز دەكرێ وەك: بِسْمِ الله.

تێبینی: قەڵەوكردنی پیتی (ل) لای هەموو قورئانەوانان تەنها بۆ ووشەی الله یە تەنها لە گێڕانەوەی تیلاوەتی وەرش دا نەبێت.

شێخ (عثمان بن سلیمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی پیتی لام لە مەتنی (السلسبیل الشافي) دا دەفەرموێ:

والله فخِّم بَعْدَ فَتحةٍ وَضمْ      لا بَعْدَ كَسْرٍ نَحو عَبْدِ الله عَمْ

# حوکمی ئەلفی مەدد

## حُكْمُ ألِفِ المَدِ

پرسیار: لە چ کاتێك دا ئەلفی مەدد قەڵەو دەکرێ و لە چ کاتێك دا لاواز دەکرێ؟

وەڵام: ئەگەر پێش پیتی ئەلفی مەدد پیتێکی قەڵەو هات ئەوا ئەلفەکەش قەڵەو دەکرێ وەك: قَالَ، خَافَ، الَظَّالِمِين، الضَّالِين، وَالصَّائِمِينَ، الغَالِبين، الطَّامَة، هەروەها ئەگەر لە پاش پیتی (ل) ی ووشەی الله هات، لامەکە قەڵەو بوو وەك: عَبْدُ الله، هەروەها ئەگەر پاش پیتی (ر) ی قەڵەو هات وەك: الصِرَاطَ.

ئەگەر پێش پیتی ئەلفی مەدد پیتێکی لاواز هات، ئەوا ئەلفە مەددەکەش لاواز دەکرێ: كَانَ، السَّمَاء، التَّوابْ.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی پیتی لام لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

كُلَّ حُروفِ الاستفالِ رَقِّقِ والأَلِفَ اتبِعْها لحرفٍ سابقِ

# ڕێساکانی پیتی (ر)

## (أَحْكام الرَّاء)

پرسیار: خوێندنەوەی پیتی (ر) چەند شێوە هەیە؟

وەڵام: سێ شێوەی هەیە ئەوانیش:

**یەکەم: قەڵەوکردن (التَفْخِيمْ):** پیتی (ر) لە هەشت حاڵەت دا قەڵەو دەکرێ:

١-ئەگەر پیتی را سەری هەبوو (رَ) وەك: رَبْ، رَحْمَة.

تێبینی: لە ڕیوایەتی حەفص دا تەنها یەك ووشەمان هەیە کە پیتی را فەتحەی لەسەرە بەڵام بەهۆی ئەلفی ئیمالەوە لاواز دەکرێ ئەویش: مَجْرَاهَا کە دەبێتە مَجْرِيها (بە مەجرێها) ئەخوێنرێتەوە.

٢- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەکەی پێشیشی سەری هەبوو، وەك: أَرْسَلَ، يَرْكَعُون.

٣- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەکەی پێشیشی هەر زەنەدار بوو، بەڵام لە پێشیانەوە پیتێکی سەردار (مەفتوح) هەبوو، وەك: والفَجْرْ، عَشْرْ.

٤- ئەگەر پیتی را بۆری هەبوو (رُ) وەك: رُزِقوا، يَتَذَكَرُ.

٥- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەکەی پێشیشی بۆری هەبوو وەك: الفُرْقان، الْقُرْآنُ.

٦- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەکەی پێشیشی هەر زەنەدار بوو، بەڵام لە پێشیانەوە پیتێکی بۆردار (مەضموم) هەبوو وەك: خُسْرْ.

٧- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەکەی پێشیشی ژێری ئەسڵی هەبوو، بەڵام پاش پیتی را پیتێکی بڵندیی (ئیستعلاء) هاتبوو (بەمەرجێك پیتە بڵندیەکە ژێری نەبێت) بۆ ئەم حاڵەتە تەنها پێنج نموونەمان هەیە لە هەموو قورئانی پیرۆز دا: وەك: قِرْطَاسْ، فِرْقَة، إِرْصَادا، مِرْصَادا، لَبِالْمِرْصَاد.

٨- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەکەی پێشیشی ژێری کاتی هەبوو وەك: إِنِ أرْتَبْتُمْ، لِمَنِ أرْتَضى.

تێبینی: لە زمانی عەرەبی دا دوو پیتی زەنەدار (ساكن) بەیەكەوە ناخوێندرێنەوە بۆیە ئەگەر دوو پیتی زەنەدار بەدوای یەكدا هاتن بۆ ئەوەی لەو دوو زەنەیە رزگاریان بێت پیتەكەی یەكەم ژێر (كەسرە) ی بۆ دادەنێن و بەو ژێرە دەڵێن كاتی وەك:إِنْ أرْتَبْتُم دەبێت بە إِنِ أرْتَبْتُم. ئەمەیە كە پێی دەڵێن: (كُسِرَ لالتقاء الساكنين). واتە كەسرەی خراوەتە ژێر لەبەر پێك گەیشتنی دوو پیتی زەنەدار (ساكن).

**دووەم: لاوازكردن (التَرْقِيقْ):** پیتی (ر) لە چوار حاڵەت دا لاواز دەكرێ:

١- ئەگەر پیتی را ژێری هەبوو (رِ) وەك: رِجال، رِزْق.

٢- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەكەی پێشیشی ژێری هەبوو وەك: فِرْعَون، مِرْيَة.

٣- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەكەی پێشیشی هەر زەنەدار بوو، بەڵام لە پێشیانەوە پیتێكی ژێردار (مەكسور) هەبوو، وەك: سِحْرْ، حِجْرْ.

٤-ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەكەی پێشیشی یائی زەنەدار بوو(یْ) جا ئەگەر پیتی پێش یائەكە هەر سەروبۆرێكی هەبێت وەك: قَدِيْرْ، خَيْرْ، بَشِيْرْ.

**سێیەم: دووشێواز (الوَجْهَيْنْ):** پیتی (ر) لە دوو حاڵەت دا دەتوانرێ بە قەڵەوی و لاوازی بخوێندرێتەوە:

١- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەكەی پێشیشی ژێری ئەسڵی هەبوو بەڵام پاش پیتی را پیتێكی بڵندیی مكسور (استعلاء) هاتبێ، لە هەموو قورئان دا تەنها یەك نموونەمان هەیە ئەویش: كُلُ فِرْقٍ.. ئەگەر لەسەری وەستاین ئەوا را بە قەڵەوی دەخوێنینەوە (فِرْقْ).

٢- ئەگەر پیتی را زەنەدار بوو (رْ) پیتەكەی پێشیشی قەڵەو زەنەدار بوو، و لەپێشیشیانەوە پیتێكی مەكسور هاتبوو، لە هەموو قورئان دا تەنها ئەم دوو نموونەیەمان هەیە: القِطْرْ، مِصْرْ.. ئەگەر لەسەر ئەم دوو ووشەیە برۆین ئەوا بە پێ ی سەروبۆری پیتەكە دەخوێنینەوە.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی پیتی را له مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

وَرَقِّقِ الرَّا حَالَ الانكسارِ وَحَالَ إِسْكانٍ عَنِ انكِسارِ
إِنْ كَانَ أَصليًّا وَموصولاً بِها وَلَيسَ عُلْوٌ بَعْدُ فِي كِلْمتِها
وَفِرْقِ الخِلافُ فيهِ مُشْتَهَرْ لأنَّ الاِسْتعلاءَ بَعدَها انكَسَرْ
وَرَقِّقَنْ وَقفًا بُعيْدَ الكَسْرِ أَو يا سَكَنْ أَو ساكِنٍ عَن كَسْرِ
وَالخُلْفُ فِي القِطْرِ وَفِي مِصْرَ أَتَى وَاخْتِيرَ مَا فِي وَصْلِ كُلٍّ ثَبَتَا
وَبَعْدَ فَتح وَانضِمام فَخِّما أَوْ بَعْدَ ساكِنٍ أَتَى بَعْدَهُما
وَرَجَّحوا التَفْخيمَ في وَقْفِ كُسِرْ عَنْ غَيْرِ كَسْرٍ عَكْسَ يَسْرِ وَنُذُرْ

# ڕێساكانی لامی زەنەدار

## (أحكام اللاماتْ السَواكِنْ)

پرسیار: چەند جۆر لامی زەنەدار (لْ) هەیە؟

وەڵام: پێنج جۆر لامی زەنەدارمان هەیە، ئەوانیش:

١- لامی ناساندن (لام التَعريف).

٢- لامی ناوو (لام الإِسِمْ).

٣- لامی فرمان (لام الفِعْل).

٤- لامی داخوازی (لام الأَمْر).

٥- لامی پیت (لام الحَرف).

لێرەشدا بە درێژی باسی هەر یەكێك لەم جۆرە لامانە دەكەین:

**یەكەم: لامی ناساندن (لام التَعريف):**

لامی ناساندن (اَلْ): ئەو لامە زەنەدارەیە (لْ) كە لە پێكهاتەی ووشەكە نیەو دەچێتە سەر ناوی نەناسراوو دەیناسێنێت، هەمزەیەكی گرێدراوی مەفتوحی لە پێشە (اَ) گەر لە ووشەكەی بكەینەوە، كارتێكردنی نابێت، وەك: ووشەی الكتاب دەتوانین ئەلف ولامەكەی لێ بكەینەوە بێ ئەوەی مانای ووشەكە بگۆڕێت، چونكە دەبێتە كتاب، یان نەتوانین لێ ی بكەینەوە وەك: الذي، التي، اللاتي، الذين، اللائي، الذان، اللتان، ئەلف و لامی ئەمانە ناتوانرێت لێ بكرێتەوەو بكرێن بە: ذي، تي، ذين.. چونكە مانای ووشەكە دەگۆڕێت.

ئەم لامی ناساندنە كە بە پیتەكانی زمانی عەرەبی دەگات دوو حاڵەتی دەبێت:

١- ووتنی: ئەگەر پیتی لامی زەنەداری ناساندن، كەوتە سەر یەكێك لەم پیتانە (ء، ب، غ، ح، ج، ك، و، خ، ف، ع، ق، ي، م، ه ) ئەوا لامەكە بە ئاشكرای دەخوێندرێتەوە، ئەم پیتانە لەم ڕستەیەدا كۆكراوەتەوە (ابغِ حَجَّكَ وَخَفْ عَقِيمَهُ) بەم لامەش دەوترێ (قەمەری). چونكە هەموویان وەك القمر لامەكەیان

دەوترێت کە بە کوردی دەبێتە (ئەلقەمەر). وەك: الْأوَل، الْبَاقِي، الغَنِي، الْفَتاح، الْجَنَّة.

پرسیار: بۆچی ئەگەر لامی ناساندن بە پیتە قەمەریەکان بگات، دەخوێنرێتەوە؟

وەڵام: چونکە دەرچەی پیتی لامی ناساندن لە دەرچەی ئەم پیتانەوە دوورە.

٢- تێك هەڵکێش کردن (نەووتنی): ئەگەری لامی زەنەداری ناساندن بەم چواردە پیتە بگات (ط، ث، ص، ر، ت، ظ، ز، ن، د، س، ض، ذ، ش،ل) ئەوا لامەکە تێکهەڵکێشی پیتەکەی دوای خۆی دەکرێت، بەجۆرێك کە لامەکەو پیتەکەی دوایی ببنە یەك پیت، لە جۆری پیتی پاش لامەکە. ئەم پیتانەش پێیان دەوترێ پیتە شەمسیەکان، چونکە هەموویان وەك الشمس، لامەکەیان ناوترێت کە بە کوردی دەبێتە (ئەش شەمس) بەم حاڵەتەش دەوترێ تێکهەڵکێش کردنی شەمسی (الإدغام شمسی) هەموو ئەم پیتانەش لەم ڕیزە هۆنراوەیەدا کۆکراوەتەوە:

طِبْ ثُمَّ صِلْ رَحْماً تَفُزْ ضِفْ ذَا نِعَمْ     دَعْ سُوءَ ظَنِّ زُرْ شَرِيفاً لِلْكَرَمْ

وەك: بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، اشْتَرُوُاْ الضَّلاَلَةَ، مِّنَ الصَّوَاعِقِ، وَالسَّمَاء.

پرسیار: بۆچی ئەگەر لامی ناساندن بە پیتە شەمسیەکان بگات، تێکهەڵکێشی دەکەین؟

وەڵام: چونکە دەرچەی پیتی لامی ناساندن لە دەرچەی پیتە شەمسیەکانەوە نزیکەو لەگەڵ پیتی لامیش دا یەك دەرچەیە.

**دووەم: لامی ناو (لام الإسم):**

لامی ناو: ئەو پیتی لامە زەنەدارەیە کە لە بنچینەی پێکهاتەی ووشەیەو ووشە بێ ئەم لامە، مانای تەواوی نیە، دەشکەوێتە سەرەتاو ناوەڕاستی ووشەوە. حوکمی ئەم لامە لەکاتی گەیشتنی بە هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبیدا، دەرخستنێتی، وەك: سُلْطَان، سَلْسَبِيلا، ألْسِنَتِكُم.

**سێیەم: لامی فرمان (لام الفِعْل):**

لامی فرمان: ئەو پیتی لامە زەنەدارەیە کە دەکەوێتە ناوەڕاست یا کۆتای فرمانی ڕابردوو یا داهاتووەوە. ئەمیش دوو حاڵەتی هەیە:

١- ئاشکراکردن: ئەگەر لامی فرمان گەیشت بە هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبی جگە لە پیتی (ل) ئەوا ئاشکرا دەکرێ وەك: يَلْتَقِطْهُ، أَرْسَلْنَا، وَتَقَبَّلْ دُعَاء.

هۆی ئاشکراکردنی لامی فرمان لەم حاڵەتەدا دەگەڕێتەوە بۆ دووری دەرچەی لام لە دەرچەی ئەم پیتانەوە.

٢- تێکهەڵکێش کردن: ئەگەر پیتی لامی فرمان بگات بە پیتی (ل) بە تەواوی تێکهەڵکێش دەکرێت، وەك: يَجْعَلْ لَكُمْ = يَجْعَلَّكم، هۆی تێکهەڵکێشکردنی لامی فرمان لە پیتی (ل) دەگەڕێتەوە بۆ یەك بوونی دەرچەکەی لەگەڵ دەرچەی پیتی (ل) دا، بەڵام بە هیچ جۆرێك لە قورئان دا دوای لامی زەنەداری فرمانی ڕابردوو داهاتوو پیتی (ر) نەهاتووە.

**چوارەم: لامی داخوازی (لام الأَمْر):**

لامی داخوازی: ئەو لامە زەنەدارەیە کە دەکەوێتە سەرەتا یا کۆتایی فرمانی ڕانەبوردووەوە تا بیکات بە فرمانی داخوازی بەمەرجێك پێش پیتی لامەکە پیتی (ف، ثُم، و) هەبێت وەك: فَلْيُلْقِهِ، ثُمَّ لْيَقْضُوا، وَلْيُوفُوا، وَلْيَطَّوَّفُوا، وَلْيَتَلَطَّفْ.

ئەگەر کەوتە کۆتایی فرمانی داخوازییەوە، ئەوا دوو حاڵەتی هەیە ئەوانیش:

١- ئاشکرا کردن: کاتێك دەبێت کە پیتی لامی داخوازی بە پیتەکانی زمانی عەرەبی جگە لە (ل، ر) بگات، وەك: قُلْ نَعَمْ، فَقُلْ تَعَالَوا.

٢- تێك هەڵکێش کردن: هەر کاتێك کە لامی داخوازی بە دوو پیتی (ل، ر) بگات، تێکهەڵکێش دەکرێ، وەك: قُلْ رَبِي = قُرَّبِي، قُلْ لَكُمْ = قُلَّكُمْ.

هۆی تێك هەڵکێشکردنی لامی فرمان لە پیتی (ر) دا، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی دەرچەکانی هەردوولایان، لەگەڵ (ل) یشدا لەبەر ئەوەیە کە دەرچەی هەموویان لە یەك شوێنەوەیە.

## پێنجەم: لامی پیت (لام الحَرف)

لامی پیت: ئەو لامە زەنەدارەیە کەوتۆتە کۆتای هەردوو پیتی (هل، بل).

ئەگەر ئەم لامە بە پیتەکانی زمانی عەرەبی گەییشت، دوو حاڵەتی دەبێت:

١- ئاشکرا کردن: ئەگەر (هل) و(بل) بە پیتەکانی تر گەیشتن، هەموویان جگە لە پیتی (ل، ر) ئاشکرا دەکرێ، وەك: هَلْ أَتَاكَ، بَلْ تُؤْثِرُونَ.

٢- تێك هەڵکێش کردن: ئەگەر پیتی (بل) بە پیتی (ل، ر) گەیشت، و (هل) گەیشت بە پیتی (ل) تێکهەڵکێش دەکرێت، وەك: بَل رَّفَعَهُ = برَّفَعهُ، بَل لَّهُم = بَلَّهُم، هَل لَّكُم = هَلَّكُم..

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی پیتی لامی زەنەدار لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

والـلامُ تَعْـريفِيَّةٌ أَصْلِيَّةْ    اسميَّةٌ فِعْلِيّةٌ حَرْفِيَّةْ
فَلامُ أَلْ زَائِدَةٌ في الكَلِمَةْ    وَهْيَ أَتَتْ مُظْهَرَةً ومُدغَمَةْ
فَأُظهِرَتْ قَبْلَ (ابغِ حَجَّكَ وَخَفْ عَقِيمَهُ)    وأُدغِمَتْ في ما خَلَفْ
طبْ ثُمَّ صِلْ رَحِمًا تَفُزْ ضِفْ ذَا نِعَمْ    دَعْ سُوءَ ظَنّ زُرْ شَرِيْفًا للكَرَمْ
وَسَـمِّ إِنْ أَظْهَرْتَهَـا قَمْرِيَّـةْ    وَسـمِّ إِنْ أَدغمتَهـا شمسِيَّةْ
وأَظْهِـرَنْ أَصْليَّةً كَأَلْفِ    ومْثِلُها اسـميَّةٌ كَخَلْفِ
ولاَمَ فِعْلٍ ثُـمَّ حَرْفٍ أَظْهِرا    عِنْدَ الحُرُوف ما عدا لامًا وَرَا
كَقُل لَّهُمْ، قل رَّب، بَل لَّا ، بَل رَّفَعْ    قُـلْ جاءَ والْتَقي وَقُلْنا بَلْ طَبَعْ

# درێژکردنەوەکان و کورت کردنەوە

## (المَدُّ والقَصر)

پرسیار: درێژکردنەوە (مەدد) چی یە؟

وەڵام: مەدد: بریتییە لە درێژکردنەوەی دەنگ بە پیتەکانی مەدد زیاتر لە دوو حەرەکەت، ئەویش لە کاتی گەیشتنی پیتەکانی مەدد بە هەمزە یان پیتێکی زەنەدار (هەمزە، سکون).

پرسیار: کورت کردنەوە (القصر) چی یە؟

وەڵام: کورت کردنەوە: بریتییە لە مانەوەی پیتی مەددەکەو درێژکردنەوەی بە ئەندازەی دوو حەرەکەت، بەو مەرجەی لە پاش پیتەکانی مەددەوە هەمزە زەنە نەهاتبێ.

پرسیار: پیتەکانی مەدد کامانەن؟

وەڵام: پیتەکانی مەدد بریتین لە:

١- ئەلفێکی زەنەدار (ا) کە پیتەکەی پێش خۆی سەر (فەتحە) ی هەبێت وەك: قَاْل.

٢- واوێکی زەنەدار (و) کە پیتەکەی پێش خۆی بۆر (زەممە)ی لەسەر بێت وەك: یقُوْل.

٣- یائێکی زەنەدار (ی) کە پیتەکەی پێش خۆی ژێر (کەسرە) ی هەبێت بێت وەك: قِیْل

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی پیتەکانی مەدد لە مەتنی (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

حُرُوفُهُ ثَلاَثَةٌ فَعِيهَا     مِنْ لَفْظِ وَايٍ وَهْيَ فِي نُوحِيهَا

وَالْكَسْرُ قَبْلَ الْيَا وَقَبْلَ الْواوِ ضَمْ     شَرْطٌ وَفَتْحٌ قَبْلَ أَلْفٍ يُلْتَزَمْ

پرسیار: چەند جۆر مەدد هەیە؟

وەڵام: دوو جۆر مەدد هەیە ئەوانیش:

یەکەم: مەددی ئاسایی (المَد الطَبيعى): ئەو درێژ کردنەوە سروشتییە کە پەیکەری پیتی مەددەکەی پێ دروست دەبێ و لەسەر هۆکاری هەمزە و زەنە ڕانەوەستاوە، تەنها بوونی پیتی مەددەکەو مەرجەکەی بەسە بۆ درێژ کردنەوە بە ئەندازەی دوو حەرەکەت، لە کاتی گرێ دان و وەستان دا، وەك: قَاْل، يقُوْل، قِيْل. هەروەها بنچینەی مەددی لقی یە.

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی (مەددی سروشتی) لە مەتنی (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| وَالْمَدُّ أَصْلِيٌّ وَ فَرْعِيٌّ لَـهُ | وَسَـمِّ أَوَّلاً طَبِيعِيًّا وَهُــو |
| مَا لاَ تَوَقُّفٌ لَـهُ عَلَى سَبَبْ | وَلا بِدُونِهِ الْحُرُوفُ تُجْتَلَبْ |
| بلْ أَيُّ حَرْفٍ غَيْرِ هَمْزٍ أَوْ سُكُونْ | جَا بَعْدَ مَـدٍّ فَالطَّبِيعِيَّ يَكُونْ |

دووەم: مەددی لق (المَد الفَرْعى): بریتییە لەو زیادە درێژکردنەوەیە کە لە ئاسایی زیاترە، هۆی درێژکردنەوەکەشی یان هاتنی هەمزەیە لە پێش یان لە پاش پیتی مەددەکە، یان هاتنی پیتێکی زەنەدارە لەدوای پیتە مەددەکە.

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی مەدد لقی لە مەتنی (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| وَالآخَرُ الْفَرْعِيُّ مَوْقُوفٌ عَلَى | سَبَبْ كَهَمْزٍ أَوْ سُكُونٍ مُسْجَلا |

پرسیار: چەند جۆر مەددی فەرعی هەیە؟

وەڵام: هەشت جۆر مەددی فەرعی هەیە، ئەوانیش:

١- الواجِبْ المُتَصِلْ ٢- الجائِزْ المُنْفَصِل ٣- العارِضْ للسُّكونْ ٤- البَدَلْ، ٥- اللِينْ، ٦- العِوَضْ ٧- الصِلة، ٨-اللازم.

**یەکەم: مەددی لکاوی پێویست (الواجِبْ المُتَصِلْ):** بریتییە لە هاتنی هەمزە، بەدوای پیتی مەددا، لە یەك ووشەدا، وەك: جَآء، هَنِيئاً، وَالصَّآئِمَاتِ، السُّوء، تَفِيْء، ئەم مەددە بە پێ ڕیوایەتی حەفص لە عاصمەوە لە ڕێگای الشاطبی یەوە، پێویستە بە ئەندازەی چوار یان پێنج حەرەکەت درێژ بکرێتەوە، بۆیە پێ وتراوە (لکاو) چونکە پیتی مەددو هەمزەکە لەیەك ووشەدا هاتوون، پێشی وتراوە (پێویست) چونکە درێژ کردنەوەی لە ئەندازەی مەددی ئاسایی، لای هەموو قورئانەوانان فەرزە.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی (مەددی لکاوی پێویست) لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

فالواجِبُ.....

أَنْ تأتِيَ الهمزةُ بعدَ حرفِ مَدْ   في كِلْمةٍ مُتَّصِلاً هذا يُعَدْ

وامدُدْهُ أَربعًا وخمسًا إنْ تَصِلْ وخُذهما إذا وقَفْتَ واستَطِلْ

**دووەم: مەددی جودای شیاو (الجائِزْ المُنْفَصِل):** بریتییە لە هاتنی هەمزە، لە پاش پیتی مەدد، بە مەرجێك کە پیتی مەددەکە بکەوێتە کۆتایی ووشەی یەکەمەوەو هەمزەکە بکەوێتە سەرەتای ووشەکەی دوایی، وەك: إِنَّآ أَنزَلْنَاهُ، قَالُو إِنَّمَا، وَفِي أَنفُسِكُمْ،بە پێ ڕیوایەتی حەفص لە عاصمەوە لە ڕێگای الشاطبی یەوە، بە ئەندازەی چوار یا پێنج حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە، بۆیە پێشی وتراوە (شیاو) بەهۆی جیاوازی ڕای قورئانەوانان تێیدا، قورئانەوانی وا هەیە فەرموویەتی دوو حەرەکەتی بەسە، هەشیانە فەرموویەتی چوار یا پێنج حەرەکەتی دەوێت، هەشیانە فەرموویەتی شەش حەرەکەتی دەوێت، بۆیە پێشی وتراوە (جودا) بەهۆی هاتنی پیتی مەدد، لە کۆتایی ووشەیەك و هەمزە لە سەرەتای ووشەکەی دوایی دا هاتووە.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی (مەدد جودای شیاو) لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

فالمنفصِلُ.....

أَنْ تَأتِيَ الهمزةُ بعدَ المَدِّ          في كِلْمَتيْنِ كإلى أشَدِّ
وجازَ فيهِ من طريقِ الشَّاطِبِيْ          أربعَةٌ وخمسَةٌ يا صاحِبِيْ

سێ یەم: مەددی نەرم (مد اللِينْ): بریتییە لە هاتنی زەنەیەکی کاتیی لەدوای هەردوو پیتی (واو و یائی زەنەدار (وْ، يْ) مەرجە کە پێشیان پیتی فەتحەدار بێ، لە کاتی وەستان دا، بە ئەندازەی دوو یا چوار یا شەش حەرەکە درێژ دەکرێتەوە، لەبەر نەرمی پیتی واو و یائەکەیە کە پێی دەوترێ مەددی نەرم، وەك: آمَنَهُم مِّنْ خَوْفْ، رَبَّ هَذَا الْبَيْتْ.

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی (مەددی نەرم) لە مەتنی (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

وَاللِّيـنُ مِنْهَـا الْيَا وَوَاوٌ سَكَنَـا          إنِ انْفِتَاحٌ قَبْـلَ كُـلٍّ أُعْلِنَـا

چوارەم: هۆزەنە مەدد (المد العارِضْ للسُّكونْ): بریتییە لە هاتنی زەنەیەکی کاتیی لە دوای پیتی مەددەوە، ئەم مەددە، تەنها لە کاتی ڕاوەستان دا دروست دەبێت، زەنە لە کاتی ڕۆشتن دا دروست نابێ و بەڵکو دەبێتە مەددێکی ئاسایی، وەك: الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينْ. الرَّحْمنِ الرَّحِيمْ، بە ئەندازەی شەش یان چوار یان دوو حەرەکە درێژ دەکرێتەوە، باشتر ئەوەیە کە شەش حەرەکەت وەرگرێت، پاشان چوار پاشان دوو.

بۆیە پێی وتراوە هۆزەنەمەدد چونکە مەددەکە بە هۆی زەنەیەکی کاتیەوە دروست بووە.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی (هۆزەنەمەدد) لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

وعارِضٌ إنْ جاءَ بَعْدَ اللّيِنِ          والمَدِّ وقفًا عارِضُ التسْكينِ
كنحوِ مِنْ خَوْفٍ ومِنْ سبيلِ          بالقصرِ قِفْ والوسْطِ والتطويلِ

**پێنجەم: مەددی گۆڕاو (مد البَدَلْ):** لەکاتی کۆبونەوەی دوو هەمزەدا، کە یەکەمیان جوڵاو بێ و دووەمیان زەنەدار بێت، وەك: (ءَأْمَنو، ءِأْمان، ءُأْتوا) ئەوا هەمزە زەنەدارەکە دەگۆڕێ بۆ پیتێکی مەدد لە ڕەگەزی سەروبۆری هەمزەکەی پێشی (ءَآمنوا، إِيمان، أُوتُوا)، چونکە عەرەب دوو هەمزە ناخوێنێتەوە کە یەکەمیان جوڵاوو دووەمیان زەنەدار بێ، ئەم مەددەش لای زۆربەی قورئانەوانان بە ئەندازەی دوو حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە، تەنها لە ریوایەتی وەرش دا دەتوانرێ بۆ چوار یان شەش حەرەکەت درێژ بکرێتەوە، بۆیە پێشی وتراوە (گۆڕاو) چونکە پیتی هەمزە زەنەدارەکە بۆ پیتی مەدد گۆڕاوە.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی (مەددی گۆڕاو) لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

وإِنْ يكُنْ تقدُّمُ الهمزِ علَى مَدِّ كآمنوا فَسمِّ بَدَلا

**شەشەم: مەددی بڕی (مد العِوَضْ):** بریتییە لە گۆڕینی دووسەر (ـً) بۆ ئەلفێکی مەدد (ا) و درێژ کردنەوی . لە کاتی وەستان دا . بە ئەندازەی دوو حەرەکەت، وەك:: غفوراً= غَفُورا لەکاتی وەستان دا. تَرْتِيلاً= تَرْتِيلا، إلا قليلاً، عظيماً، بۆیە پێشی وتراوە مەددی بڕی چونکە لەبری تەنوینەکەی سەر پیتەکە ئەلف دانراوە.

تێبینی: تەنوینی سەر تائی خڕ (ة) وەك: (رحمةً) نابێت بە مەددی بڕی، چونکە ئەمیان لە کاتی وەستان دا دەبێت بە (رحمه).

**حەوتەم: مەددی پەیوەست (الصلة) (ڕاناو) (باب هاء الكناية):**

(ڕاناوی ه): بریتییە لە ڕاناوێکی زیادە کە دەچێتە سەر کۆتایی فرمان و ناوو پیتەوە بۆ تاکی نادیاری نێرینەیە (مفرد المذكر الغائب) بۆر یا ژێری هەبێت (إِنَهُ، بِهِ) ئەمەش دەکرێ بە دوو بەشەوە:

**یەکەم: کورتە مەددی پەیوەست:** بریتییە لە درێژ کردنەوەی سەرو بۆری سەر ڕاناوەکە بەجۆرێك کە بۆر ببێتە واو و ژێریش ببێتە یاء، ئەگەر هائی ڕاناو

کەوتە نێوان دوو پیتی جوڵاوەوە، ئەوا لای هەمو قورئانەوانان بە ئەندازەی دوو حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە، وەك: إِنَهُ عَلى = إِنَهُ و عَلى، رَجْعِهِ لَقَادِرْ = رَجْعِهِ ي لَقَادِرْ.

ئەم حاڵەتەش لەکاتی گەیشتنی ڕاناوی (ه) بە هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبی جگە لە هەمزە.

تێبینی:

١- مەرجی دروست بوونی ئەم مەددە تەنها لە یەك جێگەی قورئانی پیرۆزدا هەیە، بەڵام لە ڕیوایەتی حەفص دا درێژ ناکرێتەوە، ئەویش ووشەی: يرضَهُ لَكم (سورەتی الزمر/٧) هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەر بەم شێوەیە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرگیراوە.

٢- مەددی پەیوەستی گەورە یان بچووک تەنها لەکاتی ڕۆشتن دا ڕوودەدات، واتە: بە گرێ دانی خوێندنەوەی ووشەی دوای (ه) ی ڕاناوەکە، ئەم حاڵەتە ڕوو دەدات، خۆ ئەگەر لەسەر (ه)ی ڕاناوەکە وەستاین، ئەوا درێژ ناکرێتەوە

٣- ئەگەر هەر پیتی (ه) لە کۆتای ووشەیەك دا بوو، درێژ ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێت بزانرێت ئایا ئەو پیتی (ه) زیادەیەو چۆتە سەر ووشەکە یان لە پێکهاتەی ووشەکە خۆیەتی، بۆ نموونە لێرەدا (لَئِنْ لَم يَنْتَهِ لَنَسْفَعاً) درێژ ناکرێتەوە، هەر چەندە پیتی (ه) ژێری هەیەو هەردوو پیتەکەی پێش ودواشی جوڵاون، چونکە لێرەدا ئەگەر پیتی (ه) لە ووشەی (يَنْتَهِ) بکەینەوە دەبێت بە (يَنْتَ) کە ئەمەش هیچ مانایەکی نیە، کەواتە پیتی (ه) زیادە نیە.. بۆ ناسینەوەی ئەم (ه) لە پەڕەکانی قورئانی پیرۆز دا لە شێوەی پیتێکی واوی بچوك یان یائێکی هەڵگەڕاوەی بچوك (ۏ،ۍ) لە دوای ئەم ڕاناوەوە نوسراوە بەم شێوەیە: (فَأَكْرَمَهُ وَنَعَمَّهُ و فَيَقُولْ)کە مەبەست لێی، درێژ کردنەوەیەتی.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی هائی کینایە لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

وهاءُ مُضْمَرٍ وشِبهٍ وُجِدا بيْنَ مُحرَّكيْنِ وَصِلاً امدُدا
لكِنْ مَعًا أَرْجِهْ فأَلْقِهْ سَكنِّنِ واقصُرْ لَدَى يَرضَهُ فَوقَ المؤْمِنِ

وتُقْصَرُ الهَا عَقِبَ الإِسْكَانِ   فِي غَيْرِ يَخْلُدْ فيهِ فِي الفُرقانِ

پرسیار: لە چ حاڵەتێك دا (ـە) ی ڕاناو درێژ ناكرێتەوە؟

وەڵام: لە سێ حاڵەت دا درێژ ناكرێتەوە ئەوانیش:

١- ئەگەر هائی ڕاناو بكەوێتە نێوان دوو پیتی زەنەدارەوە، ئەوا لای هەموو قورئانەوانان درێژ ناكرێتەوە وەك: إِلَيْهِ الْمَصِيرُ.

٢- ئەگەر هائی ڕاناوە بكەوێتە نێوان پیتێكی جوڵاو پیتێكی زەنەدارەوە، ئەوا لای هەموو قورئانەوانان درێژ ناكرێتەوە وەك: لَهُ الْمُلْكُ.

٣- ئەگەر هائی ڕاناو بكەوێتە نێوان پیتێكی زەنەدارو پیتێكی جوڵاو، ئەوا بە ڕای هەموو قورئانەوانان، درێژ ناكرێتەوە، وەك: (فِيْهِ هُدى) تەنها لە خوێندنەوەی ابن كثیر دا نەبێت، حەفصیش لە یەك شوێن دا لەم حاڵەتەدا دوو حەرەكەت درێژی دەكاتەوە ئەویش (وَيَخْلُد فِيْهِ مُهَانا)ی سورەتی الفرقان-ئایەتی٦٩یە.

دووەم: درێژە مەددی گەورە: ئەگەر هائی ڕاناو بكەوێتە نێوان دوو پیتی جوڵاوەوە بە مەرجێك پیتەكەی دواوەی هەمزە بێت ئەوا سەرو بۆری هائی ڕاناوەكە بە ئەندازەی چوار یان پێنج حەرەكەت درێژ دەكرێتەوە، وەك: وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُو أَحَدٌ، وَمَا يُضِلُّ بِهِ ي إِلاَّ الْفَاسِقِينَ، وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ ي إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ، لَّا يَمَسُّهُ و إِلَّا الْمُطَهَّرُون.

هەشتەم: مەددی پێویست (المدُّ لازِم): بریتییە لە هاتنی پیتێكی زەنەداری ئەسڵی لە دوای یەكێك لە پیتەكانی مەددەوە لە یەك ووشەدا یان لە یەك پیت دا، لە كاتی وەستان و ڕۆشتن دا، وەك: ءَالآنَ، دآبَّة، الم، پێویستەبە پێ هەموو قورئانەوانان، بە ئەندازەی شەش حەرەكەت بێ زیادو كەم، درێژ بكرێتەوە..

ئەم مەددەش دەكرێ بە دوو بەشەوە:

یەكەم: مەددی پێویستی ووشەیی (المَدُّ اللازَم الكِلْمى).

دووەم: مەددی پێویستی پیتی (المَدُّ اللازَم الحَرْفى)

هەر یەکێك لەم دوو جۆرەش، دوو بەشی تریان لێ دەبێتەوە، ئەوانیش: قورس (مُثَقَّلْ) و سوك (مُخَفَّفْ).

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی (بەشەکانی مەدد پێویستی ووشەیی و پیتی) لە مەتنی (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

أَقْسَامُ لاَزِمٍ لَدَيْهِمْ أَرْبَعَهْ — وَتِلْكَ كِلْمِيٌّ وَحَرْفِيٌّ مَعَهْ
كِلاَهُمَا مُخَفَّفٌ مُثَقَّلُ — فَهَذِهِ أَرْبَعَةٌ تُفَصَّلُ
فَإِنْ بِكِلْمَةٍ سُكُونٌ اجْتَمَعْ — مَعْ حَرْفِ مَدٍّ فَهْوَ كِلْمِيٌّ وَقَعْ
أَوْ فِي ثُلاَثِيِّ الحُرُوفِ وُجِدَا — وَالْمَدُّ وَسْطُهُ فَحَرْفِيٌّ بَدَا
كِلاَهُمَا مُثَقَّلٌ إِنْ أُدْغِمَا — مُخَفَّفٌ كُلٌّ إِذَا لَمْ يُدْغَمَا

**یەکەم: مەددی پێویستی ووشەیی (المَدُّ اللازَم الكِلْمى):** بریتییە لە هاتنی پیتێکی زەنەداری ئەسڵی، لە دوای پیتی مەددەکەوە، لە یەك ووشەدا، ئەم جۆرە مەددە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١- مەددی پێویستیی ووشەیی قورس (المَدُّ اللازَم الكِلْمى المُثَقَّلْ): بریتییە لە هاتنی جووتێك پیت لە دوای پیتی مەددەوە، لە یەك ووشەدا وەك: الْحَآقَّة، تَأْمُرُونِّي، كَآفَّةً، ءَآلذَّكَرَيْنِ، ولا الضَّآلِّيْنْ، پێویستە بە ئەندازەی شەش حەرەکەت درێژ بکرێتەوە، بۆیە پێی وتراوە مەددی (ووشەیی) لەبەر هاتنی پیتی مەددەکەو پیتە زەنەدارەکە لە یەك ووشەدا، پێشی وتراوە (قورس) بەهۆی هاتنی پیتێکی جووت پیتی لەدوای پیتی مەددەکەوە.

تێبینی:

١- بنچینەی ئەم پیتە جووت پیتانەی دوای پیتی مەددەکان پێك هاتوون لە دوو پیتی وەك یەك، یەکەمیان زەنەداری ئەسڵی یەو دووەمیان جوڵاوە واتە (قْ +

قِ = قَّ، گْ + طَ = طَّ) بەڵام لەبەر جووت پیتی لەسەر زمان تێکهەڵکێش کراون و بوون بە یەك پیتی جووت پیتی جوڵاو.

٢-سێ ووشە هەیە لە قورئانی پیرۆزدا ئەوانیش (ءَاللهُ،ءَالان، ءَآلذَّكَرَيْنِ) مەرجی ڕوودانی مەددی لازمیان تێدایە بەڵام بەهۆی هاتنی هەمزەی پرسیار لە پێش ئەلفی مەددەکەوە (أ) بە دوو شێوە دەخوێندرێنەوە ئەوانیش:

- درێژ کردنەوەی مەددەکەیە بە ئەندازەی شەش حەرەکەت هەروەك مەددی لازم کە ئەمەیان لە پێشترە.

-بەجۆرێك ئەلفی مەددەکە بخوێندرێتەوە کە شێوەی خوێندنەوەکەی لە نێوان هەمزەو ئەلف دا بێت، واتە نە ئەلف بێت و نە هەمزەش کە ئەم حاڵەتەش تەنها لە دەمی مامۆستایانەوە وەردەگیرێت.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی (خوێندنەوەی ئەم سێ ووشەیە) لە مەتنی (السلسبيل الشافي) دا دەفەرموێ:

ءاللهَ الآنَ ءالذَّكرَيْنِ أَبْدِلْ وسَهِّلْ تعرفِ الوَجْهَيْن

٢- مەددی پێویستی سووکی ووشەیی (المَدُّ اللازَم الكِلْمى مُخَفَّفْ): بریتییە لە هاتنی پیتێکی زەنەدار ی سوك (غير مشدد) لە دوای پیتی مەددەوە لەیەك ووشەدا، تەنها یەك نموونەمان هەیە بۆ ئەم حاڵەتە،کە دوو جار لە قورئان دا دووبارە بۆتەوە: ءالآن،هەر لە سورتی یونس، ئایەتی (٥١ و٩١) شەش حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە، پێشی وتراوە سووك، لەبەر ئەوەی پیتە زەنەدارەکە سوکە (موشەددەد نیە).

دووەم: **مەددی پێوستی پیتی (المدُّ اللاَزم الحَرْفى):** بریتییە لە هاتنی پیتێکی زەنەداری ئەسڵی لە دوای پیتی مەددەوە لە یەك پیت دا، بە مەرجێك ئەو پیتە لە کاتی خوێندنەوەدا ببێتە سێ پیت و پیتی ناوەڕاستی لە پیتەکانی مەدد (ا، و، ی) یان پیتەکانی نەرمی (و، ی) بێت، وەك: م لە خوێندنەوەدا دەبێتە سێ پیت و

دەڵێین میم کە پیتی ناوەڕاستی (یائی میییییم) لە پیتە مەددەکانە، پێویستە بە ئەندازەی شەش حەرەکەت درێژ بکرێتەوە.

ئەم جۆرە مەددەش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١- مەددی پێویستی پیتی قورس (المَدُّ اللاَزم الحَرْفي مُثَقَّلْ): بریتییە لە هاتنی پیتێکی زەنەداری ئەسڵی جووت پیت لە دوای پیتی مەددەوە بەهۆی تێکهەڵکێش کردنی دوو پیتی وەك یەك، پێویستە شەش حەرەکەت درێژ بکرێتەوە، وەك: الم، کە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: اِلِف لامْ مِیم = اِلِف لآاااامِّییییم.

٢- مەددی پێویستی پیتی سووك (المَدُّ اللاَزم الحَرْفي مُخَفَّفْ): بریتییە لە هاتنی پیتێکی زەنەداری ئەسڵی سووك لە دوای پیتی مەددەکە، وەك: (ك) کە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە كَآاافْ، پێویستە شەش حەرەکەت درێژ بکرێتەوە.

ئیمامی الجمزوری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ڕێساکانی (مەددی پێویستی پیتی) (تحفة الاطفال) دا دەفەرموێ:

وَاللأَّزِمُ الْحَرْفِيُّ أَوَّلَ السُّوَرْ وُجُودُهُ وَفِي ثَمَانٍ انْحَصَرْ
يَجْمَعُهَا حُرُوفُ كَمْ عَسَلْ نَقَصْ وَعَيْنُ ذُو وَجْهَيْنِ والطُّولُ أَخَصْ
وَمَا سِوَى الحَرْفِ الثُّلاَثِي لاَ أَلِفْ فَمَدُّهُ مَدًّا طَبِيعِيًّا أُلِفْ
وَذَاكَ أَيْضًا فِي فَوَاتِحِ السُّوَرْ فِي لَفْظِ حَيٍّ طَاهِرٍ قَدِ انْحَصَرْ
وَيَجْمَعُ الْفَوَاتِحَ الأَرْبَعْ عَشَرَ صِلْهُ سُحَيْرًا مَنْ قَطَعْكَ ذَا اشْتَهَرَ

پرسیار: ژمارەی ئەو پیتانە چەندن کە لە سەرەتای سورەتەکان دا هاتوون ؟

وەڵام: ژمارەیان ١٤ پیتەو لە سەرەتای بیست و نۆ سورەت دا هاتوون ئەوانیش:

١- {الم}: البقرة، آل عمران، العنكبوت، الروم، لقمان، السجدة.

٢- {المص}: الأعراف.

٣- {الر}: يونس، هود، يوسف، إبراهيم، الحجر.

٤- {المر}: الرعد.

٥- {كهيعص}: مريم.

٦- {طه}: طه.

٧- {طسم}: الشعراء، القصص.

٨- {طس}: النمل.

٩- {يس}: يس.

١٠- {ص}: ص.

١١- {حم}: غافر، فصلت، الزخرف، الدخان، الجاثية، الأحقاف.

١٢- {حم، عسق}: الشورى.

١٣- {ق}: ق.

١٤- {ن}: القلم.

وە ئەم چواردە پیتەش لەم ڕستەیەدا کۆ کراوەتەوە: (صِلْهُ سُحَيْراً مَنْ قَطَعَكْ)

پرسیار: ئایا ئەم پیتانە لە ڕووی درێژ کردنەوەوە، دەکرێن بە چەند بەشەوە؟

وەڵام: لە ڕووی درێژ کردنەوە ئەم پیتانە دەکرێن بە چوار بەشەوە:

١- ئەوانی هیچ مەددیان تێدا نیە، واتە درێژ ناکرێنەوە کە تەنها پیتی ئەلفە (ا) وەك: الم، چونکە پیتی (ا) بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە (ئەلِف) هیچ پیتێکی مەددی تێدا نیە کە درێژ بکرێتەوە.

٢- ئەوانەی کە تەنها دوو حەرەکەت درێژ دەکرێنەوە: ئەوانیش پیتەکانی (ح، ي، هـ، ط، ر) ئەم پیتانە لەم ڕستەیەدا کۆ کراوەتەوە (حَيٌّ طَهُرْ) چونکە ئەم پیتانە بەم شێوەیە دەخوێندرێنەوە (حا، یا، طا، ها، را) کە کۆتایەکەیان پیتی مەددەو سروشتی یە و مەددی سروشتیش دوو حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە.

٣- پیتی (ع) چوار یان شەش حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی بەم شێوەیە دەنوسرێ (عَيْنْ) لێرەدا ئەو پیتی (ی) بە پیتی نەرم (لین) دادەنرێ و حاڵەتی مەددی نەرم وەردەگرێ کە شەش یا چوار حەرەکەت درێژدەکرێتەوە، درێژ کردنەوەی شەش حەرەکەت لەپێشترە.

٤- ئەوانەی کە شەش حەرەکەت درێژ دەکرێنەوە: ئەوانیش پیتەکانی (ك، م، س، ل، ن، ق، ص) ئەم پیتانە لەم ڕستەیەدا کۆکراوەتەوە: (سَنَقُصُ لَكُمْ) چونکە ئەم پیتانە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە (كَآفْ، سِينْ، لامْ، نوون، قافْ، صَادْ، مِيمْ) کە پیتی ناوەڕاستیان مەددەو لە دواوەیەوە پیتێکی زەنەداری ئەسڵی هاتووە کە ئەمەش حاڵەتی مەدد لازم وەردەگرێ بۆیە شەش حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە.

تێبینی: لە کاتی خوێندنەوەی ئەو پیتانەی کە لە سەرەتای سورەتەکان دا هاتووە پێویستە ڕەچاوی ڕێساکانی تری تەجوید بکەین، کە بەهۆی بەیەك گەیشتنی ئەم پیتانەوە ڕوو دەدات وەك: لە سەرەتای سورەتی (الشُورى)دا کە خوای گەورە دەفەرموێ: حم عسق، کاتێك کە پیتەکان دەخوێنینەوە بەم جۆرە دەبێت: عَينْ سِينْ قَآفْ، لێرەدا پیتی نوونی زەنەدار دەگات بە پیتی (ق، س حاڵەتی شاردنەوە (اخفاء نوون الساکنه) ڕوودەدات.

# ڕاوەستان و دەست پێ کردن

## (بَابُ الوَقْفُ وَالإِبْتِداء)

دەست پێ کردن و ڕاوەستان لەسەر ئایەتەکان لە کاتی خوێندنەوەی قورئان دا، گرنگترین کارە کە پێویستە خوێنەر گرنگی پێ بدات، چونکە ڕاوەستانی ڕاست و دروست، جوانی و شیرینی خوێندنەوەیەو بەو هۆیەوە دەتوانرێ واتاو مەبەستی خوای گەروە بزانرێت، عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێ ی ڕازی بێت تەفسیری ئەم ئایەتی خوای گەورە (وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا) سورەتی المزمل/٤) بەوە کردوە: (واتە تەجویدی پیتەکان و زانینی ڕاوەستان).

پرسیار: ڕاوەستان (الوَقْفُ) چی یە؟

وەڵام: ڕاوەستان: بڕیتییە لە بڕینی دەنگ و هەناسە لەسەر کۆتای ووشەو گۆڕینی جوڵەی پیتەکە بۆ زەنە، بە نیەتی دەست پێکردنەوەی خوێندنەوەکە.

پرسیار: پساندن (القَطْع) چی یە؟

وەڵام: بڕیتییە لە پچڕاندنی ڕاستەوخۆی خوێندنەوە، بە نییەتی تەواو بوون لە خوێندنەوەکە.

پرسیار: وەستانی بێ هەناسە (السَكْتْ) چی یە؟

وەڵام: سەکتە: بڕیتییە لە وەستان بەبێ هەناسە هەڵمژین لە کۆتایی ووشەیەکدا، واتە: پچڕاندنی دەنگ لەسەر کۆتایی ووشەیەك، یان هەناسە دانەوە، بۆ ماوەیەکی کورت کە کاتەکەی لە ماوەی وەستان کەمتر بخایەنێت.

پرسیار: چەند سەکتەمان لە قورئانی پیرۆزدا هەیە؟

وەڵام: لە ڕیوایەتی حەفص لە عاصمەوە لە ڕێگای شاطبی یەوە، شەش سەکتەمان هەیە،کە دووانیان شیاو (جائیزە)و چواریان پێویستە (واجبە).

ئەو سەکتانەی کە شیاون (جائیز) ن:

١-یەکێك لە ڕووەکانی گەیاندنی ئایەتی کۆتایی سورەتی الانفاله بە ئایەتی یەکەمی سورەتی التوبەوە: (إِنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ۞ بَرَاءةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ).

٢-یەکێك لە ڕووەکانی گەیاندنی هەردوو ئایەتی (٢٨-٢٩) سورەتی الحاقة: (مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهْ ۞ هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيهْ).

ئەو سەکتانەی کە پێویستن (واجب):

١- لەکاتی گەیاندنی ووشەی کۆتایی ئایەتی یەکەمی سورەتی الکهف (عِوَجَا) بە ووشەی (قَيِّماً) سەرەتای ئایەتی دووەمی سورەتەکە: (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُ عِوَجَا ۞ قَيِّماً لِّيُنذِرَ بَأْساً شَدِيداً مِن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ الْمُؤْمِنِينَ) الکهف/١-٢.

٢- لەکاتی گەیاندنی ووشەی (مَّرْقَدِنَا) بە ووشەکەی دواوەی (هَذَا) لە سورەتی (یس/٥٢): (قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا ۞ هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ).

٣-لەکاتی گەیاندنی هەردوو ووشەی (مَنْ) و(رَاقٍ) لە ئایەتی (٢٧) ی سورەتی القيامة: (وَقِيلَ مَنْ ۞ رَاقٍ).

٤- لە کاتی گەیاندنی هەردوو ووشەی (بَلْ) و(رَانَ) ئایەتی (١٤) سورەتی المطففين: (كَلاَّ بَلْ ۞ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ).

## بەشەکانی ڕاوەستان (أقْسَام الوَقْف)

ڕاوەستان دەکرێت بە چوار بەشەوە، ئەوانیش:

یەکەم: **ڕاوەستانی تاقیکردنەوانە (إخْتِباری):** ئەم ڕاوەستانە کاتێك ڕوودەدات کە قوتابی لای مامۆستاکەی فێر خوێندنەوە بێت یان لە کاتی تاقی کردنەوە کردنیدا.

دووەم: **ڕاوەستانی ناچاریی (أضْطِرَاري):** ئەم ڕاوەستانە کاتێك ڕوودەدات کە خوێنەر هەناسەی کورت بێتەوە، یا لەکاتی کۆکین یا پژمین دا، یا لەکاتی لە

بیرچوونەوەی ئایەتەکان دا، یا هەر شتێکی تری لەم شێوانە، ئەم شێوە وەستانە دروستە لەسەر هەر ووشەیەکی ئایەت بێت، بەڵام پێویستە خوێنەر ئەگەر لەسەر ووشەیەك ڕاوەستاو ماناکەی تەواو نەبوو لە کاتی دەست پێکردندا گرێی بدات بە دوایەوە، ئەگەر ڕستەی ئایەتەکە لە ڕاوەستانەکەیدا مانایەکی تەواوی دا ئەوا دەتوانێت بە ووشەی دوای ڕاوەستانەکە دەست پێ بکات.

**سێیەم: ڕاوەستانی چاوەڕوانیی (إنْتِظَاری):** ئەم ڕاوەستانە کاتێك ڕوودەدات کە خوێنەر بیەوێ چەند جۆرێکی خوێندنەوە کۆ بکاتەوە، بەوەی کە لەسەر ووشەیەك ڕابوەستێ پاشان خوێندنەوەکەی دووبارەی بکاتەوە بە جۆرەکانی تری خوێندنەوە.

**چوارەم: ڕاوەستانی هەڵبژێردراوی(إخْتِیاری):** ئەم ڕاوەستانە کاتێك ڕوودەدات کە خوێنەر خۆی بیەوێ لە شوێنێك دا ڕابوەستێ بەبێ بوونی هیچ هۆکارێك بۆ ڕاوەستان، ئەم جۆرە ڕاوەستانە پێنج بەشی تری لێ دەبێتەوە:

١- وەستانی پێویست (اللازم): ئەو ڕاوەستانەیە کە پەیوەندی بە دوای خۆیەوە نە لە ووشە و نە لە واتادا نییە، ئەگەر بە دوای خۆیەوە گرێ درا، ئەوا مانایەکی جیاواز لە واتای مەبەست و ویستراو دەبەخشێ، واتە پێویستە لەو شوێنەدا ڕاوەستێت، نمونەش: (إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ ۘ وَالْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ) وەستان لەسەر ووشەی (يَسْمَعُونَ) پێویستە لەگەڵ هەناسەدانێکی تەواو دا، پاشان بە ووشەی (وَالْمَوْتَىٰ ) دەست بە خوێندنەوە بکرێتەوە، ئەم جۆرە وەستانە لە قورئانی پیرۆز دا بە پیتی (ۘ) ئاماژەی پێ کراوە، واتە وەستان پێویست (لازم)ە. (فَتَوَلَّ عَنْهُمْ ۘ يَوْمَ يَدْعُ الدَّاعِ إِلَىٰ شَيْءٍ نُّكُرٍ).

٢- وەستانی تەواو (التَام): ئەو ڕاوەستانەیە کە واتەیەکی تەواو دەبەخشێ و پەیوەند بە دواوەی خۆیەوە نە لە ووشەو نە لە واتادا نییە، بەڵام ئەگەر گرێ درا بە دوای خۆیەوە، ئەوا بەزۆری واتاکەی ناگۆڕێت، وەك ڕاوەستان لەسەر کۆتایی ئایەت، یان کاتی کۆتایی هاتن بە باسی چیرۆکێك، وەك (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)

(أُولَٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)کە لێرەدا واتای ئایەتەکە تەواوە، ئەم جۆرە وەستانە بە ووشەی (ۗ) لە قورئان دا ئاماژەی پێ کراوە کە ئەمەش واتای (الوقف أولَى) واتە: ڕاوەستان لە پێش ترە.

٣- وەستانی بەس (الكافي): ئەو ڕاوەستانەیە کە لە خۆی دا تەواوە، بەڵام لە ماناداا پەیوەندی بە دوای خۆیەوە هەیە، نەك لە لەفزەکەیدا، وەك (وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدُيرٌ) وەستان لەسەر ووشەی (هو) کافییە، بەڵام گەیاندنی بە دوای خۆیەوە لە پێشترە، ئەم جۆرە وەستانە بە ووشەی (ۖ) لە قورئان دا ئاماژەی پێ کراوە کە بە مانای (الوصل أوْلى) یە واتە: گەیاندن لە پێشترە.

٤- وەستانی پەسەند (الحَسَنْ): ئەو ڕاوەستانەیە کە لە خۆی دا تەواوە، بەڵام لە ووشە و واتادا پەیوەندی بەدواوەی خۆیەوە هەیە، هەرچەندە پەیوەندی بە دوای خۆیەوە هەیە بەڵام مانایەکی ڕاست و دروست لە کاتی ڕاوەستان دا دەبەخشێ، وەك (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ) وەستان لەسەر ووشەی (الْأَنْهَارُ) پەسەندە، ئەم جۆرە وەستانە بە پیتی (ۚ) لە قورئان دا ئاماژەی پێ کراوە کە بە واتای: ڕاوەستان و گەیاندن وەك یەکە.

٥- وەستانی خراپ (القَبِيح): ئەو ڕاوەستانەیە کە نە لەخۆیدا تەواوە نە لە رووی ووشەو واتاشەوە پەیوەندی بە دوای خۆیەوە هەیە، ئەم جۆرە وەستانە جائیز نییە، وەك وەستان لەسەر ووشەی (يَسْتَحْيِي) لە ئایەتی (إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلاً مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ) چونکە ماناکەی پەنا بە خوای گەورە بەو شێوەیەی لێ دێت (خوای گەورە شەرم ناکات..) ئەمەش وەستانێکی زۆر ناشیرین و خراپە و نابێت لەسەری بوەسترێت، ئەم جۆرە وەستانە بەهۆی زانینی مانای ئایەتەکانەوە دەزانرێت.

١- نیشانەی پیتی (ۙ) لەسەر کۆتایی ووشەکان لە قوئانی پیرۆزدا، واتای ئەوە ناگەیەنێت کە خوێنەر نابێت لەسەر ئەو ووشەیە بوەستێت بەڵکو دەتوانرێ

بوەستێ بەڵام نابێت بە ووشەی دوای وەستانەکەی دەست پێ بکاتەوە بەڵکو دەبێت بگەڕێتەوە بۆ پێش وەستانەکەی و لەو جێگایەوە دەست پێ بکات کە واتای تەواو دەبەخشێ.

٢- مەرج نی یە لەکاتی خوێندنەوەدا، تەنها بەپێ ی ئەم نیشانانە ( ۘ ، ۗ ، ۚ ، ۖ ) بوەستین، بەڵکو دەتوانین بە پێی تەواویی مانای شوێنی وەستانەکە رابوەستین.

٣- لە هەندێ جێگا لە قورئاندا سێ خاڵی لەسەر یەك دەبینین وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ) ئەم سێ خاڵە پێیان دەوترێ شوێنی دەس لە ملانی مانا (معانقة) کە لەسەر دوو ووشەن و بە دوای یەکدا هاتوون، لێرەدا قورئان خوێن لەسەر یەکێکیان دەوەستێ و بەسەر ئەوی تردا تێ دەپەڕێت، ئەگەر لەسەر یەکەمیان وەستایت نابێت لەسەر دووەم بوەستێ، ئەگەر لەسەر ووشەی (لاَ رَيْبَ) وەستایت، نابێت لەسەر ووشەی (فِيهِ) بوەستیت، ئەگەر لەسەر ووشەی (لاَ رَيْبَ) نەوەستایت، دەتوانیت لەسەر ووشەی (فِيهِ) بوەستیت، ئەمەش بۆ تێك نەدانی مانای ئایەتەکانە.

# دەسپێك و بەشەكانی
## (الإبْتِداووَأنْواعُه)

شێوازی دەست پێ كردن دوو بەشە:

١- دەسپێكی دروست (جائز): دەست پێكردنە بە ڕستەیەكی سەربەخۆ كە ئەو واتایەی خوای گەورە مەبەستی بووە، بە تەواوی لەو ئایەتەدا دەربكەوێت وەك: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)، (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) هەروەها دەست پێكردن بە سەرەتای ئایەتەكان.

٢-دەسپێكی خراپ (قبيح):دەست پێكردنە بە ووشەیەك كە واتایەك ببەخشێت دوور بێت لەو واتایەوە كە خوای گەورە مەبەستی بووە، وەك: ئەم ئایەتە (وَقَالُواْ اتَّخَذَ اللّهُ وَلَدًا) لە ووشەی (اتَّخَذَ)ەوە دەست پێ بكەی بەم شێوەیەی لێ دێت: (اتَّخَذَ اللّهُ وَلَدًا)!! یان ئەم ئایەتە (وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللّهِ مَغْلُولَةٌ) لە ووشەی (يَدُ)ە وە دەست پێ بكەی بەم شێوەیە (يَدُ اللّهِ مَغْلُولَةٌ)!! ئەمەش جائیز نی یە.

هەمزەی گەیاندن (أ) (هَمْزَه الوَصل):

هەمزە (ا) دەكرێت بە دوو بەشەوە:

یەكەم: هەمزەی پسان (القَطْعْ): ئەو هەمزەیە كە لە بنچینەی ووشەكەیەو لە كاتی دەست پێكردن و گەیاندنی دا هەر دەخوێندرێتەوە، وەك: ( وَقَدْ أَفْلَحَ، وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَى).

دووەم: هەمزەی گەیاندن (الوَصل): ئەو هەمزە زیادەیە كە لە ئەسڵی پێكهاتەی ووشەكە نییە، لە كاتی دەست پێكردن پێی، دەخوێندرێتەوە، بەڵام لە كاتی گەیاندن دا ناخوێندرێتەوە وەك: (فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ) لە گەیاندنی ووشەی پێش دوای هەمزەكە، هەمزەكە ناخوێندرێتەوە دەووترێت: (فَلَا قْتَحَمَ الْعَقَبَةَ) بەڵام لە كاتی دەست پێ كردن بە هەمزەكە دەڵێین: (إِقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ).

تێبینی: ئەم هەمزەیە لە نووسین دا هەر دەمێنێت بەڵام لە كاتی گەیاندن و گرێدانداا ناخوێندرێتەوەو لە قورئان دا پیتی صادی بە شێوەیەكی بچوك لەسەر

نوسراوە، سودی ئەم هەمزەیە بۆ ئاسان خوێندنەوەی ئەو پیتە زەنە دارەیە، کە لە سەرەتای ووشەوە دێت، چونکە عەرەب بە پیتێکی زەنەدار دەست بە خوێندەوە ناکات، هەروەها لەسەر پیتی جوڵاو بە حەرەکە، ناوەستێت، بۆیە دەیگۆڕێت بۆ زەنە.

پرسیار: هەمزەی گەیاندن (هَمْزَہ الوَصلْ) لە کوێدا دێت ؟

وەڵامهەمزەی گەیاندن لە فرمان و ناو پیت دا دێت.

یەکەم: هەمزەی گەیاندن لە فرمان دا:

هەمزەی گەیاندن تەنها لە پێش فرمانی ڕابردوو و داخوازیدا دێت، ئەووەش ئەگەر فرمانە ڕابوردووەکە لە ئەسڵدا لە پێنج یان شەش پیت پێك هاتبێ و فرمانە داخوازیەکەش لە ئەسڵدا لە سێ پیت یان پێنج پیت یان شەش پیت پێك هاتبێ، وەك: (اِعْتَدَی، اِسْتَسْقی، اِسْتَأْجِرهُ، اِسْتَغْفِرْ، اِضْرِبْ).

چۆنیەتی خوێندنەوەی هەمزەی گەیاندن لە فرماندا:

به دوو شێوە هەمزەی گەیاندن لە فرمان دا دەخوێندرێتەوە:

١-ئەگەر سێیەم پیتی فرمانەکە بۆر (ضمه) ی لەسەر بوو، ئەوا جوڵەی هەمزەکە بۆر دەبێت وەك: اعْبُدوا = أُعْبُدوا.

٢-ئەگەر سێ یەم پیتی فرمانەکە سەر یان ژێری هەبوو (فەتحە یان کەسرە) ئەوا جوڵەی هەمزەکە ژێر (کەسرە) دەبێت، وەك: (اقْتَرَبَ = اِقْتَرَبَ، اضْرِب = اِضْرِب).

تێبینی: لەم ووشانەدا (اِمْشُوا، اِقْضُوا، اِبْنُوا، اِمْضُوا، اِءْتُوا) هەرچەندە جوڵەی سێیەم پیت، بۆرە، بەڵام جوڵەی هەمزەکە بە کەسرە دەخوێندرێتەوە چونکە ئەسڵی ئەم ووشانە (اِمْشِیُوا، اِقْضِیُوا، اِبْنِیُوا، اِمْضِیُوا، اِءْتِیُوا) کە دەردەکەوێت سێیەم پیتی ئەم فرمانانە لە ئەسڵدا کەسرەیان لە ژێر دایە بەڵام گۆڕدراون بۆ بۆر، لێرەدا بۆ جوڵەی هەمزەکە دەگەڕێینەوە بۆ بنچینەی ووشەکە کە سێیەم پیتی کەسرەیە.

## چۆنیەتی خوێندنەوەی هەمزەی گەیاندن لە ناودا:

ئەو ناوانەی کە هەمزەی گەیاندن لە پێشیانەوە دێن دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- ئەو ناوانەی کە لە چاوگی فرمانی ڕابردووی پێنج یان شەش پیتیەوە وەرگیراون وەك: (افْتِرَاء = اِفْتِرَاء، اسْتِكْبَارًا = اِسْتِكْبَارًا) جوڵەی هەمزەکە لەکاتی دەست پێکردن دا کەسرەیە و لە گەیاندنیش دا ناخوێندرێتەوە.

٢- ئەو ناوانەی گەردان ناکرێ و لە چاوگەوە وەر نەگیراون و ئەم ناوانەش دەن و تەنها حەوتیان لە قورئانی پیرۆز دا هاتوە ئەوانیش:(اِبْنْ، اِبْنَة، اِمْرُؤ، اِمْرأة، اِسْم، اِثْنان (اِثنين)، اِثْنَتان (اِثْنَتَين، اِثنتا). نمونەش لە قورئان دا: (ابنَ مَرْيَمَ، ابْنَتَ عِمْرَانَ، امْرُؤٌ هَلَكَ، امْرَأَةُ الْعَزِيزِ، اسْمَ رَبِّكَ، اثْنَيْنِ، اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْناً )جوڵەی هەموو ئەم هەمزانە لە کاتی دەست پێکردن پێیاندا، کەسرە دەبێت، واتە دەڵێین: اِبنَ مَرْيَمَ.

## چۆنیەتی خوێندنەوەی هەمزەی گەیاندن لە پیت دا:

هەمزەی گەیاندن تەنها دەچێتە سەر پیتی لامی ناساندن (لام التعريف) وەك: (التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدونَ) لە کاتی گەیاندن دا ناخوێندرێتەوە و دەڵێن: (اَلتَّائِبُونَ لْعَابِدُونَ لْحَامِدُونَ لسَّائِحُونَ لرَّاكِعُونَ لسَّاجِدونَ) لە کاتی دەست پێکردندا دەیخوێنینەوەو جوڵەکەی فەتحەیەو هەر وەك ووشەی: (التَّائِبُونَ) کە دەستمان پێ ی کردوە.

بەڵام ئەگەر هەمزەی پرسیار (أ) چووە سەر هەمزەی گەیاندن ئەوا لە کاتی وەستان و گەیاندن دا هەمزەی گەیاندنەکە دەخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو پرسیار کردنە نەگۆڕدرێت بۆ هەواڵ پێدان وەك: (ءَاللّه،ءَالان، ءَآلذَّكَرَيْنِ) ئەمەش دوو شێوازی خوێندنەوەی هەیە، ئەوانیش:

- درێژ کردنەوەی مەددەکەیە، بە ئەندازەی شەش حەرەکەت، هەر وەك مەددی لازم کە ئەمەیان لە پێشترە.

- بە جۆرێك ئەلفی مەددەکە بخوێندرێتەوە، کە شێوەی خوێندنەوەکەی لە نێوان هەمزەو ئەلف دا بێت، واتە نە ئەلف بێت و نە هەمزەش، ئەم حاڵەتەش تەنها لە دەمی مامۆستایانەوە وەردەگیرێت.

ئیمامی جەزەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (الجزرية) دەفەرموێ:

وابدأ بِهَمْزِ الوصْلِ مِنْ فِعْلٍ بضَمّ ... إنْ كانَ ثالِثٌ مِنَ الفِعْلِ يُضَمّ
واكسِرْهُ حَالَ الكَسْرِ والفتْحِ وَفي ... الاسْماءِ غيرَ اللامِ كسْرُهَا وفِي
وامـرأةٍ واسْـمٍ معَ اثنتَيْنِ ... ابـنٍ مَعَ ابنَـةِ امـرئٍ واثنَيْنِ

# پیتی تائی مێینە
## (تَاء التَأنِيثْ)

تائی مێ ینە (ت): ئەو پیتی تائەیە کە بەڵگەیە بۆ مێینەو دەکەوێتە کۆتای فرمانەوە، تا بیسەلمێنێت کە بکەرەکە مێینەیە وەك: (وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّه) یان دەکەوێتە کۆتای ناوەوە وەك: (رَحْمَةٌ) کاتێك دەکەوێتە کۆتای فرمانەوە هەمیشە بەم شێوەی تای درێژ دەنوسرێت (ت) لە کاتی ڕاوەستان لەسەری یان ڕۆشتن هەر بە (ت) دەخوێندرێتەوە، لە کۆتای ناودا هەمیشە بە شێوەی تائی خڕ (ة) دەنوسرێ، لە کاتی وەستان لەسەر تائەکە بە (ه) دەخوێندرێتەوە، بۆیە پێشی وتراوە (هێ مێینە) بەڵام هەندێ ووشە لە موصحەفی عوسمانی دا لە ئەسڵی خۆیان دەرچوون و بە هەردوو شێوەکە (ة - ت) دەنوسرێ، لە خوێندنەوەش دا ئەگەر بە (ة) خڕ نوسرابوون کە لەسەری دەوەستین بە (ه) دەیخوێنینەوە، ئەگەر بە (ت)ی درێژ نوسرابوو هەر بە (ت) دەخوێندرێتەوە، ووشەکانیش: (رَحْمَتْ، نِعْمَتْ، اِمْرَأَتْ، سُنَتْ، لَعْنَتْ، مَعْصِيَتْ، كَلِمَت، بَقِيَّتْ، قُرَّت، فِطْرَت، شَجَرَت، جَنَّت، ابْنَت).

| ژ | ئەو جێگایانەی ووشەی رَحْمَت ی بە ت ی درێژ تێدا نوسراوە لە قورئان دا | سورەتی | ئایەتی |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | أُوْلَـئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللّهِ | البقرة | ٢١٨ |
| ٢ | إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ | الأعراف | ٥٦ |
| ٣ | رَحْمَتُ اللّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ | هود | ٧٣ |
| ٤ | وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ | الزخرف | ٣٢ |
| ٥ | فَانظُرْ إِلَى آثَارِ رَحْمَتِ اللَّهِ | الروم | ٥٠ |
| ٦ | ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا | مريم | ٢ |
| ٧ | أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ | الزخرف | ٣٢ |
| * جگە لەم جێگایانە لە هەموو قورئان دا ووشەی رَحْمَت بە تای خڕ نوسراوە (رَحْمَة). | | | |

| ژ ماره | ئەو جێگایانەی ووشەی نِعْمَتی بە ت ی درێژ تێدا نوسراوە لە قورئان دا | سورەتی | ئایەتی |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ | البقرة | ٢٣١ |
| ٢ | وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ | ال عمران | ١٠٣ |
| ٣ | يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ | المائدة | ١١ |
| ٤ | بَدَّلُواْ نِعْمَتَ اللّهِ كُفْرًا | إبراهيم | ٢٨ |
| ٥ | وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَتَ اللّهِ لاَ تُحْصُوهَا | إبراهيم | ٢٤ |
| ٦ | وَبِنِعْمَتِ اللّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ | النحل | ٧٢ |
| ٧ | يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ اللّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا | النحل | ٨٣ |
| ٨ | وَاشْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ | النحل | ١١٤ |
| ٩ | أَلَمْ تَرَ أَنَّ الْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِنِعْمَتِ اللَّهِ | لقمان | ٣١ |
| ١٠ | يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ | فاطر | ٣ |
| ١١ | فَذَكِّرْ فَمَا أَنتَ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجْنُونٍ | الطور | ٢٩ |

* جگە لەم جێگایانە لە هەموو قورئان دا ووشەی نِعْمَتْ بە تای خڕ نوسراوە (نِعْمَة).

| ژماره | ئەو جێگایانەی ووشەی امْرَأَت ی بە ت ی درێژ تێدا نوسراوە | سورەتی | ئایەتی |
|---|---|---|---|
| ١ | إِذْ قَالَتِ امْرَأَتُ عِمْرَانَ | ال عمران | ٣٥ |
| ٢ | قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ | یوسف | ٥١ |
| ٣ | وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ | القصص | ٩ |
| ٤ | امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ | یوسف | ٣٠ |
| ٥ | اِمْرَأَتَ نُوحٍ | التحریم | ١٠ |
| ٦ | وَاِمْرَأَتَ لُوطٍ | التحریم | ١٠ |
| ٧ | اِمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ | التحریم | ١١ |
| * جگە لەم جێگایانە لە هەموو قورئان دا ووشەی امْرَأَت بە تای خڕ نوسراوە (امْرَأَةٌ). | | | |

| ژماره | ئەو جێگایانەی ووشەی لَعْنَت ی بە ت ی درێژ تێدا نوسراوە لە قورئان دا | سورەتی | ئایەتی |
|---|---|---|---|
| ١ | ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَتُ اللّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ | ال عمران | ٦١ |
| ٢ | أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ | | ٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | النور |
| * جگە لەم جێگایانە لە هەموو قورئان دا ووشەی لَعْنَت بە تای خڕ نوسراوە (لَّعْنَة). | | | |

| ژماره | ئەو جێگایانەی ووشەی مَعْصِيَت ی بە ت ی درێژ تێدا نوسراوە لە قورئان دا | سورەتی | ئایەتی |
|---|---|---|---|
| ١ | وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ | المجادلة | ٨ |
| ٢ | فَلَا تَتَنَاجَوْا بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ | المجادلة | ٩ |
| * جگە لەم جێگایانە لە هەموو قورئان دا ووشەی مَعْصِيَت بە تای خڕ نوسراوە (مَعْصِيَة). | | | |

| ژماره | ئەو جێگایانەی ووشەی سُنَّت بە ت ی درێژ تێدا نوسراوە لە قورئان دا | سورەتی | ئایەتی |
|---|---|---|---|
| ١ | فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينِ | الأنفال | ٣٨ |
| ٢ | فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ | فاطر | ٤٣ |
| ٣ | فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا | فاطر | ٤٣ |
| ٤ | وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا | فاطر | ٤٣ |
| ٥ | | | ٨٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ | غافر | |
| * جگە لەم جێگایانە لە هەموو قورئان دا ووشەی سُنَّت بە تای خڕ نوسراوە (سُنَّه). | | | |

ووشەی(كَلِمَت): تەنها لە یەك جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ووشەیە بە ت ی درێژ نوسراوە ئەویش: (وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى) الأعراف/١٣٧، جگە لەم شوێنە لە هەموو قورئان دا بە (ة) خڕ نوسراوە (كَلِمَة).

ووشەی (بَقِيَّت): تەنها لە یەك جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ووشەیە بە ت ی درێژ نوسراوە ئەویش: (بَقِيَّتُ اللّهِ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) هود/٨٦، جگە لەم شوێنە لەهەموو قورئان دا بە (ة) خڕ نوسراوە (بَقِيَّة).

ووشەی (قُرَّت): تەنها لە یەك جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ووشەیە بە ت ی درێژ نوسراوە ئەویش: (وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ) القصص/٩،جگە لەم شوێنە لە هەموو قورئان دا بە (ة) خڕ نوسراوە (قُرَّة).

ووشەی (فِطْرَت): تەنها لە یەك جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ووشەیە بە ت ی درێژ نوسراوە ئەویش: (فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا)الروم/٣٠ جگە لەم شوێنە لە هەموو قورئان دا بە (ة) خڕ نوسراوە (فِطْرَة).

ووشەی (شَجَرَت): تەنها لە یەك جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ووشەیە بە ت ی درێژ نوسراوە ئەویش:(إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ * طَعَامُ الْأَثِيمِ)الدخان/٤٣-٤٤ جگە لەم شوێنە لە هەموو قورئان دا بە (ة) خڕ نوسراوە (شَجَرَة).

ووشەی (جنَّت): تەنها لە یەك جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ووشەیە بە ت ی درێژ نوسراوە ئەویش: (فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ)الواقعة/٨٩ جگە لەم شوێنە لە هەموو قورئان دا بە (ة) خڕ نوسراوە (جَنَّة).

ووشەی (أبْنَتْ): تەنها لە یەك جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ئەم ووشەیە بە ت ی درێژ نوسراوە ئەویش: (وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا)التحريم/١٢، جگە لەم شوێنە لە هەموو قورئان دا بە (ة) خڕ نوسراوە (ابْنَة).

ئیمامی جەزەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی جەزەری دا فەرمویەتی:

وَرَحْمَتُ الزُّخْرُفِ بالتَّا زَبَرَة — الاعْرافِ رومِ هودِ كافِ البقَرَة
نَعْمَتُها ثلاثُ نَحْلٍ إبْرَهَمْ — مَعاً أخيراتٌ عُقودُ الثَّانِ هَمّ
لُقْمانُ ثُمَّ فاطِرٌ كالطُّورِ — عِمْرانَ لعنَتَ بِها والنُّورِ
وامرأتٌ يوسُفَ عِمْرانَ القَصَصْ — تَحْرِيمُ معصِيَتْ بِقَدْ سَمِعْ يُخَصّ
شَجَرَتَ الدُّخانِ سُنَّتْ فاطِرِ — كُلاًّ والانْفالِ وأُخْرى غافِرِ
قُرَّتُ عينٍ جَنَّتٌ في وقَعَتْ — فِطْرَتْ بقِيَّتْ وابْنَتٌ وكَلِمَتْ
أوسَطَ الاعْرافِ وَكُلُّ ما اختُلِفْ — جَمْعتاً وفرداً فيهِ بالتاءِ عُرِفْ

## پساوو گەیێنراو
## (المَقْطوع وَالمَوصُولْ)

پساو (الْمَقْطوعْ): ئەو ووشایەنەیە کە لە چۆنیەتی نوسینی موصحەفی عوسمانی دا (الرسم العثمانی) لەیەك جیاکراونەتەوە وەك: لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ، لێرەدا ووشەی (بِئْسَ) لە (ما) جیا کراوەتەوە.

گەیێنراو (المَوصولْ): ئەو ووشانەن کە لە چۆنیەتی نوسینی موصحەفی عوسمانی دا بە یەکەوە لکێنراون وەك: بِئْسَمَا اشْتَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ، لێرەدا ووشەی (بِئْسَ) بە (ما) وە لێکندراوە.

پرسیار: ئەسڵی نووسینی ئەم ووشانە چۆنە؟

وەڵام: ئەسڵی نوسینی ئەم ووشانە لەیەکتری جودان، بەڵام بە هۆی توندی پەیوەند ئەم دوو ووشەیە لە واتا یان لە ووشەدا بەیەکەوە نوسراون، بۆیە حوکمی یەك ووشە وەردەگرن.

پرسیار: حوکمی ڕاوەستان لەسەر پساوو گەیێنراو چی یە؟

وەڵام:

١- ئەگەر هەردوو ووشەکە بەیەکەوە لکابوون، ئەوە دروست نی یە لەسەر ووشەی یەکەم ڕابوەستین و بە ووشەی دووەم دەست پێ بکەین، وەك: لە ووشەی بِئْسَمَا بڵێین بِئْسَ ئینجا بوەستین و مَا اشْتَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ.

٢- ئەگەر هەردوو ووشەکە لەیەك جودا بوون، ئەوە دروستە لەسەر ووشەی یەکەم بوەستین و بە ووشەی دووەم دەست پێ بکەینەوە، ئەمەش لەکاتی فێربوونی خوێندنەوە یان لە کاتی تاقی کردنەوە یان لە کاتی پێویستی وەك هەناسە بڕان و کۆکین و پژمین دا.

پرسيار: ئەو ووشانە كامانەن كە بە پساوی لە قورئان دا نوسراون ؟

يەكەم: لەكاتی گەيشتی (أنْ) كە هەمزەكە سەری هەيە (مفتوحە) ونوونەكە زەنەدارە بە (لا) پيتی لا ی نەهی كردن (نافيە) لای هەموو خوێنەرانی قورئان لە دە جێگەدا لە قورئانی پيرۆز دا بە پساوی دەنوسرێن، ئەوانيش:

١- (حَقِيقٌ عَلَىٰ أَن لَّا أَقُولَ عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ ) الأعراف/١٠٥

٢- (أَن لَّا يَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ وَدَرَسُوا مَا فِيهِ) الأعراف/١٦٩

٣- (وَظَنُّواْ أَن لاَّ مَلْجَأَ مِنَ اللّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ) التوبة/١١٨

٤- ( فَاعْلَمُوا أَنَّمَا أُنزِلَ بِعِلْمِ اللَّهِ وَأَن لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ) هود/١٤

٥- (أَن لاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ اللّهَ) هود/٢٦

٦- (أَن لاَّ تُشْرِكْ بِي شَيْئًا) الحج/٢٦

٧- (أَن لاَّ تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ) يس/٦٠

٨- (وَأَن لاَّ تَعْلُوا عَلَى اللَّهِ) الدخان/١٩

٩- (أَن لاَّ يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا) المتحنة/١٢

١٠- (أَن لاَّ يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ) القلم/٢٤

لەم دە جێگەيەدا بە بێ خيلاف بە پساوی دەنوسرێن، بەڵام لە ئايەتی (فَنَادَىٰ فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ) الأنبياء/٨٧ ڕاجوێی (خيلاف) هەيە لەوەی ئايا پساوە يان گەيێنراوە؟ هەردووكيشيان هەر ڕاستە و كاری پێدەكرێت، جگە لەمانەی باسمان كرد لە هەموو جێگەكانی تر لە قورئان دا بە گەيێنراوی هاتووە.

دووەم: لە كاتی گەيشتنی (إِنْ)كە هەمزەكە ژێری هەيە و نوونەكە زەنەدارە بە (مَّا) لە يەك شوێن لە قورئانی پيرۆزدا بە پساوی دەنوسرێت ئەويش: (وَإِنْ مَّا

نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ)الرعد/٤٠ جگه لەمه له هەموو جێگەكانی تردا كه هاتووه له قورئان دا به گەیێنراوی دەنوسرێت.

سێ یەم: لەكاتی گەیشتنی (عَنْ) به (مَّا) له یەك شوێن به پساوی دەنوسرێ:
(فَلَمَّا عَتَوْاْ عَن مَّا نُهُواْ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ) الأعراف/١٦٦ جگه لەم شوێنه له هەموو ئایەتەكانی تردا به گەیێنراوی دەنوسرێت.

چوارەم: لەكاتی گەیشتنی (مِنْ) به (مَّا) له دوو شوێن به پساوی دەنوسرێ:

١- (فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم) النساء/٢٥

٢-(هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم) الروم/٢٨

ڕاجوێیی لەسەر پسان و گەیاندنی ئەم ئایەته (وَأَنْفِقُوا مِنْ مَّا رَزَقْناكُم)المنافقون/١٠ هەیه.

پێنجەم: له كاتی گەیشتنی (أَم) به (مَّنْ) له چوار شوێن به پساوی دەنوسرێ:

١- (أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلاً) النساء/١٠٩

٢- (أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ) التوبة/١٠٩

٣- (فَاسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَم مَّنْ خَلَقْنَا) الصافات/١١

٤- (أَم مَّن يَأْتِي آمِنًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ) فصلت/٤٠

جگه لەم چوار شوێنه له هەموو جێگەكانی تر له قورئان دا به گەیێنراوی دەنوسرێت.

شەشەم: لەكاتی گەیشتنی (أَنْ) به (لَّم) كه له هەموو جێگەكانی كه له قورئان دا هاتوه بەپساوی دەنوسرێ نمونەیەك: (ذَلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ) الأنعام/١٣١

حەوتەم: له كاتی گەیشتنی (إِنَّ) به (ما) ی موصوله له یەك شوێن بەبێ خیلاف به پساوی دەنوسرێ ئەویش (إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لآتٍ) الأنعام/١٣٤لەم

ئایەتەش دا (إِنَّمَا عِندَ اللَّهِ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ) النحل/٩٥ خیلافی لەسەرە کە دەتوانرێ بە پساوی و گەیزاوی بنوسرێ، جگە لەم شوێنە لە هەموو جێگەکانی تردا لە قورئان بە گەیزاوی دەنوسرێ.

هەشتەم: لەکاتی گەیشتنی (أَنَّ) بە (ما) لە دوو شوێن بەبێ خیلاف بە پساوی دەنوسرێ:

١- (وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ) الحج/٦٢

٢- (وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ الْبَاطِلُ) لقمان/٣٠

لەم ئایەتەش دا خیلاف هەیە (وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ) الأنفال/٤١ واتە پسان و گەیاندنی شیاو (جائیز)ە، پسانیشی باشترە، جگە لەم سێ شوێنە لە هەموو جێگەکانی تری قورئان دا بە گەیزاویی دەنوسرێ.

نۆیەم: لە کاتی گەیشتنی (حَيْثُ) بە (مَا) لە دوو شوێن بە پساوی دەنوسرێ:

١- (وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ ۗ وَإِنَّ الَّذِينَ) البقرة/١٤٤

٢-( وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ) البقرة/١٥٠

تەنها لەم دوو شوێنە لە قورئان دا هاتووە.

دەیەم: لەکاتی گەیشتنی (كُلِّ) بە (مَا) لە یەك شوێن بەبێ خیلاف بە پساوی دەنوسرێ: (وَآتَاكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ) إبراهيم/٣٤

لە چوار جێگە لە قورئان دا خیلاف هەیە لەسەر ئەوەی بە پساوی یان بە گەیزاوی بنوسرێ ئەوانیش:

١- (كُلَّ مَا رُدُّوٓاْ إِلَى الْفِتْنَةِ أُرْكِسُواْ فِيهَا) النساء/٩١

٢- (كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا) الأعراف/٣٨

٣- (كُلَّ مَا جَاءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ) المؤمنوون/٤٤

٤- (كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ) الملك/٨

جگە لەم شوێنانە لە هەموو جێگەکانی تر لە قورئان دا بە گەیێنراوی دەنوسرێت.

یانزە: لەکاتی گەیشتنی (بِئْسَ) بە (مَا) لە هەموو قورئانی پیرۆز دا بە پساوی دەنوسرێ تەنها لە دوو شوێن بە گەیێنراوی نوسراوە ئەوانیش:

١- (بِئْسَمَا اشْتَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ) البقرة/٩٠

٢- (بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِن بَعْدِيَ) الأعراف/١٥٠

لە یەك شوێنیش دا خیلافی لەسەرە واتە دەتوانرێ بە پساوی یان بە گەیێنراوی بنوسرێ ئەویش: (قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُمْ بِهِ إِيمَانُكُمْ إِن كُنتُمْ مُّؤْمِنِينَ) البقرة/٩٣

دوانزە: لە کاتی گەیشتنی (فِی) بە (مَا) لە یەك شوێن بەبێ خیلاف بە پساوی دەنوسرێ:

(أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَاهُنَا آمِنِينَ) الشعراء/١٤٦

لە دە شوێن دا ڕاجوێی (خیلاف) هەیە کە بە پساوی یان بە گەیێنراویی دەنوسرێ ئەوانیش:

١- (فِي مَا فَعَلْنَ فِيَ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ) البقرة/٢٤٠

٢- (لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ) المائدة/٤٨

٣- (قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ) الأنعام/١٤٥

٤- (لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ) الانعام/١٦٥

٥- (وَهُمْ فِي مَا اشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَالِدُونَ) الأنبياء/١٠٢

٦- (لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ) النور/١٤

٧- (فِي مَا رَزَقْنَاكُمْ) الروم/ ٢٨

٨- (فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ)الزمر/٨

٩- (فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ)الزمر/٤٦

١٠- (وَنُنشِئَكُمْ فِي مَا لَا تَعْلَمُونَ) الواقعة/٦١

سیانزە: لەکاتی گەیشتنی (أَيْنَ) بە (مَا) لە هەموو قورئان دا بە پساوی دەنوسرێ، تەنها لە دوو شوێن بە گەیێراوی دەنوسرێ، ئەوایش:

١- (فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللّهِ) البقرة/١١٥

٢- (أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لاَ يَأْتِ بِخَيْرٍ) النحل/٧٦

لە سێ شوێن دا خیلاف هەیە لە نێوان پسان و گەیاندن، ئەوانیش:

١- (أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ) النساء/٧٨

٢- (وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ) الشعراء/٩٢

٣- (مَلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوا) الأحزاب/٦١

چواردە: لەکاتی گەیشتنی (أَنْ) بە (لَنْ) لە هەموو قورئان دا بە پساوی دەنوسرێ تەنها لە دوو شوێندا نەبێت کە بە گەیێراویی دەنوسرێ، ئەوانیش:

١- (أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِدًا) الكهف/٤٨

٢- (أَلَّن نَجْمَعَ عِظَامَهُ) القيامة/٣

پانزەیەم: لەکاتی گەیشتنی (كَيْ) بە (لَا) لە هەموو قورئان دا بە پساوی دەنوسرێ تەنها لە چوار شوێندا نەبێت کە بە گەیێراویی دەنوسرێ، ئەوانیش:

١- (لِكَيْلاَ تَحْزَنُواْ عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلاَ مَا أَصَابَكُمْ) ال عمران/١٥٣

٢- (لِّكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا) الحج/٥

٣- (لِّكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ) الأحزاب/٥٠

٤- (لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ) الحديد/٢٣

شانزە: لەکاتی گەیشتنی (عَنْ) بە (مَّنْ) لە دوو شوێن بە پساویی دەنوسرێ، ئەوانیش:

١- (وَيَصْرِفُهُ عَن مَّن يَشَاء) النور/٤٣

٢- (فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا) النجم/٢٩

جگە لەم دوو شوێنەش لە هەموو قورئان دا جارێکی تر نەنوسراوە.

حەڤدە: لەکاتی گەیشتنی (يوْمَ) بە (هُمْ) لە دوو شوێن بە پساوی دەنوسرێ، ئەوانیش:

١- (يَوْمَ هُم بَارِزُونَ) غافر/١٦

٢- (يَوْمَ هُمْ عَلَى النَّارِ يُفْتَنُونَ) الذاريات/١٣

هەژدە: لەکاتی گەیشتنی (مَالِ) بە (ووشەکەی دوایی) لە چوار شوێن بە پساوی دەنوسرێ، ئەوانیش:

١- (فَمَالِ هَؤُلاء الْقَوْمِ) النساء/٧٨

٢- (مَالِ هَذَا الْكِتَابِ) الكهف/٤٩

٣- (وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ) الفرقان/٧

٤- (فَمَالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ) المعارج/٣٦

نۆزدە: لەکاتی گەیشتنی (وَلاَتَ) بە (حِيْنَ) لە یەك شوێن بە پساوی دەنوسرێ، ئەویش: (وَلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ) ص/٣.

ئیمامی جەزەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی جەزەری دا فەرمویەتی:

واعْرِفْ لِمَقْطُوعِ ومَوْصُولٍ وَتَا    في المصحَفِ الإمامِ فِيما قدْ أَتَى
فاقطَعْ بعَشْرِ كَلِماتٍ أنْ لا    مَعْ مَلْجَأَ ولا إلـهَ إلاَّ
وتَعْبُدُوا ياسينَ ثَانِي هـودَ لا    يُشْرِكْنَ تُشْرِكْ يَدْخُلَنْ تعْلُوا على
أنْ لاَّ يَقُولُوا لا أَقُولَ إنْ مّا    بِالرَّعْدِ والمَفْتُوحَ صِلْ وعن مَّا
نُهُوا اقْطَعُوا مِن مَّا بِرومٍ والنِّسَا    خُلْفُ المنافِقِينَ أم مَّنْ أَسَّسَا
فُصِّلَتِ النِّسَا وذِبْحٍ حيْثُ مَا    وأن لَّمِ المَفْتُوحَ كَسْرُ إنَّ مَا
الأَنْعامَ والمَفْتُوحَ يدْعُونَ مَعا    وخُلْفُ الانْفالِ ونَحْلٍ وَقَعَا
وكُلِّ ما سألْتُمُوهُ واختُلِفْ    رُدُّوا كَذَا قُلْ بِئْسَما والوَصْلَ صِفْ
خَلَفْتُمُونِي واشْتَرَوْا فِي ما اقطَعا    أُوحِي أَفَضْتُمْ اشْتَهَتْ يَبْلُو مَعا
ثَانِي فعَلْنَ وَقَعَتْ رُومٌ كِلا    تَنْزِيلُ شُعَرا وغيْرَهَا صِلا
فأيْنَما كالنَّحْلِ صِلْ ومُخْتَلِفْ    في الشُّعَرا الأَحْزابِ والنِّسَا وصف
وَصِلْ فإن لَّمْ هُودَ أن لَّنْ نجْعَلا    نَجْمَعَ كَيْلا تَحْزَنُوا تَأْسَوْا عَلَى
حَجٌّ عَلَيْكَ حرَجٌ وقَطْعُهُمْ    عن مَّنْ يشاءُ مَنْ تَوَلَّى يَوْمَ هُمْ
وَمَال هذا والَّذِينَ هؤُلا    تَحِينَ في الإمامِ صِلْ ووُهِّلا
وَوَزَنُوهُمُ وكَالُوهُمْ صِلِ    كَذَا مِنَ ال، وَيا، وها لا تفصِلِ

# لابردن وهێشتنەوە

## (الحَذْف والإثْبات)

لابردن: بریتییە لە نەخوێندنەوەی هەر سێ پیتی (ا، و، ی) ی مەدد لە کاتی گەیشتنیان بە پیتێکی زەنەدارو مانەوەیان تەنها بە نوسراوی لە قورئانی پیرۆزدا.

هێشتنەوە: بریتییە لە خوێندنەوەی هەر سێ پیتی (ا، و، ی) مەددو مانەوەیان بە نوسراوی لە قورئانی پیرۆزدا.

پرسیار: لە چ کاتێك دا لابردن و هێشتنەوە ڕوودەدات؟

وەڵام: لابردن و هێشتنەوە لە کاتی وەستان (الوقف) یا گەیاندن (الوصل) لە هەر سێ پیتەکەدا ڕوودەدات، لێرەش دا بە درێژی باسیان دەکەین:

- ئەگەر پیتەکانی (ا، و، ی) مەدد بە پیتێکی زەنەدار بگات، بە مەرجێك ئەم پیتانە بکەونە کۆتایی ووشەی یەکەم و پیتە زەنەدارەکە بکەوێتە سەرەتای ووشەی دووەمەوە، لەم حاڵەتەدا پیتەکانی (ا، و، ی) ی مەدد ناخوێندرێتەوە، بەڵام لە قورئان دا هەر دەنوسرێت وەك: كِلْتَا الْجَنَّتَين = كِلْتَلْجَنَّتَين، فِي الْأَرضْ = فِلْأرضْ، وَقَالُوا الْحَمْدُالله = وَقَالُلْحَمْدُالله بەڵام ئەگەر لەسەر ووشەی (كِلْتَا، فِي، وَقَالُوا)وەستاین ئەوا پیتە مەددەکان دەخوێنرێنەوە.

پیتی ئەلف (ا) لەم حاڵەتانەش دا لادەبرێ:

١-تەنها سێ ووشەمان لەقورئانی پیرۆز دا هەیە کە بەم شێوەیە (ايُّهَ) نوسراون، بۆیە لە کاتی وەستان لەسەریان بە (ه) ی زەنەدار دەخوێندرێتەوە، ئەوانیش: (أَيُّهَ الثَّقَلَانِ) (يَا أَيُّهَ السَّاحِرُ)، (أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ) لەکاتی وەستان دا = أَيُّه واتە بە پیتی ه (أَيُّـه).

٢- لە قورئانی پیرۆزدا حەوت ووشەمان هەیە کە پێیان دەوترێ حەوت ئەلفەکە (الالفات السَبْعَ) هەرچەندە پیتێکی زەنەدار نەهاتووە لە دوای ئەلفی مەددەکەوە بەڵام لەکاتی گەیاندندا پیتی ئەلفەکە ناخوێندرێتەوە، ئەوانیش:

- ووشەی (أَنَا) لە هەموو قورئانی پیرۆز دا بە (أَنَ) دەخوێندرێتەوە وەك:
- أَنَا (إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ = إِنْ أَنَ إِلاَّ نَذِيرٌ.
- لَّكِنَّا (لَّكِنَّاْ هُوَ اللَّهُ رَبِّي = لَّكِنَّ هُوَ اللَّهُ رَبِّي)الكهف/٣٨.
- الظُّنُونا (وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَاْ - هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ)الاحزاب/١٠-١١
- الرَّسُولَا (وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا * وَقَالُوا)الاحزاب/٦٦-٦٧.
- السَّبِيلَا (السَّبِيلَا * رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ)الاحزاب/٦٧-٦٨.
- قَوَارِيرَا (كَانَتْ قَوَارِيرَا * قَوَارِيرَ مِن فِضَّةٍ)الانسان/١٤-١٥، (قواريري يەكەم)
- تەنها ووشەی (سَلَاسِلَا) لە سورەتی ئینسان دا دوو شێوازی هەیە:
وەستان لەگەڵ خوێندنەوەی ئەلفەكە: سَلَاسِلَا
وەستان لەگەڵ نەمانی ئەلفەكە و گۆڕینی جوڵەی لامەكە بۆ زەنە: سَلَاسِلْ

٣- نوونی جەختی سوك (نوون توكيد الخفيفة) لە كاتی وەستان دا بە ئەلف دەخوێندرێتەوە كە لە قورئانی پیرۆزدا تەنها لە دوو ووشەدا هاتووە، ئەوانیش: (وَلِيَكُوناً مِّنَ الصَّاغِرِينَ، لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ) لە وەستان دا دەوترێت: وَلِيَكُوناً بەڵام لە گەیاندندا دەوترێت: وَلِيَكُونَ مِّنَ الصَّاغِرِينَ.

٤- ئەم ووشەیە (ثَمُودَا) لە ڕیوایەتی حەفص دا لە كاتی وەستان و گەیاندن دا ئەلفەكەی نامێنێت، لە وەستاندا جوڵەی پیتەكە دەبێت بە زەنە (ثَمُودْ)، لە گەیاندن دا جوڵەی پیت دەبێت بە فەتحە (ثَمُودَ) بەڵام لە قورئان دا تەنها بەم شێوەیە نوسراوە، لەبەر ئەوەی جیاوازی بۆچوون هەیە لە خوێندنەوەی ئەلفەكەدا، كە هەندێ لە قورئانەوانان بە تەنوین (ثَمُوداً) دەیخوێننەوە لە كاتی ڕاوەساتن دا ئەلفە مەددەكە دەخوێننەوە (ثَمُودا).

پیتی یاء (ی) لەم حاڵەتانەش دا لادەبرێ:

١- هەندێ ووشەمان هەیە لە ئەسڵ دا بە پیتی یاو كۆتای هاتووە، بەڵام لە قورئان دا نەنوسراوە و ناخوێندرێتەوە وەك: (بِالْوادِ الْمُقَدَسْ، الجوارِ الكُنَسْ) ئێمەش لەكاتی گەیاندن وەستان دا نایخوێنینەوە.

٢- لەم حەوت ووشەیەدا (حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، مُعْجِزِي  کە ٢ جار لە قورئان دا دووبارە بۆتەوە، الأيدي، آتِي، مُهْلِكِي، المُقِيمِي) لەکاتی وەستان دا دەخوێندرێتەوەو دەوترێت: حَاضِرِي. بەڵام لە کاتی گەیاندندا ناخوێندرێتەوەو دەوترێت: حَاضِرِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ.

٣- لە هەندێ حاڵەت دا پیتی یائی مەدد نەنوسراوە بەڵام لەکاتی گەیاندن دا دەخوێندرێتەوە وەك: (يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَيَقُولُونَ) بەڵام لە وەستاندا ناخوێندرێتەوە، چونکە ئەم حاڵەتە مەددی صيلە یە.

٤- لە ووشەی (فَمَا آتَانِيَ اللَّهُ) لە ڕیوایەتی حەفص دا دوو جۆر ڕاوەستان لەسەر پیتی یائەکە (ی) هەیە:

- (فَمَا آتَانِي) مانەوەی پیتی یاو.

- (فَمَا آتَانْ) نەمانی  پیتی یاو و گۆڕینی جوڵەی نوونەکە بۆ زەنە.

<u>پیتی واو (و)</u>: لەم حاڵەتانەش دا لا دەبرێ:

١- هەندێ ووشەمان هەیە لە ئەسڵ دا بە پیتی واو کۆتای هاتووە بەڵام لە قورئان دا نەنوسراوەو ناشخوێندرێتەوە وەك: (يَدعُ الانْسَانُ) ئێمەش لەکاتی گەیاندن و وەستان دا نایخوێنینەوە.

٢- لە هەندێ حاڵەت دا پیتی یائی مەدد نەنوسراوە بەڵام لەکاتی گەیاندن دا دەخوێندرێتەوە وەك: (بَلَى إِنَّ رَبَّهُ كَانَ بِهِ بَصِيرًا) بەڵام ئەگەر وەستاین ناخوێندرێتەوە، چونکە ئەم حاڵەتە مەددی صيلەیە.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (السَلْسَبيل الشافي) دەفەرموێ:

واعرفْ لمَحذوفٍ مِن الـواوِ وَيَا ... إنْ كانَ قبلَ ساكنٍ قَدْ أَتيَا
يَمْحُ بشورى يَدْعُ الإسـرا والقَمَرْ ... سندعُ والتحريمِ صالحُ استَقرْ
يُؤْتِ النِّسا اخشونِ الجَوارِ صالِ هادْ ... حَجّ ورُومٍ أَربعُ الـوادِ يُنَادْ
نُنْجِ الذي في يُونسٍ تُغْنِ النُّذُرْ ... يُردْنِ يا عبادِ أولَ الزُمَرْ
والأَلِفَ احذفْ إنْ تَصِلْ أَو تَقِفِ ... مِنْ أَيُّهَ الرَّحْمنِ نُورِ الزُخْرُفِ
وَأَثْبِتِ انْ وَقفْتَ لا إنْ تَصِلِ ... أَنا ولكِنَّا بكَهْفٍ تنْجَليْ
كذا الظنتوونا والرسولا نَسْفعَا ... وَلَيَكُونا والسبيلا ومَعَا
أُولَى قواريرا وفي سَلاسِلا ... حَذْفٌ وإثباتٌ بوَقْفٍ حُصِّلا
وأثْبِتِ الياء التي في الجَمْتعِ ... وقفًا لَدى مواضعٍ أَيْ سَبعِ
ءاتِي مُقيمِي حاضرِي مُحِلّي ... ومُهْلكِي ومُعْجِزي في الكُلِّ

# ڕەوم و ئیشمام

## (الرَوُمْ وَالإشْمَامْ)

ڕەووم: ووتنی هەندێکی جوڵەیە بە دەنگێکی نزم بە جۆرێك کەسانی نزیك ببیستن و دوور گوێیان لێ نەبێت، ئەم حاڵەتەش لەکاتی ڕاوەستان لەسەر پیتی کۆتایی ووشەکە ڕوودەدات بەمەرجێك کە پیتەکە بۆر یان ژێری هەبێت وەك: نموونە بۆ بۆر: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) لە کاتی وەستان دا دەتوانین هەندێکی جوڵەی پیتی نوونەکە بهێنین کە بۆرە، نموونە بۆ ژێر: (الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ) لە کاتی وەستان دا دەتوانین هەندێکی جوڵەی پیتی میمەکە بهێنین کە ژێرەیە.

ئیشمام: خڕکردنەوەی لێوەکانە بێ پێکەوە لکاندنیان لەدوای ووتنی پیتی کۆتای ووشەکە بە زەنەداریی، بەمەرجێك پیتی کۆتایی (ضمە یا مرفوع) بێت، ئەمەش دەنگی نییە تەنها دەبینرێت، مەبەست لەم حاڵەتەش دەرخستنی جوڵەی کۆتای پیتەکەیە کە بۆرە، نموونە بۆ بۆر: (وَمِنْ حَيْثُ) نموونە بۆ مرفوع: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ).

تێبینی: ووشەی (تَأْمَنَّا) لە سورەتی یوسف/١١(قَالُواْ يَا أَبَانَا مَا لَكَ لاَ تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ) لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ووشەیەدا پێویستە تەنها بە ڕەوم یان ئیشمام بخوێندرێتەوە.

چۆنیەتی خوێندنەوەکەی:

ئەسڵی ووشەکە بەم شێوەیە (تَأْمَنُنَا) کاتێك بە ڕەوم دەیخوێنیتەوە، هەندێك لە جوڵەی نوونی یەکەم کە بۆرەی هەیە، بەخێرایی دەوترێ (تَأْمَنُنَا).

لە کاتی ئیشمام دا لە کاتی خوێندنەوەی پیتی نوونەکە دەبێت لێوەکانت وەکو ووتنی واو (و) کۆ بکەیتەوە، هەر بە یەك نوون دەخوێندرێتەوە (تَأْمَنَّا).

حاڵەتی ڕەوم و ئیشمام واجب نییە، بەڵکو خوێنەر بە ئارەزووی خۆی هەڵی دەبژێرێت بۆ وەستان لەسەر کۆتای ووشە، واتە دەتوانێت هەر بە زەنەداریی

لەسەر کۆتایی ووشەکە بوەستێت یان بە ڕەوم و ئیشمام، بەڵام ئەگەر خوێنەر لە سەرەتای خوێندنەووەوە بە ڕەوم و ئیشمام خوێندیەوە پێویستە تا کۆتای خوێندنەوەکەی هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، هەروەها ئەم دوو حاڵەتە تەنها بە شەفەیی لە مامۆستایانەوە وەردەگیرێت.

پرسیار: ئەو حاڵەتانە کامانەن کە نابێت ڕەوم و ئیشمامی تێدا ڕوو بدات ؟

وەڵام: لە پێنج حاڵەت دا نابێت ڕەوم ئەنجام بدرێت، ئەوانیش:

١- ئەگەر پیتی کۆتایی ووشەکە سەری هەبوو وەك: الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

٢- ئەگەر پیتی کۆتایی ووشەکە میمی کۆ بوو (میم الجمع) وەك: أنعَمتَ عَلَيهِمْ

٣- ئەگەر پیتی کۆتایی ووشەکە (ة) ی مێینەی خڕ بوو چونکە لە کاتی وەستاندا بە (ه) لەسەری دەووەستین کەواتە نابێت نە ڕەوم و نە ئیشمامی بکەین وەك: مَغْفِرَةً وَرَحْمَةً

٤- ئەگەر پیتی کۆتایی ووشەکە (ه ی ڕاناو بوو) وەك: (بِهِ).

٥- ئەگەر جوڵەی پیتی کۆتایی ووشەکە کاتی بوو وەك: أَمِ ارْتَابُوا

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا نابێت بە ڕەوم و ئیشمام لەسەری بوەستین.

شێخ (عثمان بن سليمان مراد) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مەتنی (السَلْسَبيل الشافي) دەفەرموێ:

الإِشـمامُ ضَمُّ الشَـفَتيْنِ دُونَا ... صَوْتٍ بُعَيدَ نُطقِكَ السُّكونَا
والرَّومُ خَفْضُ الصَّـوتِ بِالمُحَرَّكِ ... يسمعُهُ كلُّ قرِيبٍ مُدْرِكِ
وامنعْ لوجـهِ الرَّوْمِ والإِشمامِ ... في خَمْسَةٍ تَأتيكَ بالتَّمامِ
في النَّصبِ ميمِ الجمعِ طارِي الشَّكْلِ ... هـاءِ مؤنَّثٍ سُكُونٍ اصْلِي
والْخُلْفُ في هـاءِ الضميرِ بَعْدَ يا ... أو واوٍ او ضَمٍّ وَكَسْرٍ رُوِيا

## چەند تێبینی یەکی گرنگ

چەند تێبینییەکی گرنگ کە پێویستە لە کاتی خوێندنەوە بە پێی ڕیوایەتی حەفص لە عاصمە وە لە ڕێگای شاطبییە وە، ڕەچاو بکرێت:

١- پیتی (ص) لە دوو ووشەی (وَيَبْصُطُ)ی البقرة/٢٤٥ و(بَصْطَةً)ی الأعراف/٦٩ بە سین دەخوێنرێتەوە: (وَاللّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ) هەرووەها ئەوەی الأعراف/٦٩ (وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً)، لە زۆرینەی چاپەکانی قورئان دا پیتێکی سینی بچوك لەسەر پیتی صادی ئەم دوو ووشەیە هەیە، کە ئاماژەیە بۆ خوێندنەوەیان بە پیتی سین.

٢-ووشەی (المصیطرون) لە سورەتی الطور/٣٧، شێوەی خوێندنەوەی (أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ یان أَمْ هُمُ الْمُسَيْطِرُونَ)، لەم ووشەیەدا حەفص پیتی صادی بە سین و هەروەها بە صادیش خوێندۆتەوە، لە قورئان دا پیتێکی سینی بچوك لە ژێر پیتی صادەکەوە نوسراوە کە ئاماژە بۆ خوێندنەوەی ئەم ووشەیە بە سین یان صاد بەڵام خوێندنەوەی بە پیتی صاد بڵاوترە بۆیە پیتی سینەکەش لە ژێرەوە نوسراوە نەك وەکو ئەوانەی خاڵی (١-) سەرەوە لەسەر پیتی صادەکە.

٣- هەردوو ووشەی (ضعف) هەروەها (ضعفا) لەم ئایەتەدا: (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفاً وَشَيْبَةً) دوو شێوازی خوێندنەوەی جوڵەی پیتی ضاد هەیە:

- خوێندنەوەی جوڵەی پیت ضادەکە وەك خۆی واتە بە فەتحە بمێنێتەوە: (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفاً وَشَيْبَةً)

- خوێندنەوەی پیتی ضادەکە بە بۆر واتە گۆڕینی سەر بۆ ضمە: (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضُعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ ضُعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ قُوَّةٍ ضُعْفاً وَشَيْبَةً).

٤- خوێندنەوەی پیتی هەمزەی دووەمی ووشەی (أأعْجَمِيٌّ) بە شێوەی ئاسان کاری (تسهيل) لە سورەتی فصلت/٤٤ (أأعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ) کە فێر بوونی چۆنیەتی ئەم خوێندنەوەش تەنها لە دەمی مامۆستایانەوە وەردەگیرێت.

٥- لەکاتی دەست پێکردن بە خوێندنەوەی سورەتی ئالی عمران سێ شێوازمان هەیە:

- ڕاوەستان لەسەر ئایەتی یەکەم و پاشان دەست پێك بە ئایەتی دووەم، لەم حاڵەتەدا پیتی میمی (الم) شەش حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە: (الم * اللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ) آل عمران/١-٢.

- لەکاتی گەیاندنی ئایەتی یەکەم بە ئایەتی دووەم دوو شێوازمان هەیە:

- گۆڕینی زەنەی سەر پیتی میمەکە بۆ فەتحە، بەهۆی گەیشتنی بە زەنەی پیتی لامی ووشەی (الله) لێرەدا پیتی میمەکە بە مەددی ئاسایی دەخوێنرێتەوە دوو حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە. (الـمْ اللّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ) بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: (الـمَ للّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ).

- گۆڕینی زەنەی سەر پیتی میمەکە بۆ فەتحە، بەهۆی گەیشتنی بە زەنەی پیتی لامی ووشەی (الله) بەڵام لێرەدا هەرچەندە پیتی میمەکە فەتحەی لەسەرە شەش حەرەکەت درێژ دەکرێتەوە چونکە لە ئەسڵدا زەنەی هەبووە و ئەم فەتحەیەی کاتی یە: (الـمَ للّهُ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ).

## هەندێك ڕێسای حەفص

ئەو یاسایانەی کە پێویستە خوێنەر بیزانێ لە کاتی خوێندنەوەی بە گێڕانەوەی حەفص لە عاصمە لە ڕێگای طیبة النشر

ئەمەش بە کورت کردنەوەی هەموو مەددێکی جودا (قَصْرْ الْمُنْفَصِلْ)هەروەها درێژکردنەوەی مام ناوەندی مەددی لکاو (تَوَسُّطْ الْمُتَصِلْ)

یەکەم: پێویستە لە کاتی تێکهەڵکێش کردنی نوونی زەنەدار یا تەنوین و هەردوو پیتی (ل، ر) بە بێ مینگە، ئەنجام بدرێ وەك: مِّنْ لَّدُنْهُ = مِّلَّدُنْه، مِّنْ رَّبِّهِم = مِّرَّبِّهِم.

دووەم: هەر دوو ووشەی (وَيَبْصُطُ)ی سورەتی البقرة/٢٤٥ (وَاللّهُ يَقْبِضُ وَيَبْصُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ)، (بَصْطَةً) سورەتی الأعراف/٦٩ (وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَصْطَةً) دەبێت پیتی صاد لەم دوو ووشەیەدا هەر وەك خۆی بە صاد بخوێنرێتەوە.

سێ یەم: پێویستە ووشەی (الْمُصَيْطِرُون)ی سورەتی الطور/٣٧ (أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُون) تەنها بە صاد بخوێندرێتەوە هەر وەك خۆی چۆن نوسراوە.

چوارەم: پێویستە هەر سێ ووشەی (ءَآللّه، ءَآلان، ءَآلذَّكَرَيْنِ) لە هەموو جێگەکانی قورئان دا بە شێوەی گۆڕین (بدل) بخوێنینەوە، ئەویش بە گۆڕینی هەمزەکە بۆ ئەلفی مەددو درێژ کردنەوەی بە ئەندازەی شەش حەرەکەت، لەبەر هاتنی زەنە لە دوای پیتی مەددەکەوە.

پێنجەم: پێویستە لە هەردوو ووشەی: ارْكَبْ مَّعَنَا = ارْكَمَّعَنَا، پیتی (ب) لەگەڵ پیتی (م)ەکە تێك هەڵكێش کرێت.

شەشەم: پێویستە کە نوونی پیتی (یاسین) و (نوون) لە کاتی گەیاندنیان بە ئایەتی دوای خۆیان ئاشکرا بکرێن: (يَس وَالْقُران، نْ وَالقَلَم).

حەوتەم: پێویستە لە کاتی ڕاوەستان لەسەر ووشەی (سَلَاسِلا) ئەلفەکە نەمێنێت و جوڵەی لامەکە بگۆڕدرێ بۆ زەنە: سَلَاسِلْ.

هەشتەم: پێویستە مەدد لە پیتی (عین) کە لە سەرەتای سورەتی (مريم و الشورى)دا هاتووە، تەنها بە ئەندازەی چوار حەرەکەت درێژ بکرێتەوە: (كٓهيٓعٓصٓ، حٓمٓ، عٓسٓقٓ) واتە نابێت نە کورت بکرێتەوە بۆ دوو حەرەکەت، ناش بێت درێژ بکرێتەوە بۆ شەش حەرەکەت.

نۆیەم: پێویستە جوڵەی پیتی چاد لە هەر دوو ووشەی (ضَعْف) و (ضَعْفا) وەك خۆی بخوێنرێتەوە واتە تەنها فەتحە: (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفاً وَشَيْبَةً).

لَكَ الْحَمْدُ يَا مَوْلايَ فِي السِّرِّ وَالْجَهْرِ ... عَلَى نِعْمَةِ الْقُرْءانِ يَسَّرتَ للذِّكْرِ
وَظَلَّ هُدًى لِلنَّاسِ مِنْ كُلِّ ظُلْمَةٍ ... دَلائِلُهُ غُرٌّ وَسامِيَةُ الْقَدْرِ
وَصَلَّيْتُ تَعْظِيمًا وَسَلَّمْتُ سَرْمَدا ... عَلَى الْمُصْطَفَى وَالآلِ مَعْ صَحْبِهِ الزُّهْرِ
وَبَعْدُ فَهَذَا مَا رَوَاهُ مُعَدِّلٌ ... بِرَوْضَتِهِ الْفَيْحَاءِ مِنْ طَيِّبِ النَّشْرِ
بِإِسْنَادِهِ عَنْ حَفْصٍ الْحَبْرِ مَنْ تَلا ... عَلَى عَاصِمٍ وَهْوَ الْمُكَنَّى أَبَا بَكْرِ
فَفِي الْبَدْءِ بِالأَجْزَاءِ لَيْسَ مُخَيَّرًا ... لِبَسْمَلَةٍ بَلْ لِلتَّبَرُّكِ مُسْتَقْرِي
وَمُتَّصِلا وَسِّطْ وَمَا انْفَصَلَ اقْصُرًا ... وَلا سَكْتَ قَبْلَ الْهَمْزِ مِنْ طُرُقِ الْقَصْرِ
وَمَا مُدَّ لِلتَّعْظِيمِ مِنْهَا وَلَمْ يَجِئْ ... بِهَا وَجْهُ تَكْبِيرٍ وَلا غُنَّةَ تَسْرِي
وَفِي مَوْضِعَيْ ءالآنَ ءالذَّكَرَيْنِ مَعْ ... ءاللهُ أَبْدِلَهَا مَعَ الْمَدِّ ذِي الْوَفْرِ
وَأَشْمِمْ بِتَأْمَنَّا وَيَلْهَثْ فَأَدْغِمًا ... مَعَ ارْكَبْ وَنَخْلُقكُّمْ أَتِمَّ وَلا تُزْرِ
وَبَلْ رَانَ مَنْ رَاقٍ وَمَرْقَدِنَا كَذَا ... لَهُ عِوَجًا لاَ سَكْتَ فِي الأَرْبَعِ الْغُرِّ
وَعَنْهُ سُقُوطُ الْمَدِّ فِي عَيْنَ وَارِدٌ ... وَتَفْخِيمُ رَا فِرْقٍ لَدَى ءايَةِ الْبَحْرِ
وَءاتَانِ نَمْلٍ فَاحْذِفْ الْيَاءَ وَاقِفًا ... كَذَا الأَلِفَ احْذِفْ مِنْ سَلاَسِلَ بِالدَّهْرِ
وَبِالسِّينِ لاَ بِالصَّادِ قُلْ أَمْ هُمُ الْمُصَيْـ ... طِرُونَ وَبِالْوَجْهَيْنِ فِي فَرْدِهِ النُّكْرِ
وَفِي يَبْصُطُ الأُولَى وَفِي الْخَلْقِ بَصْطَةً ... وَيَاسِينَ نُونَ ضُعْفَ رُومٍ كَذَا أَجْرِ
وَلَكِنْ مَعَ الإِظْهَارِ صَادُ مُصَيْطِرٍ ... وَفِي بَصْطَةً سِينٌ كَذَا يَبْصُطُ الْبَكْرِ
وَفَتْحٌ لَدَى ضُعْفٍ عَنْ الْفِيلِ وَارِدٌ ... وَبِالْعَكْسِ عَنْ زَرْعَانَ وَالْكُلُّ عَنْ عَمْرٍو
وَأَهْدِي صَلاتِي فِي الْخِتَامِ مُسَلِّمًا ... عَلَى خَاتَمِ الرُّسْلِ الْهُدَاةِ إِلَى الْبِرِّ
وَءالٍ وَصَحْبٍ كُلَّمَا قَالَ قَائِلٌ ... لَكَ الْحَمْدُ يَا مَوْلاَيَ فِي السِّرِّ وَالْجَهْرِ

دەیەم: پێویستە لەم چوار شوێنەدا سەکتە (وەستانی کورتی بێ هەناسە) ئەنجام نەدرێت:

١- لە کاتی گەیاندنی ووشەی کۆتای ئایەتی حەرەکەتی سورەتی الکهف (عِوَجَا) بە ووشەی (قَيِّماً) سەرەتای ئایەتی دووەمی سورەتەکە: (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُ عِوَجَا قَيِّماً لِّيُنذِرَ بَأْساً شَدِيداً مِن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ الْمُؤْمِنِينَ) سورەتی الکهف/١-٢.

٢- لە کاتی گەیاندنی ووشەی (مَّرْقَدِنَا) بە ووشەکەی دواوەی (هَذَا) لە سورەتی (یس/٥٢): (قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ).

٣- لەکاتی گەیاندنی هەردوو ووشەی (مَنْ) و(رَاقٍ) لە ئایەتی (٢٧) ی سورەتی القيامة: (وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ).

٤- لەکاتی گەیاندنی هەردوو ووشەی (بَلْ) و (رَانَ) ئایەتی (١٤) سورەتی المطففين: (كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ).

دەربارەی ئەم دە خاڵەش شێخ ابراهيم شحاتە السمنودی دەفەرموێ:

# هەموو بەیتەکانی مەتنی الجزریه

کەلە لایەن شێخی پایە بەرز ئیمامی جەزەری یەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت نوسراوە

(أبو الخير محمد بن محمد بن محمد بن على بن يوسف الجزرى)

منظومةُ المقدمة

## فيما يجبُ على قارئِ القرآنِ أن يَعْلَمَه

يَقولُ راجِي عَفوِ ربِّ سَامعٍ ... محمّدُ بنُ الجزَرِيِّ الشَّافِعِي
الحمدُ للهِ وَصَلَّى اللهُ ... عَلَى نَبِيّهِ ومصْطَفاهُ
محمَّدٍ وآلِهِ وَصَحبهِ ... ومُقْرِئِ القرآنِ مَعْ مُحِبّهِ
وبعدُ إنَّ هذه مقدِّمَة ... فيما عَلى قارئِهِ أن يَّعْلَمَهْ
إذْ واجبٌ عليهِمُ محتَّمُ ... قَبْلَ الشُّرُوع أوَّلاً أن يَّعْلَمُوا
مخارِجَ الحروفِ والصِّفاتِ ... لِيَلْفِظُوا بأفْصَح اللُّغاتِ
مُحرِّرِي التجويدِ والمواقِفِ ... وَمَا الذي رُسِمَ في المَصاحِفِ
منْ كلِّ مقْطُوعٍ وموصولٍ بِهَا ... وَتَاءِ أُنْثَى لَمْ تَكُنْ تُكْتَب بِهّا

## بابُ المخارج

مَخارجُ الحروفِ سبْعَةَ عشَرْ ... علَى الذي يَخْتَارُهُ مَنِ اختَبَرْ
للجَوْفِ أَلِفٌ وأُخْتاهَا وهِي ... حُروفُ مدٍّ للهَواءِ تَنْتَهِي
ثُمَّ لأقْصَى الحلقِ هَمْزٌ هَاءُ ... ومِنْ وسَطِهِ فَعَيْنٌ حاءُ
أدناهُ غينٌ خاؤُها والقافُ ... أَقْصَى اللسانِ فوقُ ثُمَّ الكافُ
أسْفَلُ والوسْطُ فَجيمُ الشِّينُ يَا ... والضادُ من حَافَتِهِ إذْ وَلِيَا
الاضْراسَ منْ أيسَرَ أوْ يُمْناهَا ... واللاَّمُ أدْناهَا لِمُنْتَهَاها
والنوون مِنْ طَرَفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا ... والرَّاء يُدَانِيهِي لِظَهْرٍ أدْخَلُ

والطَّاءُ والدَّالُ وتا منْهُ ومِنْ    عُلْيَا الثَّنايَا والصَّفيرُ مُسْتَكِنْ
منهُ ومِنْ فوقِ الثَّنايَا السُّفْلَى    والظَّاءُ والذَّالُ وثا للعُلْيا
من طَرَفَيْهِمَا ومِنْ بَطْنِ الشَّفَةْ    فالفَا مَعَ اطْرافِ الثَّنايَا المُشْرِفَهْ
للشفتَيْنِ الواوُ باءٌ ميمُ    وغُنَّةٌ مَخْرَجُها الْخَيْشُومُ

## باب الصِّفات

صِفاتُها جَهْرٌ ورَخْوٌ مسْتَفِلْ    منفَتِحٌ مصمتَةٌ والضدَّ قُلْ
مهموسُهَا فَحَثَّهُ شخْصٌ سكَتْ    شَدِيدُها لَفْظُ أجدْ قطٍ بَكَتْ
وبَيْنَ رِخْوٍ والشَّدِيدِ لِنْ عُمَرْ    وسَبْعُ عُلْوٍ خُصَّ ضغطٍ قِظْ حَصَر
وصادُ ضادٌ طاءُ ظاءٌ مطْبَقَة    وفَرَّ مِنْ لُبِّ الحُروفُ المذْلَقَة
صَفيرُها صادٌ وزايٌ سينُ    قَلْقَلَةٌ قُطْبُ جَدٍ واللِّينُ
واوٌ وياءُ سُكِّنا وانفتَحا    قبْلَهُما والانْحِرافُ صُحِّحَا
في اللامِ والرَّا وبتَكْرِيرٍ جُعِلْ    وللتَّفَشِّي الشِّينُ ضاداً استَطِلْ

## باب التجويد

والأخذُ بالتَّجْويدِ حَتْمٌ لازِمُ    مَنْ لَّمْ يُصَحِّحِ القُرانَ آثِمُ
لأنَّهُ بِهِ الإلَهُ أنزَلا    وهكَذَا مِنهُ إلَيْنَا وَصَلا
وهُوَ أيضاً حِلْيَةُ التِّلاوةِ    وَزِينَةُ الأداءِ والقِراءَةِ
وَهُوَ إعْطاءُ الحُروفِ حَقَّهَا    مِنْ كُلِّ صِفَةٍ ومُسْتَحَقَّهَا
وَرَدُّ كُلِّ وَاحِدٍ لأَصْلِهِي    واللَّفْظُ في نَظِيرِهِ كَمِثْلِهِي
مُكَمَّلاً مِنْ غَيْرِ ما تَكَلُّفِ    باللُّطْفِ في النُّطقِ بِلا تَعَسُّفِ
ولَيْسَ بينَهُ وبينَ تَرْكِهِي    إلاَّ رِياضَةُ امرِئٍ بفَكِّهِي

## بابُ الترقيق وبعضِ التنبيهات

فَرَقِّقَنْ مُسْتَفِلاً مِن أحْرُفِ … وَحَاذِرَنْ تَفْخِيمَ لَفْظِ الألِفِ
وهَمْزَ الحَمْدُ أَعُوذُ اِهْدِنَا … اللهُ ثُمَّ لامَ للهِ لَنا
ولْيَتَلَطَّفْ وعَلَى اللهِ ولا الضّـ … وَالمِيمَ مِنْ مَخْمَصَةٍ ومِنْ مَرَضْ
وباءَ بَرْقٍ باطِلٍ بِهِمْ بِذِي … واحْرِصْ عَلَى الشِّدَّةِ والجَهْرِ الذي
فِيهَا وفي الجيمِ كَحُبِّ الصَّبْرِ … رَبْوَةٍ اجْتُثَّتْ وحَجِّ الفَجْرِ
وبَيِّنَنْ مُقَلْقَلاً إنْ سَكَنَا … وإن يَكُنْ في الوَقْفِ كَانَ أَبْيَنَا
وحاءَ حصْحَصَ أحطتُّ الحَقُّ … وَسِينَ مسْتَقِيمِ يسْطُو يسْقُو

## بابُ الراءات

ورَقِّقِ الراءَ إذا ما كَسِرَتْ … كَذَاكَ بَعْدَ الكَسْرِ حَيْثُ سَكَنَتْ
ن لَّمْ تَكُنْ مِنْ قَبْلِ حرفِ استعلا … أَوْ كَانَتِ الكَسْرَةُ لَيْسَتْ أصْلا
والخُلْفُ في فِرْقٍ لِكَسْرٍ يوجَدُ … وأَخْفِ تِكْرِيراً إِذَا تُشَدَّدُ

## بابُ اللاَّمَات

وفَخِّمِ اللامَ مِنِ اسمِ اللهِ … عَنْ فَتْحٍ اوْ ضَمٍّ كَعَبْدُ اللهِ
وحرْفَ الاستعْلاءِ فَخِّمْ واخصُصا … الاطْباقَ أَقْوَى نَحْوُ قالَ والعَصَا
وبَيِّنِ الإطْباقَ مِنْ أحطتُّ مَعْ … بَسَطْتَ والخُلْفُ بِنَخْلُقكُّمْ وَقَعْ
واحرِصْ عَلَى السُّكونِ في جَعَلْنَا … أَنْعَمْتَ والمغْضُوبِ مَعْ ضَلَلْنَا
وخَلِّصِ انفتاحَ مَحْذُوراً عَسَى … خَوْفَ اشتِباهِهِ بِمحظُوراً عَصَى
وراعِ شِدَّةً بِكافٍ وبِتَا … كَشِرْكِكُمْ وتَتَوَفَّى فِتْنَتَا
وأوَّلَي مِثْلٍ وجِنْسٍ إنْ سَكَنْ … أَدْغِمْ كَقُل رَّبِّ وبَل لاَّ وأَبِنْ
فِي يَوْمِ مَعْ قالُوا وَهُمْ وَقُلْ نَعَمْ … سَبِّحْهُ لا تُزِغْ قُلوبَ فالتَقَمْ

## بابُ الضادِ والظاء

والضادَ باستِطالةٍ وَمَخْرَج     مَيِّزْ مِنَ الظَّاءِ وكُلّهَا تَجي
في الظَّعْنِ ظِلَّ الظُّهْرِ عُظْمُ الحِفْظِ     أَيْقِظْ وأَنْظِرْ عَظْمَ ظَهْرِ اللَّفْظِ
ظَاهِرْ لَظَى شُواظُ كَظْمٍ ظَلَمَا     اغْلُظْ ظلامَ ظُفْرٍ انْتَظِرْ ظَمَا
أَظْفَرَ ظَنّاً كَيْفَ جَا وَعِظْ سِوَى     عِضِينَ ظَلَّ النَّحْلِ زُخْرُفٍ سَوا
وظَلْتَ ظَلْتُمْ وبِروم ظَلُّوا     كالحِجْرِ ظَلَّتْ شُعَرا نَظَلُّ
يَظْلَلْنَ مَحْظُوراً معَ المحتَظِرِ     وَكُنْتَ فَظّاً وجَمِيعَ النَّظَرِ
إلاَّ بِوَيْلٍ، هَلْ، وأَوْلَى نَاضِرة     والغَيْظُ لا الرَّعْدُ وَهُودٌ قَاصِرَة
والحَظُّ لا الحضُّ على الطَّعامِ     وَفي ظَنِينٍ الخِلافُ سَامِي
وإنْ تَلاقَيا البيانُ لازِمُ     أَنْقَضَ ظَهْرَكَ يَعَضُّ الظَّالِمُ
وَاضْطُرَّ مَعْ وَعَظْتَ مَعْ أَفَضْتُمُ     وصَفِّ هَا جِباهُهُمْ عليهِمُ

## بابُ النونِ والميمِ المشدَّدَتَين

وأَظْهِرِ الغُنَّةَ مِنْ نونٍ ومِنْ     مِيمٍ إذا ما شُدِّدَا وأَخْفِيَنْ
الميمَ إنْ تسكُنْ بِغُنَّةٍ لَدَى     بَاءٍ عَلَى المخْتارِ مِنْ أهْلِ الأَدا
وأَظْهِرَنْهَا عِنْدَ بَاقِي الأَحْرُفِ     واحْذَرْ لَدى واوٍ وفَاءٍ أن تَخْتَفِي

## بابُ أحكامِ النونِ الساكنةِ والتنوين

وحُكْمُ تنْوِينٍ ونونٍ يُلْفَى     إظْهَارٌ ادْغَامٌ وقَلْبٌ إخْفا
فَعِنْدَ حَرْفِ الحَلْقِ أظْهِرْ، وادَّغِمْ     في اللامِ والرَّا لا بِغُنَّةٍ لَزِمْ
وأَدْغِمَنْ بِغُنَّةٍ فِي يومِنُ     إلاَّ بِكِلْمَةٍ كَدُنْيَا عَنوونوا
والقَلْبُ عِنْدَ البَا بِغُنَّةٍ كَذَا     الاخْفَا لَدَى بَاقِي الحُرُوفِ أُخِذَا

## بابُ المَدّ

والمدُّ لازِمٌ وَواجِبٌ أَتَى    وجَائِزٌ وَهْوَ وقَصْرٌ ثَبَتَا
فلازِمٌ إنْ جاءَ بعْدَ حَرْفِ مدّ    ساكِنُ حَالَيْنِ وبالطُّولِ يُمَدّ
وَواجِبٌ إنْ جَاءَ قبْلَ هَمْزَةِ    متَّصِلاً إنْ جُمِعَا بِكِلْمَةِ
وجَائِزٌ إذَا أتَى مُنْفَصِلا    أوْ عَرَضَ السُّكُونُ وقْفاً مسْجَلا

## بابُ مَعْرِفَةِ الوُقُوفِ

وبَعْدَ تَجْوِيدِكَ للحُروفِ    لابُدَّ مِنْ مَعْرِفَةِ الوُقوفِ
والابتِداءِ وَهْيَ تُقْسَمُ إذاً    ثلاثَةً تامٌ وكَافٍ وحَسَنْ
وهْيَ لِما تَمَّ فإن لَّمْ يُوجَدِ    تَعَلُّقٌ أوْ كَانَ مَعْنىً فابتَدِي
فالتَّامُ فالكَافِي ولَفظاً فامْنَعَنْ    إلاَّ رُؤوسَ الآيِ جَوِّزْ فالحَسَنْ
وغَيْرُ مَا تَمَّ قَبِيحٌ ولَهُ    الوَقْفُ مضطَّرّاً ويُبْدا قبلَهُ
ولَيْسَ فِي القرْآنِ مِنْ وقْفٍ يَجِبْ    ولا حَرامٌ غيرُ ما لَهُ سَبَبْ

## بابُ المقطوعِ والموصُول

واعْرِفْ لِمَقْطُوعٍ ومَوْصُولٍ وَتَا    في المصحَفِ الإمامِ فِيما قدْ أتَى
فاقطَعْ بعَشْرِ كَلِماتٍ أنْ لا    مَعْ مَلْجَأً ولا إلهَ إلاَّ
وتَعْبُدُوا ياسينَ ثَانِي هودَ لا    يُشْرِكْنَ تُشْرِكْ يَدْخُلَنْ تعْلُوا على
أنْ لاَّ يَقُولُوا لا أقولَ إنْ مّا    بِالرَّعْدِ والمَفْتُوحَ صِلْ وعن مَّا
نُهُوا اقْطَعُوا مِن مَّا بِرومٍ والنِّسَا    خُلْفُ المنافِقِينَ أم مَّنْ أَسَّسَا
فُصِّلَتِ النِّسَا وذِبْحِ حيْثُ مَا    وأن لَّم المَفْتُوحَ كَسْرُ إنَّ مَا
الأنْعامَ والمَفْتُوحَ يدْعُونَ مَعا    وخُلْفُ الانْفالِ ونَحْلٍ وَقَعَا
وكُلِّ ما سأَلْتُمُوهُ واخْتُلِفْ    رُدُّوا كَذَا قُلْ بِئْسَما والوَصْلَ صِفْ
خَلَفْتُمُونِي واشْتَرَوْا فِي ما اقطَعا    أُوحِيَ أَفَضْتُمُ اشْتَهَتْ يَبْلُو مَعا
ثَانِي فعَلْنَ وَقَعَتْ رُومٌ كِلا    تَنْزِيلُ شُعَرا وغيْرَهَا صِلا

فأيْنَما كالنَّحْلِ صِلْ ومُخْتَلِفْ … في الشُّعَرا الأَحْزابِ والنِّسَا وُصِفْ
وَصِلْ فإن لَّمْ هُودَ أن لَّنْ نَّجْعَلا … نَّجْمَعَ كَيْلا تَحْزَنُوا تَأْسَوْا عَلَى
حَجٌّ عَلَيْكَ حرَجٌ وقَطْعُهُمْ … عن مَّنْ يشاءُ مَنْ تَوَلَّى يَوْمَ هُمْ
وَمَال هذا والَّذِينَ هؤُلا … تَحِينَ في الإمامِ صِلْ ووُهِّلا
وَوَزَنُوهُمُو وكَالُوهُمْ صِلِ … كَذَا مِنَ ال، وَيا، وها لا تفصِلِ

## باب التَّاءات

وَرحْمَتُ الزُّخْرُفِ بالتَّا زَبَرَه … الاعْرافِ روم هودِ كافِ البقَرَة
نَعْمَتُها ثلاثُ نَحْلٍ إبْرَهَمْ … مَعاً أخيراتٌ عُقودُ الثَّانِ هَمْ
لُقْمانُ ثُمَّ فاطِرٌ كالطُّورِ … عِمْرانَ لعنَتَ بِها والنُّورِ
وامرأتٌ يوسُفَ عِمْرانَ القَصَصْ … تَحْرِيمُ معصِيَتْ بِقَدْ سَمِعْ يُخَصّ
شَجَرَتَ الدُّخانِ سُنَّتْ فاطِرِ … كُلاًّ والانْفالِ وأُخْرى غافِرِ
قُرَّتُ عينٍ جَنَّتٌ في وقَعَتْ … فِطْرَتْ بقِيَّتْ وابْنَتٌ وكَلِمَتْ
أوسَطَ الاعْرافِ وَكُلُّ ما اختُلِفْ … جَمْعاً وفرداً فيهِ بالتاءِ عُرِفْ

## بابُ همزةِ الوصلِ

وابدأ بِهَمْزِ الوصْلِ مِنْ فِعْلٍ بضَمّ إنْ كانَ ثالِثٌ مِنَ الفِعْلِ يُضَمّ
واكسِرْهُ حَالَ الكَسْرِ والفتْحِ وَفِي الاسْماءِ غيرَ اللامِ كَسْرُهَا وفِي
ابنٍ مَعَ ابنَةِ امرئٍ واثنَيْنِ وامرأةٍ واسْمٍ معَ اثنَتَيْنِ
وحَاذِرِ الوقْفَ بِكُلِّ الحَرَكَة إلاَّ إذَا رُمْتَ فَبَعْضُ الحَرَكَة
إلاَّ بِفَتْحٍ أو بِنَصْبٍ وأَشِمّ إِشَارَةً بالضَّمّ في رَفْعٍ وضَمّ
وقَد تَقَضَّى نَظْمِي المقَدّمَة مِنّي لِقارئِ القُرانِ تَقْدِمَة
أَبْيَاتُهَا قافٌ وَزَايٌ في العددْ مَنْ يُحْسِنِ التَّجْوِيدَ يَظْفَرْ بالرَّشَدْ
والحَمْدُ للهِ لَهَا خِتَامُ ثُمَّ الصَّلاةُ بَعْدُ والسَّلامُ
علَى النَّبِيِّ المصطَفَى وآلِهِ وَصَحْبِهِ وتَابِعِ مِنْوالِهِ

تَمَّ النَّظْمُ بحمدِ الله،نسألُ اللهَ الأجر والمثوبة،ونسألُكُم الدُّعاء

# هەموو بەیتەکانی مەتنی

## (تحفة الأطفال)

کە لە لایەن شێخ سلیمان جەمزوری یەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت نوسراوە
(تحفة الأطفال للشيخ سليمان الجمزوري)

### مُقَدِّمَةٌ

١ يَقُولُ رَاجِي رَحْمَةِ الْغَفُورِ ... دَوْمًا سُلَيْمَانُ هُوَ الجَمْزُورِي
٢ الْحَمْدُ للَّهِ مُصَلِّيًا عَلَى ... مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَمَنْ تَلاَ
٣ وَبَعْدُ هَذَا النَّظْمُ لِلْمُرِيدِ ... فِي النوون والتَّنْوِينِ وَالْمُدُودِ
٤ سَمَّيْتُهُ بِتُحْفَةِ الأَطْفَالِ ... عَنْ شَيْخِنَا الْمِيهِيِّ ذِي الْكَمالِ
٥ أَرْجُو بِهِ أَنْ يَنْفَعَ الطُّلاَّبَا ... وَالأَجْرَ وَالْقَبُولَ وَالثَّوَابَا

### أَحْكَامُ النوون السَّاكِنَةِ وَالتَّنْوِينِ

٦ لِلنوون إِنْ تَسْكُنْ وَلِلتَّنْوِينِ ... أَرْبَعُ أَحْكَامٍ فَخُذْ تَبْيِينِي
٧ فَالأَوَّلُ الإِظْهَارُ قَبْلَ أَحْرُفِ ... لِلْحَلْقِ سِتٌّ رُتِّبَتْ فَلْتَعْرِفِ
٨ هَمْزٌ فَهَاءٌ ثُمَّ عَيْنٌ حَاءُ ... مُهْمَلَتَانِ ثُمَّ غَيْنٌ خَاءُ
٩ والثَّانِ إِدْغَامٌ بِسِتَّةٍ أَتَتْ ... فِي يَرْمُلُونَ عِنْدَهُمْ قَدْ ثَبَتَتْ
١٠ لَكِنَّهَا قِسْمَانِ قِسْمٌ يُدْغَمَا ... فِيهِ بِغُنَّةٍ بِيَنْمُو عُلِمَا
١١ إِلاَّ إِذَا كَانَ بِكِلْمَةٍ فَلاَ ... تُدْغَمْ كَدُنْيَا ثُمَّ صِنْوَانٍ تَلاَ
١٢ وَالثَّانِ إِدْغَامٌ بِغَيْرِ غُنَّهْ ... فِي اللاَّمِ وَالرَّا ثُمَّ كَرِّرَنَّهْ
١٣ وَالثَّالِثُ الإِقْلاَبُ عِنْدَ الْبَاءِ ... مِيمًا بِغُنَّةٍ مَعَ الإِخْفَاءِ
١٤ وَالرَّابِعُ الإِخْفَاءُ عِنْدَ الْفَاضِلِ ... مِنَ الحُرُوفِ وَاجِبٌ لِلْفَاضِلِ
١٥ فِي خَمْسَةٍ مِنْ بَعْدِ عَشْرٍ رَمْزُهَا ... فِي كِلْمِ هَذَا البَيْتِ قَدْ ضَمَّنْتُهَا
١٦ صِفْ ذَا ثَنَا كَمْ جَادَ شَخْصٌ قَدْ سَمَا ... دُمْ طَيِّبًا زِدْ فِي تُقًى ضَعْ ظَالِمَا

## أَحْكَامُ النونِ وَالمِيمِ المُشَدَّدَتَيْنِ

١٧ وَغُنَّ مِيمًا ثُمَّ نونا شُدِّدَا ... وَسَمِّ كُلاًّ حَرْفَ غُنَّةٍ بَدَا

## أَحْكَامُ المِيمِ السَّاكِنَةِ

١٨ وَالمِيمُ إِنْ تَسْكُنْ تَجِي قَبْلَ الْهِجَا ... لاَ أَلِفٍ لَيِّنَةٍ لِذِي الْحِجَا

١٩ أَحْكَامُهَا ثَلاَثَةٌ لِمَنْ ضَبَطْ ... إِخْفَاءٌ ادْغَامٌ وَإِظْهَارٌ فَقَطْ

٢٠ فَالأَوَّلُ الإِخْفَاءُ عِنْدَ الْبَاءِ ... وَسَمِّهِ الشَّفْوِيَّ لِلْقُرَّاءِ

٢١ وَالثَّانِ إِدْغَامٌ بِمِثْلِهَا أَتَى ... وَسَمِّ إِدْغَامًا صَغِيرًا يَا فَتَى

٢٢ وَالثَّالِثُ الإِظْهَارُ فِي الْبَقِيَّهْ ... مِنْ أَحْرُفٍ وَسَمِّهَا شَفْوِيَّهْ

٢٣ وَاحْذَرْ لَدَى وَاوٍ وَفَا أَنْ تَخْتَفِي ... لِقُرْبِهَا وَلاتِّحَادِ فَاعْرِفِ

## حُكْمُ لامِ أَلْ وَلامِ الْفِعْلِ

٢٤ لِلاَمِ أَلْ حَالاَنِ قَبْلَ الأَحْرُفِ ... أُولاَهُمَا إِظْهَارُهَا فَلْتَعْرِفِ

٢٥ قَبْلَ ارْبَعٍ مَعْ عَشْرَةٍ خُذْ عِلْمَهُ ... مِنِ ابْغِ حَجَّكَ وَخَفْ عَقِيمَهُ

٢٦ ثَانِيهِمَا إِدْغَامُهَا فِي أَرْبَعِ ... وَعَشْرَةٍ أَيْضًا وَرَمْزَهَا فَعِ

٢٧ طِبْ ثُمَّ صِلْ رُحْمًا تَفُزْ ضِفْ ذَا نِعَمْ ... دَعْ سُوءَ ظَنٍّ زُرْ شَرِيفًا لِلْكَرَمْ

٢٨ وَاللاَّمُ الأُولَى سَمِّهَا قَمَرِيَّهْ ... وَاللاَّمَ الأُخْرَى سَمِّهَا شَمْسِيَّهْ

٢٩ وأَظْهِرَنَّ لاَمَ فِعْلٍ مُطْلَقَا ... فِي نَحْوِ قُلْ نَعَمْ وَقُلْنَا وَالْتَقَى

## فِي المِثْلَيْنِ وَالمُتَقَارِبَيْنِ وَالمُتَجَانِسَيْنِ

٣٠ إِنْ فِي الصِّفَاتِ وَالمَخَارِجِ اتَّفَقْ ... حَرْفَانِ فَالْمِثْلاَنِ فِيهِمَا أَحَقْ

٣١ وَإِنْ يَكُونَا مَخْرَجًا تَقَارَبَا ... وَفِي الصِّفَاتِ اخْتَلَفَا يُلَقَّبَا

٣٢ مُتَقَارِبَيْنِ أَوْ يَكُونَا اتَّفَقَا ... فِي مَخْرَجٍ دُونَ الصِّفَاتِ حُقِّقَا

٣٣ بِالْمُتَجَانِسَيْنِ ثُمَّ إِنْ سَكَنْ ... أَوَّلُ كُلٍّ فَالصَّغِيرَ سَمِّيَنْ

٣٤ أَوْ حُرِّكَ الْحَرْفَانِ فِي كُلٍّ فَقُلْ ... كُلٌّ كَبِيرٌ وافْهَمَنْهُ بِالْمُثُلْ

## أقْسَامُ المَدِّ

٣٥ وَالْمَدُّ أَصْلِيٌّ وَ فَرْعِيٌّ لَهُ ... وَسَمِّ أَوَّلاً طَبِيعِيًّا وَهُو

٣٦ مَا لاَ تَوَقُّفٌ لَهُ عَلَى سَبَبْ ... وَلا بِدُونِهِ الحُرُوفُ تُجْتَلَبْ

٣٧ بَلْ أَيُّ حَرْفٍ غَيْرِ هَمْزٍ أَوْ سُكُونْ ... جَا بَعْدَ مَدٍّ فَالطَّبِيعِيَّ يَكُونْ

٣٨ وَالآخَرُ الْفَرْعِيُّ مَوْقُوفٌ عَلَى ... سَبَبْ كَهَمْزٍ أَوْ سُكُونٍ مُسْجَلا

٣٩ حُرُوفُهُ ثَلاَثَةٌ فَعِيهَا ... مِنْ لَفْظِ وَايٍ وَهْيَ فِي نُوحِيهَا

٤٠ وَالكَسْرُ قَبْلَ الْيَا وَقَبْلَ الْواوِ ضَمْ ... شَرْطٌ وَفَتْحٌ قَبْلَ أَلْفٍ يُلْتَزَمْ

٤١ وَاللِّينُ مِنْهَا الْيَا وَوَاوٌ سكنَا ... إِنِ انْفِتَاحٌ قَبْلَ كُلٍّ أُعْلِنَا

## أَحْكَامُ المَدِّ

٤٢ لِلْمَدِّ أَحْكَامٌ ثَلاَثَةٌ تَدُومْ ... وَهْيَ الْوُجُوبُ وَالْجَوَازُ وَاللُّزُ

٤٣ فَوَاجِبٌ إِنْ جَاءَ هَمْزٌ بَعْدَ مَدْ ... فِي كِلْمَةٍ وَذَا بِمُتَّصِليُعَدْ

٤٤ وَجَائِزٌ مَدٌّ وَقَصْرٌ إِنْ فُصِلْ ... كُلٌّ بِكِلْمَةٍ وَهَذَا الْمُنْفَصِلْ

٤٥ وَمِثْلُ ذَا إِنْ عَرَضَ السُّكُونُ ... وَقْفًا كَتَعْلَمُونَ نَسْتَعِينُ

٤٦ أَوْ قُدِّمَ الْهَمْزُ عَلَى المَدِّ وَذَا ... بَدَلْ كَآمَنُوا وَإِيمَانًا خُذَا

٤٧ وَلاَزِمٌ إِنِ السُّكُونُ أُصِّلاَ ... وَصْلاً وَوَقْفًا بَعْدَ مَدٍّ طُوِّلاَ

## أقْسَامُ المَدِّ اللاَّزِمِ

٤٨ أَقْسَامُ لاَزِمٍ لَدَيْهِمْ أَرْبَعَهْ ... وَتِلْكَ كِلْمِيٌّ وَحَرْفِيٌّ مَعَهْ

٤٩ كِلاَهُمَا مُخَفَّفٌ مُثَقَّلُ ... فَهَذِهِ أَرْبَعَةٌ تُفَصَّلُ

٥٠ فَإِنْ بِكِلْمَةٍ سُكُونٌ اجْتَمَعْ ... مَعْ حَرْفِ مَدٍّ فَهْوَ كِلْمِيٌّ وَقَعْ

٥١ أَوْ فِي ثُلاَثِيِّ الحُرُوفِ وُجِدَا ... وَالمَدُّ وَسْطُهُ فَحَرْفِيٌّ بَدَا

٥٢ كِلاَهُمَا مُثَقَّلٌ إِنْ أُدْغِمَا ... مَخَفَّفٌ كُلٌّ إِذَا لَمْ يُدْغَمَا

٥٣ وَاللاَّزِمُ الْحَرْفِيُّ أَوَّلَ السُّوَرْ ... وُجُودُهُ وَفِي ثَمَانٍ انْحَصَرْ

٥٤ يَجْمَعُهَا حُرُوفُ كَمْ عَسَلْ نَقَصْ — وَعَيْنُ ذُو وَجْهَيْنِ والطُّولُ أَخَصْ

٥٥ وَمَا سِوَى الحَرْفِ الثُّلاَثِي لاَ أَلِفْ — فَمَدُّهُ مَدًّا طَبِيعِيًّا أُلِفْ

٥٦ وَذَاكَ أَيْضًا فِي فَوَاتِحِ السُّوَرْ — فِي لَفْظِ حَيٍّ طَاهِرٍ قَدِ انْحَصَرْ

٥٧ وَيَجْمَعُ الْفَوَاتِحَ الأَرْبَعْ عَشَرْ — صِلْهُ سُحَيْرًا مَنْ قَطَعْكَ ذَا اشْتَهَرْ

## خَاتِمَةٌ

٥٨ وَتَمَّ ذَا النَّظْمُ بِحَمْدِ اللَّهِ — عَلَى تَمَامِهِ بِلاَ تَنَاهِي

٥٩ أَبْيَاتُهُ نَدٌّ بَدَا لِذِ النُّهَى — تَارِيخُهَا بُشْرَى لِمَنْ يُتْقِنُهَا

٦٠ ثُمَّ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ أَبَدَا — عَلَى خِتَامِ الأَنْبِيَاءِ أَحْمَدَا

٦١ وَالآلِ وَالصَّحْبِ وَكُلِّ تَابِعِ — وَكُلِّ قَارِئٍ وكُلِّ سَامِعِ

# ژیانی عاصم و حفص

عاصمی کوڕی بەهدەلەی کوڕی النَجُودی کوفییە، دەڵێن: باوکی ناوی عبداللە یەو کونیەکەی باوکی، ابو النجودەو دایکی عاصم ناوی بەهدەلە بووە بۆیە پێی ئەوترێ عاصمی کوڕی بەهدەلە.

کونیەی عاصم ابو بکر بووە، عاصم قورئانی لە لای علی أبی عبد الرحمن عبد الله بن حبیب بن ربیعه السلمی الضریر، وعلی أبی مریم زر بن حبیش بن خباشه الأسدی، وعلی عمرو سعد بن إلیاس الشیبانی، خوێندووە..

ئەم سیانەش (علی ابی عبدالرحمن، و زر، و علی ابی مریم) قورئانیان خوێندۆتەوە بەسەر عبداللە ی کوڕی مسعود دا، علی عبدالرحمن و علی ابی مریم قورئانیان لای عوسمانی کوڕی عەفان و علی کوڕی ابو طالبیش خوێندووە.

ڕیوایەتی حفص ی کوڕی سلیمان و ابوبکر شعبە ی کوڕی عەییاش لە بە ناوبانگترین ریوایەتی تیلاوەتی قورئانن کە لە عاصمەوە وەرگیرا بێت.

عاصم لە کۆتای ساڵی ١٢٠ کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

حفص: حَفصي کوڕی سولەیمانی کوڕی الموغیرەی کوڕی ابو داودی الاسدی الکوفی الغاصری البزازە. کونیەکەشی ابو عومەرە، لە ساڵی ٩٠ ك لە دایك بووە و ١٨٠ ك کۆچی دوایی کردووە. لە عاصمەوە تیلاوەتی قورئان و خوێندنەوەکەی فێر بووە، عاصم هەم زڕ باوکی بووە هەم بەخێو کەری بووە. زانایان شایەتیان بۆ حەفس داوە کە لە خوێندنەوەی پیتەکان و ئەحکامەکان دا زۆر زمان پاراوو ڕەوانبێژو ناطق بووە.

هەمیشە ئەو شایەتیە دراوە کە ڕیوایەتی حفص لە عاصمەوە ڕاسترین ڕوایەتە..

# سەرچاوەکان

١- صحيح البخاري.
٢- الملخص المفيد في علم التجويد للشيخ محمد أحمد معبد.
٣- ملخص عمدة البيان في تجويد القرءان للشيخ محمد سعيد فقير الهروي الأفغاني.
٤- متن الجزرية للامام محمد الجزري.
٥- تحفة الاطفال للشيخ سليمان الجمزوري.
٦- متن السلسبيل الشافي في علم التجويد للشيخ عثمان بن سليمان مراد.

# ناوەڕۆك


| سەرباس | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | 8 |
| زانستی تەجوید | 9 |
| ئادابی خوێندنەوەی قورئان | 11 |
| هەڵەكانی خویندنەوە | 13 |
| پایەكانی زانستی تەجوید | 15 |
| كورتەیەك لەسەر دە قورئانخوێنەكە | 17 |
| ئیستیعازە | 20 |
| چۆنییەتی وتنی الإستعاذة و البسملة | 21 |
| بەسمەلە | 23 |
| دەرچەی پیتەكان | 26 |
| نازناوو سیفاتی پیتەكان | 30 |
| سیفاتی پیتەكان | 32 |
| ڕێساكانی نونی زەنەدار | 38 |
| ڕێساكانی میمی زەنەدار | 48 |
| میم و نوونی جووت پیت | 51 |
| قەڵەویی و لاوازیی پیتەكان | 57 |

| | |
|---|---|
| پیتی لامی ووشەی (الله) | 59 |
| ئەلفی مەدد | 60 |
| ڕێساکانی پیتی راء | 61 |
| لامی زەنەدار | 64 |
| درێژکردنەوەکان | 68 |
| ڕاوەستان | 80 |
| دەستپێك و بەشەکانی | 85 |
| تاءی مێیینە | 89 |
| پساوو گەیێنراو | 96 |
| لابردن و هێشتنەوە | 104 |
| ڕەوم و ئیشمام | 108 |
| هەندێ لە ڕێساکانی حەفص | 112 |
| بەیتەکانی مەتنی ئەلجەزەرییە | 115 |
| بەیتەکانی مەتنی تحفة الاطفال | 122 |
| ژیانی عاصم و حفص | 126 |
| سەرچاوەکان | 127 |
| ناوەڕۆك | 128 |

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی
(زادی ڕێمان)

ئەکادیمیا
amadaiyamad.com

ماڵپەڕ
zadyreman.com

پەڕەی فەیسبووک
fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر
twitter.com/zadyreman

هەژماری ئیستاگرام
instagram.com/zadyreman

ئیمەیل
zadyreman@gmail.com